# چرکە

## گۆرڤاێکی هەستیاری کلتوری و سیاسییە

ژمارە 17 / کانوونی دووە م / 2009


**خاوەن ئیمتیاز:**

- کاڵێ فەقێ وسو ئەحمەد

**سەرنوسەر:**

- محەمەد فەریق

**جێگری سەرنەرنووسەر**

- گۆران رسوڵ زەوقە

**بەرێوەبەری نووسین:**

- هیدایەت سالح

**دیزاینی بەرگ:**

- ئاگری باڵەکی

**دیزاین:**

- محەمەد بابان



ناونیشان: نوسینگەی هەولێر

برایەتی 40 مەتری (0662568812_07504412444)

نوسینگەی سلێمانی (07701386146)

E-mail : cherka_mag@yahoo.com



چاپخانەی کوردستان (07701532640)


بڵاوکردنەوە:خانەی کاوان (07504612568)




ئەوەی کێشەی کوردی لەهەندەران دەدۆڕێنیت ، پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و ژنان ، یاسایەدواکەوتوەکان ، ئازادی سیاسی و ڕۆژنامەگەری و گەندەڵی بەرپرسانی کوردە



داوا لە ماموستا کریکار ئەکەم بیت لە ناو ریزەکانی کومەلی ئیسلامی بەیەکەوە خزمەت بکەین.



پەرلەمانی کوردستان زۆرتر عەقڵیەتی پیاوسالاری و خێڵەکی زاڵەبەسەریدا، ژن ئەتوانێت چ دەورێکی هەبێت جگەلەژمارەیەک کەبەدنیای دەرەوە ڕابگەیەنن کەئێمەلەپەرلەمانەکەماندا ئەمەندەژن هەیە

# پاراستنی بەرژەوەندی گشتی ئەرکی هەموانە،



**کاڵێ فەقێ وسو**

بەرژەوەندی گشتی ڕابردویەکی دورودرێژی هەیە ولەدێرزەمانەوە لە هزری مرۆڤایەتی چەسپاوە ولە زۆربەی کۆمەلگاکان وناوەندەکانی مرۆڤ بینراوە ودەبینر ێ .ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئەم دوو وشەیە،واتە وشەی بەرژەوەندی و وشەی گشتی بەیەکەوە شی بکەینەوە ئەوا دەریایەك لە واتا ومەبەست لەخۆیاندا جێ دەکەنەوە،هەر لە دەسپێکی ژیانی منداڵێکی ساواوە بگرە تا دەگاتە کۆتایی ژیانی .واتە سەرجەم بوارەکان وفەترە زەمەنییەکانی ژیانی رۆژانەی وچۆنیەتی گوزەرانی دەکەوێتە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی،بەجۆرێك کە بوونی بەرژەوەندی گشتی ئەم مرۆڤە لە بوارە جیاجیاکاندا وەکو تاکێك لە کۆمەلگا دەپارێزێت ولە بەرامبەریش دا پێویستە ئەم کەسە هەوڵدەرێك وپارێزەرێکك بێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی ,

بۆیە بە ڕای من ئەم دوو وشەیە بە یەکەوە زۆر جوانن و بە واتا ڕاستەقینەکەی دەچێتە چوارچێوەی باوە ڕە پیرۆزەکانی هزرو ناخی مرۆڤ.چونکە زۆربەی زۆری بەها وئەرزشەکانی وڵاتێك و نەتەوەیەکی سەربەرز لەژێر سێبەری ئەم دا جێگەی دەبێتەوە ودەپارێزرێن.

ئێستاکە رۆژبەرۆژ وڵاتەکەمان لە بوارە جیاجیاکان دا بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێ ،سەرە ڕای هەبوونی زۆر پلانی دوژمنانی کورد بۆ لەناوبردنی گشت بەرژەوەندییەکانی کورد وهەوڵی لەناوبردنی دەسکەوتە مادی ومعنوییەکانی مێژویی گەلەکەمان،جولە وتێکۆشانی کوردستان ناوەستێ هەرچەنە لەوانەیە لە هەندێك بواردا بە ئارامی وسستی گەشە وجولە بکات بەڵام گرنگ ئەوەیە نەوەستاوە و ناوەستێ.

پاراستنی بەرژەوەندی گشتی یەکێکە لە سەرەکی ترین و بەبایەخ ترین ئەرکی تاکی کورد وهەریەك بەپێی توانا ولێهاتویی خۆی دەبێ هەوڵی گەشەکردنی بدات.زانایانی بواری کۆمەڵناسی دەڵێن کاتێك کۆمەڵگایەك بەختەوەر دەبێت کە تاکەکان بەرژەوەندیە گشتییەکانی وڵات بپارێزن ولە کاتی پێویست دا وبۆ ئەم مەبەستە پێویستە چاوپۆشی لە هەندێك بەرژەوەندی شەخسی وتایبەتی بکرێت.

هەدەف وئامانجی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی بەدیهێنانی بەختەوەری وسەروەرییە بۆ ۆڵات وهێنانە دی ئارامی وئازادی وکەرامەتی تاکەکانە.

بۆیە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانمان کە چەندین ساڵە رەنجیان بۆ دەدەین وخوێنیان بۆ دەرێژین، بۆپاراستنی سیادە وسەروەری دەسەڵاتی کوردی، بۆ پاراستنی دادپەروەری ویەکسانی، بۆ بەرپەچ دانەوە و ڕەت کردنەوەی هەوڵەکانی دوژمن لە ناوەوە ودەرەوەی کوردستان، بۆ لە ناو بردنی توند وتیژی وگەندەڵی ودواکەوتویی کۆمەڵگاکەمان، بۆ...هتد پێویستە وئەرکێکی نەتەوەیی ونیشتیمانییە کە هەمومان بۆ پیرۆز ڕاگرتنی بەرژەوەندی گشتی و گەشە کردنی بە واتا ڕاستەقینەکەی بە شێوەیەکی عەمەلی هەوڵ بدەین کە بەرژەوەندی گشتی لە کوردستان لای تاك تاکی کورد بوونی هەبێت.چونکە جەوهەر و ڕوح وژێرخانی پێشکەوتن وسەروەری و ئاسودەیی لە وڵات دا لە بوون وپاراستنی بەرژەوەندی گشتی سەرچاوە دەگرێ.دەزانین کە لە بەرچاوگرتن وپاراستنی بەرژەوەندی گشتی لە زووەوە لە کەلتور ومێژوی کوردستان بوونی هەبووە و لاپە ڕەکانی تاریخ لە خەباتی کوردایەتی ئەمە دەسەلمێنن.

هەرچەندە کە ئەمرۆ زیاتر لە هەمو کاتێك پێویستە زۆر بە گەرم وگو ڕتر بەرژەوەندی گشتی بپارێزرێ وبیری لێ بکرێتەوە بەڵام بە داخەوە تۆزێك کاڵ بۆتەوە و لە ناو توێژە جیاجیاکانی کوردستان هەست بە کەمتەرخەمی وبێڕەنگیەك دەکرێت لەم ڕوانگە یەوە،کە ئەمەش هەڕەشەیە لە ژیانی هەمو تاکێکی کۆمەلگاکەمان و دەیخاتە مەترسییەوە.

ئاواتە خوازین بە ڕوحێکی کوردایەتی و پڕلە ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی هەوڵ بدرێت بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی پاراستنی بەرژەوزەندی گشتی لە کوردستان.

# ئەو خەونە سەوز و سورە بە ئەمریکاوە ئەمان بینی نەهاتەدی..!؟



**عومەرشەریف**

ئێمەش هۆكار و ئامانجی خۆمان هەبوو هەرچی هێلكەمان هەبووخستمانە سەبەتەی ئەمریكاوە،لە هەر چواردەورمانەوە چاوی ناحەزان بڕابووە ئەم ناوچەیەمان كە بەشێكی ئازاد كراوی كوردستانی گەورەمانە،چیرۆكی بوونی ئەم هەرێمە وەكو چیرۆكی ئەو كیژە وایە كەبەتەمای هاتنی شاسواری خەونەكانی بێت ...كەچی ئەوەی كەهات ئەو دەر نەچوو؟!بارودۆخەكان بەشێوەیەك لەم هەرێمەدا تێپە ڕی هەست دەكەیت لەمانەوەی تا ئێستا موعجیزەیەكی سەیر هەیە،ماوەیەك تۆپمان پێوە ئەنێن وماوەیەك وەكو هاوپەیمان ودۆست مامەڵەمان لەگەڵ ئەكرێت..!

تاوێك وەكو هاوبەشی تیرۆرست و دوژمن ئەماننناسێنن..كەچی جار جارەش دێن وەكو كیانێكی زیندوو كاریگەر مامەڵەمان لەگەڵ ئەكەن..لەناوخۆش چیرۆكەكەمان لەوە دژوار ترە بەدرێژای مێژوی هەرێمەكە لاسەنگی هەمیشە بەكارو چالاكی حزبەكان وحكومەتەوە دیارە لەلایەك چالاكتر وگورج وگۆڵ ترە كەچی لەلاكەی ترە خەریكی خۆ خۆری پشت گوێ خستنی شەقام وهاوڵاتیانە،ئاكامیش هەر رەتاندنەوەی جەماوەر وزۆركردنی رێژەی دەنگەكانی نارِەزایە؟!

بۆ بۆشی باوك ئەوەی كردمان بۆ كەسمان نەكرد لەو گرانیە، برنج چەند كەم بوو.. چەند خۆشەویست بوو كەچی پڕ بەگەرومان هاوارمان ئەكرد[ جۆرج بۆش برنج خۆش]،لەوە گرنگ تر لەزۆر لەشوێنە گشتیەكان ئەمان نوسی [حاجی بۆش]،بەوهیوایەی لەبرسێتی وژێر دەستەیی رزگارمان بكات،لەهەرماڵێكدا وێنەی بۆشی كو ڕ وباوك وبلێرمان هەڵئەواسی،منا ڵان ئاڵای كوردستان وئەمریكایان بە پاسكیلەكانیانەوە ئەكرد وئەیان شەكاندەوە،دەیان منداڵی كورد بەناوی بۆشەوە نران،كەسوپای هاوپەیمانان [ئەمریكا] هاتنە عێراقەوە تەنها لەكوردستان بەگوڵ پێشوازی لیَ كردن لە شوێنەكانی تر ئامانجی كوشتن وتەقینەوە سەربڕین ولولەی تەفەنگەكانی نەتەوەكانی تر بوون،لەسەتاوە تا كۆتایش پێشمەرگە شان بەشانی مارێنز وسوپای ئەمریكا وهاوپیمانان جەنگا ولەهەندێ شوێنیش قوربانی لەبەرچاوی دا،لەو شە ڕدا كورد وێنەی فریاد رەسی مێژوی لەهێزەكانی ئەمریكادا وێنا ئەكرد وئیتر بەو خەونەوە ئەخەوت سبەی سبەی نزیك، ئیتر ئەمریكا ئەو زوڵم زۆرەی سەر شانی كورد هەبوو ئەگەر لای نەبات ئەوە زۆر سوكی ئەكات،بەو نیازەی رۆژی ئەكردەوە چی دیكە ئەو رۆژە لە بیر ئەكەین كە دۆستەكانمان ئەو دۆستانەی كە خوێنەكانمان لەیەك سەنگەردا رژا بەتەنیا بەجێمان ناهێڵن تا ئەو كاتەی دەگەینە بە شێك لە ئاواتەكانی خۆمان،ووتمان ئیتر هیچ نەبێت كارەساتەكانی پێشومان لە

بیر ئەچێت وچی دیکە بەو پێوەرە مامەڵەمان لەگەڵ ناکەن [ نەدۆستی تا سەر ونەدوژمنی تاسەر هەیە بەڵکو بەرژەوەندی تا سەر هەیە] ئەوەی کورد بۆ ئەمریکا کردی بەتایبەت لەم سەدەی تازەدا بۆ هەر کام لەدەوڵەت ودەسە ڵاتی بکردایە بێگومان حاڵی زۆر لە ئێستا باشتر بوو،ئەکرێ پێش خەڵکی تر خۆمان پرسیار لە خۆمان بکەین، ئەگەر ئەمریکا ئەو دیکتاتۆرەی لە ناو نە بردایە هەتا کۆتایی مێژو بەدەستیەوە ئەتانناڵاند؟؟!! سەرکردەوبەرپرسانی ئێمەو گەلی کورد دەیان جار بەبۆنە وبەبێ بۆنە سوپاسی ئەمریکاو هاوپەیمانیان کردووە،نەك هەر سوپاس بەڵکو یەك دڵۆپە خوێن لە پەنجەی سەربازێکی هاوپەیمانەوە نەهات لە کوردستان،لە زۆر جێگاش پێشمەرگە دەبووە قەڵغان بۆ ئەوان،لەوەش بە هێزتر تیرۆرستان وەك وەڵام دانەوەیەك بۆ هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ ئەمریکا گەلی کورد و سەرکردایەتیە سیاسیەکەیان دەکردە نیشانی ئامانجەکانیان،کارەساتی یەکی شوبات زیندوو ترین بەڵگەی ئەو راستیەن.

ئەکرێ گەلی کوردیش چەند وردە پرسیارێك ئاراستەی پرسیار کەرەکان بکاتەوە:ئایا ئەمریکا لەبەر چاوی رەشی کورد سەدامی لە ناو برد؟لەکام بۆنەو روداوی سیاسیدا ئاماژەیان بەوە کردووە جگە لە دەر بڕینی سۆزی مرۆڤ دۆستانە کەی وەکو دۆزێکی سیاسی نەتەوەیەك بە ئاشکرا پەنجەی لە سەر برینەکانی گەلی کورد داناوە!ئەوەی بەئازادی عێراق ناودەبرێت گرنگێکەیبۆ عەربی (سوننەو شیعە)لەناوەراست خواروی عێراق زیاترە تا کوردستان،چونکە ئەوەی تا ئێستا لە ژێر ئیدارەی حکومەتی هەرێمە هەر ئەوەیە کە لەسەردەمی سەدام لەژێر رکێفیدا بوو،بەپێچەوانەشەوەئەوەی ئێستا پێی ئەڵێن ناوچە کێشە لەسەرەکان زەوی حەقی کوردە تا ئێستا نەگە ڕاوەتەوە سەر هەرێم ودەیان بڕیار ولیژنەیان بۆ داناوە ،کەناگەتە ئاکام؟ هەر ئەمریکا لەنەگڕانەوەی بەرپرسە ولەسەرەتای پرۆسەی ئازادی ڕێگەی نەدا کوردبچێتەوە سەر بیکاتە ئەمری واقیع وهەرێکەوتنێك




وهاوپەیمانێتیەك لەگەڵ حزب وهێزەکانی تری عێراق لەسەر ئەوە بکات.

لەگەڵ هاتنی ئۆباما ئیتر بیرمان بەلای ئەوەدا لێژ ئەبویەوە پشتگیری بیرۆکە وپێشنیازەکەی جۆزێف بایدنی جێگیری جێ بەجێ ئەکات و بەوشوازە هێمن و سیاسیانەکەی عێراق لەسەر سێ هەرێمەکە دابەش ئەکات وسنورێکی راستەقێنە بۆ تەواوبوونی کێشە گەورەکەی عێراقی بەزۆر بەیەکەوە لکێنراو دائەنرێت؟!بەداخەوە ئەو هێلکەیەش جوجکە دەرنەچوو.....!

هاو ڵاتیانی کوردیش بە سادەی ئەو راستیە لە جم وجۆڵی سەرکردەکانی خۆیان لە کوردستان وبەغداش هەست پێ ئەکەن کە ئیتر چاوەروانی ئەمریکا هەقی ئەوە سنورێکی بۆ دابنرێت،جم و جۆڵەکان بە ئاراستەکانی تردا ببرێن،بەتایبەت و ڵاتانی عەرەب وئێران وتورکیا وئێران ودواین جار ئەورپا،ئەم هەو ڵانە بۆ ئەوەیە ئەگەر ئۆباما هێزەکانی کشاندەوە وهەر تازەگەریەك هاتە ئاراوە ،کوردبۆ خۆی ئامادەگی هەبێت ودۆستایەتی وهاوپەیمانێتەکانی لەدەرەوەی بازنەی ئەمریکا بێت یا هەموی لەوبازنەیەدا نەبێت،یاریەکە بە شێوەك لێ بکەین پشت بەتەنیا یاریەکەرێك نەبەستین،یا بە شێوەکی رونتر بیڵێن هەموو هێلکەکان نەخەینە یەك سەبەتەوە جا ئیتر با ئەو سەبەتە تازانەش با هی تورکیا وئێرانیش بێت! گرنگ دۆزی نەتەوەیەکە وسەرختنی یەکجارەکی ئەزمونێکە کەتاقە هیوای نەتەوەی کوردە،لەوەش گرنگ تر مانەوە و پەرەسەندنی دۆزەکەمانە بە زیندوی تا ئەو کاتەی وەکو و ڵاتێکی زیندوو کاریگەر مامەلەمان لەسەر بنەمای ئاشتی و پێکەوە ژیان و بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ دەکرێت،ئەم هەنگاوەی پارت وحزبە گەورەکانی کوردستان کارێکی زیرەکانە چاوە ڕوانکراوە هەرچەندە درەنگیش هات.

# شوێنکەوتوانی چاوەڕوانی زیندوبونەوەی ئیمام مەهدی دەکەن

**ئا:گۆڤاری چرکە**



هیچ کەسێك نیە لەمسوڵمانان بەسەرهاتی هاتنی ئیمامی مەهدیان بەرگوێنەکەوتبێت ، هاتنی ئیمام مەهدی بۆ مسوڵمانان مژدەیەکی خۆشە ،چونکە مسوڵمانان بەهاتنی ئەو لەژێردەستەیی ڕزگاریان دەبێت و حوکمی خوا بۆ جیهان دەگەڕێتەوە، لەساڵی هەشتاکانەوە یەکێك لەشارەزایانی بواری ئاین دەردەکەوێت، لەگوندێکی سەربەناحیەی سەنگەسەر بەخەڵك ڕادەگەێنێت کە ئیلهامی بۆ هاتوەو خوا کردویەتی بەئیمام مەهدی و دەڵێت «من ئەو ئیمام مەهدی یەم کە خودا و پێغەمبەر فەرمویانە لەئاخیر زەماندا دێت «

ئەو ناوی تەواوی سەید مستەفا کو ڕی سەیدعلی کو ڕی شێخ مستەفای مەمەنداوەیە دەچنەوە سەر سەیدی بەرزنجە و دوایش بۆ سەرپشتی ئیمام عەلی ، لەساڵی 1955 لەسەنگەسەر لەدایك بوە ، بەپێی زانیاریەکانی کلمات الله لەساڵی 1986یەکم ئیلهامی پێگەیشتوە ، لەساڵی 1988 بۆ یەکەم جار ئیلهامەکەی بۆ خەڵك لەگوندی دووگۆمانی سەر بەقەزای سەنگەسەر ڕاگەیاندوە .

لەدیمانەیەکدا یەکێك لەشوێنکەوتوانی ئیمام مەهدی بەناوی (ڕاستی) قسەلەسەر ناوە ڕۆکی کلمات اللە دەکات کە لای هەوادارانی ئەو بەکتێبێکی موقەدەس سەیر دەکرێت، سەبارەت بەناوەڕۆکی کتێبی کلمات الله دەڵێت « ئەو کتێبە لەدواین موعجیزە گەورەکانە بەئیلهام بەئیمام مەهدی گەیشتوە وەکو تەفسیرو لێکدانەوە بۆ قو رئانی پیرۆز وتێکرای کتێبە پیرۆزەکان، بۆ چارەسەرکردنی تێکڕای کێشە ئاڵۆزەکانی نێوان ڕێڕەوەکان و خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان وەك ڕاسترین مەنهەجی ژیان لەپێناوی یەکێتی تێکڕای بڕواداران و چەسپاندنی ئاشتی لەنێوان ڕۆڵەکانی ئادەمدا .

دوای دەرکەوتنی و ڕاگەیاندنی بونە ئیمام لەلای سەید مستەفا زۆرێك بۆچونیان وابوو کە ئەو دوای پێغەمبەرایەتی دەکات بە ڵام (ڕاستی ) لەبارەی کارکردنی هەوادارانی ئیمام و سود وەرگرتنیان لەسەرچاوەکان دەڵێت «پەی ڕەوانی ڕاستەقینەی ئیمام مەهدی کار لەسەر قورئان و سونەتی پێغەمبەر(د.خ) و کلمات الله دەکەن « یەکێك لەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی شوێنکەوتانی ئەو ئیمامە دەکرێت ئەوەیە کە بۆچی لەگەڵ ئەوەی بەکوردنی یە ئیمام خۆی کورد بووە وبەکوردی قسەی کردوە ولەناو میلەتی کوردا ژیاوە بەڵام کتێبی کلمات الله بەزمانی عەرەبی یە ، ڕاستی بەم شێوەیە وە ڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوەو دەڵێت «چونکە قو ئان بەعەرەبی هاتوە کتێبی کلمات اللەش تەفسیرو لێکدانەوەی قورئانەو شەریعەت و یاسایەکی نوێ نی یە ،بۆیە وەکو مەنهەج بەعەرەبی هاتوە ،هەروەها زمانی عەرەبی بەهۆی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە بۆتە زمانێکی گشتی و جیهانی زۆرینەی خەڵکی تێی دەگەن ،ئیمام مەهدی ئیلهامی بەچەند زەمانێکی دیکەش بۆ

هاتوە لەوانە (زمانی کوردی،تورکی ،فارسی ،ئینگلیزی )
ڕاستی لەبارەی زیاد بوونی شوێن کەوتوانیان و هاتنی خەڵك بەپیر بانگەوازەکەیان هیما بۆ ئەوە دەکات کە «تاکو ئیستا سەرژمێرێکی تەواومان نەکردوە ،ئیمام مهدی دەفەرموێ « بانگەوازی ئێمە وەکو قیتاریك وایە هەندێ لێی دادەبەزن و هەندێك لێی سوار دەبن ،بەڵام سوپاس بۆخوای گەورە لەگەشەکردندایە ، بۆ ئەوانەی بەدوای حەقیقەتدا دەگە ڕێن و لیکۆڵینەوەدەکەن ، کتێبی کلمات اللە و نامیلکەی ئیمام مهدی لەکوردستانەوە بۆ جیهان بڵاو دەکەنەوە، بەڵام ومەزارگەکەشی هەیە لەسەنگەسەر ،بەیارمەتی حەق تەعالا زیندوش دەبێتەوە ،هیچ کاتێك نەمانوتووە نەمردووە ، کوشتن و شەهیدبوون نابێتە بەڵگە و دەلیل لەسەر ڕاستی ونا ڕاستی کەسێك ،ئەوەتا خوای گەروە لەسەر شەهیدکردنی پێغەمبەران دەفەرموێت (ویقتلون النبیین بغیرحق) واتە پێغەمبەرانیان بەناهەق دەکوشت ،خۆلەسەر هەقیش بوون ،وەپێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ (لاتقوم الساعە حتی تقتل امامیکم ....) ابن ماجە،ج2، واتە کاتی ئاخیرزەمان دانایە هەتاکو ئیمامەکەتان نەکوژن ....
دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێك بەسەر تیرۆرکردنیدا

# ناتوانین کاتی زیندوبونەوەی دیاری بکەین ، بەڵام بڕواو یەقینمان بەگە ڕانەوەو زیندوبونەوەی حەزرەتی ئیمام مەهدی هەیە

کەمن ئەوانەی بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێن هەروەکو خوای گەروەدەفەرموێ» ولکن اکپر الناس لایعلمون « ، هەروەکو لەیەکێك لەئیلهامەکانی ئیمام مەهدیشدا هاتوە و دەفەرموێ «الّ لهم انی اسرِلك ورودالرِقل» واتە خودایە من داوای هاتنە ناوەوەی کەمترینت لێدەکەم .هەڵبەت کەم و پوخت باشترە لەزۆر و بۆر ، پێشم وایە ئەو ڕەوشتە بەردەوام دەبێت تاوەکو نیشانە گەورەکانی ئاخیر زەمان ،وەك دابەزینی حەزرەتی عیسا (س) یاخود زیندوبونەوەی حەزرەتی ئیمام مەهدی (س) یان هەر نیشانەیەکی دیکە.
ئیمام لەمانگی 1992-10 لەگەڵ چوار کەس لەشوێنکەوتوانی لەشاری هەولێر بەدەستێکی نادیار تیرۆردەکرێت و لەگۆ ڕەستانی سەنگەسەر دەنێژرێت ، بە ڵام دوای مردنی دەنگۆی ئەوە بەناو خەڵکی کوردستاندا بڵا وبویەوە کە ناوبراو نەمردوە بەڵکو یەزدان بەرزی کردۆتەوە بۆ ئاسمان تاکو رۆژی ئاخر زەمان دەیگە ڕێنێتەوە بۆ سەر زەوی ،بە ڵام ڕاستی بۆچوونی وایە کە «بەبڕ وای ئێمە حەزرەتی ئیمام مەهدی شەهید بوە لەلایەن هەندی لەهەوادارانیەوە باس لەوە دەکرا کەبەم زوانە زیندوو دەبێتوە چەند جارێك کاتی زیندوبوونەوەی دەست نیشان کرا، لەم بارەیەوە ڕاستی بەم شێوەیە بیرو بۆچونیان لەسەر دەست نیشانکردنی کاتی زیندوبوونەوەی ئیمام دەردەبڕێت «ڕاستە هەندێ جار لەلایەن هەندی کەسی نەزان کاتی گە ڕانەوەی حەزرەتی ئیمام مەهدی دیاری کراوە ،بەڵام ئێمە هەموو کاتێك دژی ئەم بیروبۆچونەبوین و پێمان وابوە دیاری کردنی کات شتێکی هەڵەیە ،ناتوانین کات دیاری بکەین ،بە ڵام بڕواو یەقینمان بەگە ڕانەوەو زیندوبونەوەی حەزرەتی ئیمام مەهدی هەیە ، چونکە نمونەی لەم شێوەیە لەقورئاندا زۆرە بۆ نمونە ،مردن و زیندووبونەوەی حەزرەتی موسا (د.خ) و هاو ڕێکانی لەکێوی گور وەك دەفەرموێ ( پم بعپناکم من بعدموتکم لعلکم تشکرون )»البقرە56»
واتە لەپاشان زیندومان کردنەوە لەدوای مردنتان بریا سوپاگوزاریتان دەکرد .
یان مردن و زیندوکردنەوەی حەزرەتی عیسا (س) وەك خوا لەسورەتی العمران لە قورئاندا دەفەرموێ ( مردوو بەئیزنی خودا زیندو دەکەمەوە ) هەروەها مردن و زیندوکردنەوەی یارانی ئەشکەوت (ڕ ێحاب الکف ) .
پێم وایە لەئیستادا خەڵك زۆر بڕوای بەزیندوبوونەوە لاوازبوە ، بۆ ئەوەی بڕوای خەڵك دابمەزرێ و مەحکەم و پتەوبێتەوە موعجیزەیی ئاوا زۆر پێویستە ، پێشمان وانەبێ خوای گەورە وازی لەشەش ملیار کەسی سەرزەوی هێناوە پێشەواو ڕێنمایان بۆنانێرێ لەکاتێکدا بۆ گەلانی پێشو بۆناوچەیەك و گوندێك پێغەمبەریکی بۆناردوە ،خوای گەورە هیچ کاتێك مرۆڤ وێڵ ناکات وەفدو ڕێنماکاری خۆی دەنێرێ ،زیندوکردنەوەی مردوانیش بۆخوا کارێکی زۆر ئاسانە ، لەچەندین ئایەت و فەرمودەشدا ئاماژە بەگە ڕانەوەو زیندوکردنەوەی ئیمام مەهدی کراوە وەك لەسورەتی «النحل ئایەتی 82» دەفەرموێ « اژا وقع القول علیهم اخرجنا لهم دابە من تکلیمهم ان الناس کانوا بایاتنا لایوقونون» « واتە ئەگەر فەرمانیان بەسەردا جێ بەجێ بوو بۆ ئەوان دەرمان چواند داببەیەك (مرۆڤێك) لەزەوی کەقسەیان لەگەڵدا دەکات (دەڵێت ) خەڵك بەبەڵگەکانی ئێمە بڕوایان نەهێناوە یەقینیان نەبوو .
بەپێی لێکدانەوەی فەرمودەی ئەم ئایەتە باس لەهاتنەدەرەوەی ئیمام مەهدی دەکات لەزەوی ، واتە زیندو بوونەوەی وەك لەابن ماجەدا هاتوە (ڕومن کان میتافرِحییناە وەجعلنا لەنورا یمشی بەفی الناس کمن مپلە فی الچلمات لیس بخارجمنها )الانعام 122 .واتە ئاخۆ ئەوەی کەمردبوو زیندوومان کردەوەو نورێکمان بۆ ئەو بڕ یارەدا پێی ، بڕوا لەناو خەڵکدا وەك کەسێکە کەلەناو تاریکیەکاندایە و هیچ دەرەتانێکی نی یە ؟
لیرەدا باس لەزیندوبونەوەدەکات و دەفەرموێ ئێمە نورێك بۆ ئەو بڕیار دەدەین تالەناوخەڵکدا پێی بڕوات ،دیارە کتێبی کلمات اللە ی ئیمام مەهدی تەئویلی قورئانە ، کەبەڵگەو موعزیجزەی مەهدی یە بۆخەڵك .هەروەها لەگێرانەوەیەکدا ئەبو سەعیدی خوراسانی دەڵێ:پرسیارم لەئیمام

حســـێن (س) کرد گوتم :ئایا مەهدی و قائم هەریەکن ؟ فەرموی یەڵێ، هەتا فەرموی بۆیە ناونراوە قائم (هەستاو ) لەبەر ئەوەی هەڵدەستێتەوە (زیندودەبێتەوە) لەدوای ئەوەی کەدەمرێ بێگومان ئەو بەفەرمانێکی گەورە هەڵدەســـتێت .النجم لپاقب ج1.ێ 211.

لەبارەی کاری ســـەرەکی ئـــەو دوای گە ڕانەوە بۆچوونی چیاواز هەیە بە ڵام ڕاســـتی تیشك دەخاتە سەرئەوەی کە کاری ئیمام دوای گەڕانەوە نەهێشـــتنی کێشەوچەسپاندنی حوکمی ئیلاهی یە لەسەر زەوی و دەڵێت «دوای گەڕانەوەی کارو فەرمانی حەزرەتی ئیمام مەهدی (س) یەکپێگرتنەوەی بڕوادارانی هەموو ئاینە ئاسمانیەکانە و نەهێشتنی کێشەو ئـــا ڵ ۆزیەکان و سەرخســـتنی دینی خواو چەســـپاندنی حوکمی ئیلاهی یە بەشـــێوەیەکی دادگەری لەسەرتاسەری زەویدا ، هەروەکو لەفەرمودەدا هاتوە دەفەرموێ (مەهدی ســـەر زەوی پڕدەکات لەدادویەکسانی ،هەروەك چۆن پڕوبوە لەستەم و زۆرداری ،کاری ئێمە و هەموو بڕ ودارانی جیهان و میللەتـــی کورد بەتایبەتی ئەوەیـــە کەدەبێ لەخزمەتیدا بین !

لەبارەی بڕوای ئەوان بەکاری سیاســـی ئەو شـــوێنکەوتەیە ئامـــاژە بەوە دەکات « دین وسیاســـیەت پێکەون لەیەك جیانابنەوە ،سیاســـیەت بەمانای بـــە ڕێوەبردنی کاروباری خەڵك بەشێوەیەکی ڕێك وپێك ، ژیانی پێغەمبەری ئازیزمان (د.خ) هەمووی بەڕێوەبردن و سیاسەت بووە ،هەر لەژیانی مەککە و تادروســـتکردنی یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی ..... هتد ڕێبازی ئێمەش ڕیبازی شـــوێن کەوتەی ئەو پێغەمبەر بە ڕێزەیە ،کاری سیاســـیش بەعیبادەت دەزانین لەقۆناغی خۆیدا .

پێم سەیرە زۆربەی خەڵك شایەتومان بەخواو پێغمبەر(د.خ) دەهێنـــن و لەهەمانکاتیشـــدا بەحوکم ودەســـتوری خودا و پێغەمبـــەر رازی نیـــن لەدەوڵەتدا ،نازانـــم ئەوانە چۆن مسوڵمانێکن ؟

ئیمام دوای راگەیانـــدی خۆی وەك مەهدی لەلایەن هەندی بیرو بۆچون و مامۆســـتایانی ئاینی یـــەوە رووبەرەووی زۆرتریـــن رەخنە بوەیەوە بەهۆی ئەوەی کـــە قورئان دواین پەیامـــی خوایی یە بۆمرۆ و پیغەمبەری ئیســـلام دواین پەیامهینی یەزدانە ، بەڵام لەقسەکانی ڕاستیدا دەردەکەوێت کـــە پەیامی ئیمام لەلایەن خەڵك و مامۆســـتایانی ئاینی بەهەڵە خوێندنەوەی بۆ کراوە چونکە «کتێبی کلمات الله شەریعەتێکی نوێ نیە ،بەئیلهام بەئیمام مەهدی گەیشتوە وەك تەئویلو تەفسیری قورئان وکتێبە پیرۆزەکان بەگویرەی




ئایەتەکانـــی خواو فەرمودەکانی پێغەمبەر دەبێت ئیمامـــی مەهدی (س) تەئویلی قورئانی بۆ بێت بۆ لابردنی کێشـــەو مشکیلەکانی نێوان ڕێڕ ەوەکانی ئاینە ئاسمانیەکان ،یەکگرتنی تێکڕای بڕوادارانی جیهان ،فەرمانڕەوایی پێکردنی شەریعەتی راستەقینەی موحەمەد لەناو خەڵکدا .خوای با ڵا دەست لەقورئاندا دەفەرموێ «هل ینچرون الا تڕویلە یوم یاتی تڕویلە « الاعراف 53.واتە ئایا چاوە ڕوان دەکەن بێجگە لەلێکدانەوە (تڕویلەکەی ) ڕۆژێك دێت لێکدانەوەکەش دێت .ئیمامی ێادق (س) دەڵێت «ئەمە لە ڕۆژی قائم (مهدی) دایە.»


هەروەهـــا جابری کوڕی عبداللەی ئەنێاری ووتی «لای پێغەمبەری خوا بووم (د.خ) لەماڵی ئوم سەلمە کاتێك ئایەتی (تگهیر) هاتە خوارێ پێغەمبەر (د.خ) بانگی حەسەن و حوسێن وفاتمەو علی کرد وفەرمووی خودایە ئەوانە بنەماڵەی منن پاکیات بکەوە و پیسیان لێ لادە .... تاجابر ووتی مەهدی کێ یە ؟ حەزرەت فەرمووی نۆهەمین ئیمامەلەپشـــتی حوسێن ، ســـەرزەوی پڕ دەکات لەدادگەری وەکو چۆن پڕ بوە لەستەم ،شەڕدەکات لەسەر تەئویلەکەی هەروەك چۆن شەڕمکرد لەسەر تەنزیلەکەی (کەقورئانە ) منتخب الاپر .ێافی گلپایگانی .ێ128

دیارە کە ڕاگەیاندنی تەئویلی قورئانیش دژایەتی زۆری دەکرێ و بێ قوربانی ناچەسپێت ، هەروەك لەفەرمودەکەدا حەزرەت باسی دەکات .

هەنـــدێ جـــار پەی ڕەوانی ئیمام بەوە تاوانبار دەکرێن کە لەلاین هەندێ حزب و لایەن و دەوڵەتی جیاوازەوە یارمەتی مادی و مەعنەویی وەردەگرن ،بە ڵام راستی ئەوە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت «ئێمە لەلایەن هیچ حزب و دەوڵەتێك یارمەتیمان نی یە «

# پارتی خۆی لەفۆبیای کۆنگرەی سیزدە ڕزگار دەکات







تاهەنوکە پارتی بەبەهێزترین و گەورەترین حزبی کوردی هەژمار دەکرێت، حزبێك کە ئیستاکە توانیویەتی هەیمەنەی خۆی بسەپێنێت بەسەر زۆربەی ئەحزابە سیاسیەکانی کوردستان، تەنانەت یەکێتیش کەوەك هێزێکی دەسەلاتدار حسابی بۆ دەکرێت، بەشێکی زۆر لەچاودێرانی سیاسی

هۆکاری بەهێزی پارتی دەگێڕ نەوە بۆ سێ هۆکار ، هۆکاری یەکەم بەهێزی سەرۆکەکەی کە زۆر بەلێزانانە کار بۆ مەسەلەی نەتەوەیی دەکات و توانیویەتی کار لەسەر هەستی تاکەکانی کورد بکات نەك تەنها لەکوردستانی باشور، بەڵکو لەهەموو پارچەکانی کوردستان، هەڵوێستەکانی بارزانی وای کردوە کە لەناوتاکەکانی کوردا بەسەرکردەیەکی نەتەوەیی بناسرێت، هۆکاری دووەم دەگە ڕێتەوەبۆ نەبونی ناکۆکی لەنێو مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی پارتیدا، هۆکاری سێ یەم دەگەڕێتەوە بۆسەرکەوتنی یەك لەدوایەکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەریم، پێشەکەش کردنی نمونەیەکی مۆدێرن لەبواری ئیدارەکردنی هەرێمی کوردستاندا .

هەموو ئەو هۆکارانە پاڵنەری بەهێزی پارتین لەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا، وای کردوە بەدرێژایی میژووی دروست بوونی دوازدە کۆنگرە ببەستێت، بڕیارە لەم ساڵیشدا کۆنگرەی سێزدەی خۆی ببەستێت.

**پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی کۆنگرەلای پارتی**

کۆنگرەی سێزدە یەکێکە لەوکۆنگرانەی کەلەماوەی ئەنجامدانی ئاسایی لایداوە، هەندێ لەچاودیرە سیاسیەکان دواکەوتنی کۆنگرەی سیزدەی پارتی دەگە ڕێنەوە بۆ ترسی پارتی لەژمارە سیزدە، بەشێوەیەك دەگوترا سیزدە ژمارە شومە بۆپارتی ، بەلا م ئەگەر ئەم بۆچونەش ڕاست بێت ئیستاکە پارتی دەیەوێت خۆی لەفۆبیای ژمارەی سێزدە ڕزگار بکات، بەلا م بۆچوونی ئەندامانی مەکتەب سیاسی پارتی لەسەر دواکەوتنی کۆنگرەبۆچوونێکی جیاوازە، هەموو ئەندامانی مەکتەب سیاسی لەلیدوانیاندا لەسەر دواکەوتنی کۆنگرە جەختیان لەسەر یەکلای نەبونەوەی هەندێ کێشەی نەتەوەیی دەکردوە، لەچاوەڕوانی یەکلا بوونەوەی ئەو کیشانەدا کۆنگەرە دواخرا.

بەگشتی پاڵنەرەکانی بریاردانی کۆنگرە لەم کاتەدا دەگە ڕێتەوە بۆ چەند شتێك لەوانە: ئەنجامدانی کۆنگرە داوای زۆریك لەبەرپرسان و ئەندامانی پارتی یە،ئەم داوایەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کەبەسەدان و هەزارەها کەس لەتوێژی گەنجان دوای بونەکادیریان پێشکەش کردوە بەلا م بەهۆی دواکەوتنی کۆنگرە وە لامەکانیان دواکەوتوە، بۆئەوەی چیتر داوای ئەوان دوانەکەیت، نەکا لەبیزاری چاوەڕوانیدا لەبونەئەندام سارد ببنەوە، هینانی کەسانی شارەزاوبەتوانا بۆپۆستەبا لا کانی حزب پاڵنەرێکی ترە، کەپارتی گەرەکیەتی لە ڕێگەی کۆنگرەوە چەندین کەسی خوێن گەرم لەتوێژی گەنجان و ئافرەتان بینە ناوپۆستەبا لاکانی حزب و لە ڕێگەی ئەو کەسانەوە بتوانێت پەیوەندیەکی بەهێزتر لەگەڵ هەریەك توێژی لەئافرەتان ولاوان دروست بکات .ئەمە جگەلەوەی کەحکومەتی هەریم بەرەوپێشچونێکی لە ڕادەبەدەری بەخۆوەبینیوە، چاوە ڕوانی بونە

دەوڵەتی لێدەکرێت، بۆیە دەبێت پەیرەو پرۆگرامی پارتی وەك حزبیكی دەسەلاتدا لەگەل واقیعی ئیستای کوردستاندا بگونجێت.

**ئەنجامی کوتلەکانی پارتی لەکۆنگرەدا**

زۆرجار قسەلەسەر هەبوونی منافەسە دەکرێت لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی نەمردا ،بەڵام ئەوەی لەواقیعدا دەبینیریت تەواو پێچەوانەکەیەتی، بەلکو ئەوەی دەکرێت بەکوتلەکاری ناو بنرێت ئەو منافەسەیە کەلەخوارەوەدا بەرجەستەیە، وەك منافەسەی نێوان کاریگێری لقەکان و بەرپرسانی لقدا بەرجەستەیە، یاخود ئەو رێکەوتنانەیە کەبۆسەرکەوتنی کەسێك لەکۆنگرەدا دروست دەبن، ئەمەش بەدرێژایی مێژوی پارتی بوویان هەبوە، نەیتوانیوە کاریگەریکی سلبی لەسەر روحی پارتی بەجێبهێڵێت.

**ئایا پارتی لەکۆنگرە دەترسێت؟**

ئەگەر کۆنگرە بۆ هەندی حزب بەدیهێنانی رای جیاواز، دروستکردنی ناکۆکی بێت لەنێوان بەرپرسانی حزبدا، بۆ پارتی تەواو پێچەوانەکەیەتی چونکە پارتی لەرێگەی کۆنگرەوە بەردەوام توانیویەتی یەکرێزی خۆی بپارێزێت، ئەودەرئەنجامەی حزبەکانی تر لەریگەی کۆنگرەوە توشی دێن ، بۆ پارتی ترس لەدواختسی کۆنگرەئەو دەرئەنجامانە بەدیدێنێت، ئەمەجگە لەوەی پارتی توانیویەتی سودێکی زۆر لەئەو ناکۆکیانە ببینێت لە رێگەی کۆنگرەکانی حزبەکانی ترەوە دروست بوون.

بارزانی بەسەرك دەمێنێتەوە

ئەوەی بارزانی لەسەرۆکی حزبەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیەکە سەرۆك حزبەکانی تر بۆ مانەوەی خۆیان لەهەوڵی لەناوبردن و کپکردنەوەی هەردەنگێك دان کەبێتە مەترسی لەدەستدانی کورسی سەرۆکایەتی ، هەرئەمەش وای کردوە لەهیچ کۆنگرەیەکدا منافیسیان نەبێت و هیچ کەس جگە لەئەوان بۆ پۆستی سەرۆك خۆی کاندید نەکات ،بەلا م بارزانی لەچەندین کۆنگرەدا رایگەیاندوە هەرکەسێك دەیەوێت خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی حزب کاندید بکات ئازادەو لاری نی یە، بەلا م هیچ یەکێك لەئەندامانی مەکتەب سیاسی لەبەر بەتوانای بارزانی بریاری لەوشێوەیان نەداوە ،بۆیە بۆ کۆنگرەی ئەمجارەش چاوەڕوان دەکرێت هیچ کەسێك خواستی بونە سەرۆکی نەبێت و بارزانی جاریکی تر وەك سەرۆکی حزب دەست نیشان بکرێتەوە، ئەگەرچی زۆریك لەنوسەر و رۆشنبیران پیان وایە بۆ هێشتنەوەی کاریزمایی بارزانی پێویستە هیچ پۆستێکی حزبی نەبێت، ببێتە نوێنەرێکی رووحی کوردی، بەهۆی ئەوەی کەلەهەمموو مەسەلە نەتەوایەتیەکاندا هەڵویستێکی نەتەوەیی هەبوە .

**کۆنگرەی سێزدە چ شتێك دەگۆرێت**

ئەوەی تائیستالای تاکەکان پرسیاریکی بێوەلا مە ئەوەیە ئایا کۆنگرەی سیزدەی پارتی، پارتی وەك حزب دەگۆرێت ،یان ئەو گۆرانە ئاراستەی هەریمی کوردستان دەکرێت، ئەگەرچی هەر گۆرانێکی پارتی وەك حزبیکی دەسەتلات دار کاریگەری دەبێت لەسەر ئایندەو گۆرانی هەرێمی کوردستان ، ئەوەی پارتی دەبێت بگۆرێت ئەوەیە، کە دەبێت بەشێوەی حزبێکی مۆدیرن مامەڵە لەگەڵ واقیعی سیاسی و رەهەندەکانی تری کۆمەڵگەی کوردە ، کار بۆ ئەوە بکات لەداهاتودا ریگری بکات لەتەداخول کردنی دەسە لاتی حزب بۆ ناو دام و دەزگاکانی حکومەت، گێرانەوەی سەروەری بۆ دەسەلاتەکانی دادگا و پەرلەمان، خۆی لەهەرلەهەمموو جۆرەکانی گەندەڵی رزگار بکات، بەرەو حزبێکی نوێگەرانە هەنگاو بنێت، حزبێك کاری سەرەکی بەموئەسەسەکردنی کۆمەڵگە بێت.

سەرەرای هەمموو ئەوانەزۆر پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت کۆمەڵێك لەلاوانی بەتوانا بگەنە پۆستەبا لاکانی وەك مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و مەکتەبی ناوەندی ،هەوڵی هێنانەناوەوەی ئافرەتان بدرێت، بەشێوەیك سیستەمی کۆتا بۆ دیاری کردن و هێنانی ئافرەتان بۆ پۆستە بەرزەکانی پارتی پەیرەو بکرێت ،بەشێوەیەك وەك چۆن پێویستە لەناوپەرلەمان حکومەت رێژەی ئافرەتان لەسەدا بیست و پێنج کەمتر نەبێت ، پارتیش لەم کۆنگرەیەدا سود لەو سیستەمە ببینێ و ئەو حاڵەتە چەقبەستویەی دوورەپەریزی ونەهاتنی ئافرەتان بۆ ناو پۆست با لا کانی حزب بشکێنێت.

# ڕێککەوتنی جەوهەر نامیق و نەشیروان مستەفا ئەگەری هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنە ستراتیژیەکەی نێوان پارتی و یەکێتی

ڕاپۆرتی شیکاری :گروپی لێکۆڵینەوە

لەناوە ڕاستی مانگی دوودا کێشەکانی ناویەکێتی بەئاقارێکی زۆر ترسناکدا هەنگاویان نا، هەنگاوێك کە چاوەڕێ دەکرا بەتەواوەتی یەکێتی پەك بخات، یەکێتی‌لەحزبێکی دەسەڵاتدارەوە بکاتە حزبێکی سیاسی مردوو لەناو گۆ ڕەپانی سیاسی دا، بەڵام دوای ئالۆزبوونێکی لەڕادەبەدەری کێشەکان ئیستاکە چەند هەوڵێکی سەرەتایی هەیە بۆئەوەی سەرجەم کێشەکان چارەسەر بکرێن ، لەیەکەم هەنگاویشدا ئالوگۆڕی چەند پۆستێکی سیاسی کرا ، کەواچاڕوان دەکرێت ئەم ئاڵوگۆڕیە پۆستەحزبیەکانیش بگرێتەوە ، بەڵام گەر هەرکەسێك بەقوڵی بۆ کێشەکانی ناوخۆی یەکێتی بڕوانێت لەو ڕاستی یە تێدەگات کە ئاڵوگۆڕی کەسەکان ناتونێت گۆ ڕانێکی ئیجابی بخوڵقێنێت بۆ یەکێتی ، بەتایبەت کە ئەو ئاڵوگۆ ڕیانە بەخواستی هەموان نابێت بۆیە لەوکاتەدا گەر ئەو گۆ ڕانانە ببنە تیماری نەخۆشی چەند کەسێك ، لەهەمانکاتدا ئەو دەرمانە دەبێتە هۆی نەخۆش کەوتنی چەند کەسێك و تورەبونیان .

بەگشتی گەر ئەو گۆ ڕانە ببێتە هێنانەوەی چەند کەسێك بۆناو خۆی یەکێتی ، بەدیوێکی تردا دەبێتە دورخستنەوەی چەندین کەسی تر لەیەکێتی ، بڕیاردانی عمرفەتاح بۆ بەشداری نەکردن لەکۆبونەوەکانی مەکتەب سیاسی دوای ئەوەی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتی لێوەرگیرایەوە بەڵگەی ئەو ڕاستی یەن .

بە لاَم ئەوەی جێگەی پرسیارەلێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو گۆ ڕانانە دەبنە پاڵنەربۆ ئاشکردنەوەی نەوشیروان کە کاریگەرترین کەسی نا ڕازی یە لەناوخۆی یەکێتی ؟ ئایا بەهەمان شێوە ئەو دەرمانە تیماری برینەکانی نەوشیروانیش دەکات ؟ یاخود دەردی ئەو پێویستی بەدەرمانی تایبەتە ، دەرمانێك کەلەقۆناغ و سەردەمی ئیستادا لەناو یەکێتی و لەلای سەرکردەکانی یەکێتی دەست ناکەوێت !

## وشەکان ڕستە تەواو دەکەن

لەسەرەتادا هاتنەدەرەوەی نەوشیروان مستەفا لەمەکتەبی سیاسی یەکێتی ئینزارێکی ئاگادارکەرەوەبوو ، دەکرێت بڵێین ووشەیەك بوو لەووشەکانی ڕستەدا، بۆیە لەدوو حاڵەتدا ڕستەکە تەواو دەبێت لە ڕووی ڕێزمانی یەوە دەبێتە ڕستەیەکی سەربەخۆ و مانادار، حاڵەتی یەکەم ئەگەر بێت و هەرچوار ئەندام مەکتەب سیاسیەکەی تری سەربەباڵی ڕیفۆ ڕم نەگەڕێنەوە بۆ ناو مەکتەب سیاسی و کارەکانیان بەهاوکێشەی نەوشیرواندا ئاراستە بکەن، ئەو کاتە چاوە ڕوان دەکرێت لەداهاتویەکی نزیدا ببنە هێزێکی کاریگەر لەگۆ ڕەپانی سیاسیدا بەتایبەت کە هەند ێ لەو مەکتەب سیاسیانە لەناوجەماوەردا قودسیەتێکی زۆریان هەیە، میسداقیەتی پاکی خۆیان لەدەست نەداوە.

حاڵەتی دووەم ئەگەر نەوشیروان بەتەواوەتی بڕ یار بدات نەگەڕێتەوە بۆ ناو یەکێتی و حزبێکی سەربەخۆ دروست بکات، بەتایبەت کەلەئیستادا واقیعی ناوخۆی هەرێم لەبارە بۆ دروست بوونی هێزی سی یەم لەنێو پرۆسەی سیاسیدا.

## پێکهێنانی لیستێک بۆ هەڵبژاردن

پێك هێنانی لیستێکی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوولەلایەن نەوشیروانەوە ، لەدوو جەمسەرەوە گورزی کوشندە لەیەکێتی دەدات ، چونکە بەم هەنگاوەی نەوشیروان دەتوانێت هەموو کاراکتەرەنا ڕازیەکانی ناو یەکێتی و دەرەوەی یەکێتی لەدەوریی خۆی کۆبکاتەوە، دەنگێکی کاریگەر بەدەست بهێنێت ، خۆی بگەێنێتە ناو پەرلەمان و حکومەت ، ئەوەی لەزهنی نەوشیروان و هاو لاَنی دایە پراکتیزەی بکەن ، ئەمەش پێداویستیەکی هەنوەکەی ئەمڕۆی کوردستانە، بەتایبەت کاریگەرێکی ئەرێیانەی دەبێت بۆ سەر پەرلەمان ، پەرەلەمان ئەکتیڤ دەکات و وای لێدەکات بتوانێت بەئەرکە ڕاستەقینیەکانی خۆی هەڵسێت .

گورزی دووەم بۆ یەکێتی گورزێکی یەکجار کوشندەیە، چونکە نەوشیروان بەم کارەی جێپێی بەیەکێتی لەق دەکات، کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر تێکچوونی ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی، ڕێکەوتنی ستراتیژی هەڵدەوەشێتەوە، بەهۆی ئەوەی پارتی وەك گەورەترین هێزی سیاسی ناو هەرێمی کوردستان ئامادە نی یە ڕێکەوتن لەگەڵ حزبێکدا ببەستێت



و وەك ئـــەو مافی سیاســـی و ئیـــداری هەبێت کـــە بکەوێتە پلەکانی خـــوارەوە لە ڕووی ڕێژەی دەنگەکانەوە.

ئیستاکە ئەو کێشانە خەریکە بەرو قۆناغی کۆتای هەنـــگاو دەنێت ، بەتایبەت کـــە لەماوەو کاتی هەڵبژاردن نزیك دەبینەوە ، بۆیە هاتنی هەڵبژاردن دوا قۆناغی یەکلای بوونەوەی کێشەکان و کۆتای دەرکەوتنی وەڵامە شـــاراوەکانە بۆ هاو لاتیانی کوردســـتان ، بۆیە هەڵبژارنی ئەم جارە دووجۆرە هەڵبژاردنە بۆ نەوشـــیروان ، جارێکی هەڵبژاردنە وەك تاکێکی ئاســـایی ، جارێکی تر دیاری کردن و هەلبژاردنی چارەنوسی خۆیەتی ،ئەویش بەگە ڕانەوەی بۆناو ڕیزەکانی یەکێتی ،یاخود بڕ یاردان لەســـەر نەگەڕانەوە کارکردن بۆ ئایندەی خۆی ، بەشێوەیەك کەکار بۆ پراکتیزەکردنی خەیاڵو خولیا شـــاراوەکانی بکات .بەڵام هاوکێشەکانی ئیستای یەکێتی ئەوە نیشـــان دەدەن کە نەوشـــیروان ناگە ڕێتەوە بەڵکو چاوەڕوان دەکرێت کۆمەڵێك کەسی تر لەسەرکردایەتی و مەکتەب سسیاسی یەکێتی بچەنە پاڵ یەکێتی یەوە ، بەتایبەت لە ئێستا دا کە دەنگۆی ئەوە هەیە کە جۆرێك لەرێکەوتن لە نێوان جەوهەر نامیق ســـکرتێری پێشوو و دەست لە کارکێشـــاوەی پارتی دیموکراتی و نەوشیروان مستەفا دا هەیە بۆ ئەوەی لیستێکی هاوبەش بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو پێك بهێنن.

رەنگە ئەم بیر و بۆچون وتێروانینانە ،لە روانگەی کادر و ئەندامانـــی پارتییـــەوە ،زۆر دور بێـــت .بەڵام تۆ بڵێیت زەرورەتی بارودۆخەکە ســـەرجەم ســـنوررەکان ببەزێنێت ؟ تۆ بڵێیت ئەم دوو هزر و بیرە جیاوازە، زەرورەتی بارو دۆخەکە یەکیان بخات ؟ یان سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ،پێش لە هەمو ئەگەرەکان دەبڕن وبروســـکەیەکی بـــە پەلە ئاراســـتەی جەوهەر نامیـــق دەکەن و گـــوێ دەگرن لە داخوازی و هزرە سیاســـیەکان وبۆچوونەکانی،کە هەمیشـــە لە نوسین و هەڤ پەیڤینەکانیـــدا لە میدیاکانـــدا دەیدات.دەتوانن بگـــۆرن بۆ واقیع و ئەو رێگا هەڵدێرە بگۆرن بۆ دەشـــتاییەکی ڕاست و دەرگای لێك ترازانەکان لە رووی کەســـانی تردا قەپات بکەن . ئەم پرسیار و وەڵامـــە جۆراوجۆرەکانـــی تر جـــێ دەهێڵین بۆ لێکۆلـــەران وسیاســـەتمەداران و خوێنەرانی خۆشەویست ..؟؟!!

عەمیدسەرحەد قادر بۆ چرکە

# چەندموستەشارێکی کورد چونەتە لای مالیکی بۆکردنەوەی هێزی ئیسناد



**دەگمەنن ئەوانەی ناو وناوبانگی عەمید سەرحەد قادریان نەبیتسبێت ، ئەو لەگەڵ ئەوەی بە ڕێوەبری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی شاری کەرکوکە ،یەکێکە لەبەتواناترین و ئەفسەرە دەگمەنانەی کەهەرگیز ووشە ماندوبون لەفەرهەنگیاندا نی یە ، لەهیچ چالاکیەکدا نی یە کە چەند دواکراوێک یان گومان لیکراوێک لەگەڵ خۆیدا نەهێنێتەوە ، بۆیە دەکرێت وەک ڕاوچی یەکی ئازاو لێزانی تیرۆرستان ناو بنرێت ، ڕاوچیەک هەمیشە دەستەکانی، پشتە کۆڵی پڕە لەنێچری نایاسایی ، ئەو نێچیرانەی دەستیان سورە بەخوێنی دەیان و سەدان هاو ڵاتی بێتاوانی شاری کەرکوک و دەوروبەری .**

هەر ئەو بەتوانایەی ئەو وای کردوە کە بەردەوام گوتەزاکانی ببنە مانشێتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لەم سۆنگەیەشەوە بەپێویستمان زانی دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵدا ساز بدەین ، دیمانەیەکی پڕ زانیاری و پڕیش لەنەهێنی ....

عەمیدسەرحەدقادر لەسەرەتای گفتوگۆی گۆڤارەکەماندا تیشکی خستە سەر ڕەوشی ئیستای کەرکوك و ووتی « ڕەوشی ئەمنی شاری کەرکوك ئیستا باشە ، دەتوانم بڵێم لەچاو سا ڵانی پێشوتردا فەرقی زۆری کردوە ،پۆلیس موسەیتەرە بەسەر بارودۆخەکەدا چ لەناو شار و چ لەدەرەوەی شار ، بەردەوام لەهەر چێگەیەك زانیاریمان پێبگات بەزوترین کات دەچینە ئەو شوێنە بۆ دەست گیرکردنی گومان لێکراو و داواکراوەکان ، هەر بۆیە ئیستاکە خەڵکی شاری کەرکوك متمانەیی تەواو و سەداسەدیان بەهێزەکانی پۆلیس هەیە ، هەر شتێك بێت پەیوەندیمان پێوە دەکەن ، لەسەدا چلی کارەکانیشمان بەندە بەهاریکاری هاو ڵاتیان.

بەردەوام لەلایەن هاو ڵاتیانی کوردە باس لەوە دەکرێت کە بەشێکی زۆر لەوانەی لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێن، لەلایەن دادگاوە دوای دادگایەکی ناعادیلانە بەرهەڵادەکرێن ، سەرحەد لەوە ڵامدا دەڵێت « ئەو کەسانەی کەدەست گیر دەکرێت بەبڕ یاری حاکمە، تەنانەت گەر بۆیەك سەعاتیش کەسیك تەوقیف بکرێت بڕیاری حاکمی بۆ وەردەگیرێت، بەبڕیاری حاکمیش بەرهەڵا دەکرێت ، دیارە حوکمدانیش پەیوەستە بەو بەڵگەو ڕاستانەی کەلەسەر کەسەکە لەبەردەستدان ، کەسەکە بەگوێرەی ئیسپات بوونی بەڵگەکان حوکمی خۆی وەردەگرێت ، بەڵام هەندێ جار خەڵك هەبوە بەڵگەی تەواوی تاوانباریشی هەبوە کەچی بەداخەوە بەرهە ڵاکراوە ،بۆیە دەبوایە لەسەرەتای پرۆسەی ئازادکردنی شاری کەرکوك حکومەتی هەرێم چەند دادوەرێکیان بۆ دادگای کەرکوك ڕەوانەبکردایە و بەم کارە ڕەوشی کەرکوك باشتر دەبوو ، چونکە دادوەرێکی عەرەب کەماڵی لەگەڕەکێکی شاری کەرکوك یان قەزاو ناحیەیەکدایە بەدوو پاسەوان ناتوانێت حوکمی ئیعدام بەسەر تاوانباراندا بدات ، ناچارە دەکەوێتە ژێر تەئسیری گروپە تیرۆرستیەکان لەترسی

کوشتنی یان تەهدیدکردنی ماڵ و منداڵ و کەس و کاری ، بۆیە وەك چۆن لەهەولیرو سلیمانی چەند دادوەرێك تایبەت بەئیش وکاری ئەمنی هەن دەبوایە بۆکەرکوکیش هەبانایە .دیارە بۆ ماوەیەك دادگایەك دانرا لەبەغداوە دادوەرەکان دەهاتن لەماوەی یەك هەفتەدا شازدە کەس حوکمی ئیعدامیان بەسەر دا سەپێنرا ،جگە لەحوکمی جۆاوجۆری تر ، بە لاّم دواتر کۆمەڵێك مشکیلە بۆ ئەو دادگایە دروست کران ، ووتیان شەرعی نی یە لەبەر ئەوەی لەجێگەیەکدایە کەلەبەر دەستی هێزی هاوپەیماناندایە «

بەشێك لەکردەوەتیرۆرستیەکان لە ڕێگەی هاوکاری ئەو کەسانەوە ئەنجام دەدرێن کە لەناو هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشدان ، بەشێوەیەك هەندێ جار دەگوترێت تیرۆرستان دزەیان کردۆتە ناو هیزەکانی پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆ ، بە لاّم عەمید سەرحەد بەم شێوەیە بۆ چوونی خۆی دەردەبڕێت « ئێمە لەسەرەتادا کۆمەلێك ئەفسەر بوین لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی سیاسی کورد چوینە کەرکوك بەمەبەستی پاراستنی شارەکە ، توانیمان کاری باش بکەین و لەسەرەتادا زۆر باش بوو، دواتر لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە نابێت هێزەکانی پۆلیس تەنها لەژێردەستی یەك نەتەوەدا بێت بۆیە ڕێژەکان بەم شێوەیە دانران کورد لە 49% و عەرەب و تورکمان لە28% ، لەوکاتەدا نەتەوەکانی تری جگە لەکورد تەنها ئەوئەفسەرانەیان هەبوو کەپێشتر لەسەردەی ڕژێمی بەعس ئەفسەر بوون یان لەدام دەزگا ئەمنیەکانی ئەو کات ئیشیان کردبوو ، ئەمە وای کرد زۆرکەس کەلەلای ئیمە پۆلیس بووە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە ساڵێك دەبێت دەست گیر کراوە ،بە لاّم بەگشتی ئێمە دوای بوونیان بەپۆلیس بەدوای زانیاریدا دەگەرێن بۆ ئەوەی بزانین هاوکاری تیرۆرستان دەکەن ئەگەر دەرکەوت پەیوەندی لەگەڵ تیرۆرستان هەیە فەسڵیان دەکەین و دەیان دەین بەدادگا «

هاتنی ئەو فیرقەنوێیەی بەبڕیاری مالیکی بۆ شاری کەرکوك دڵەراوکێ و نیگەرانی لای هاو لاّتیان دروست کردوە بەتایبەت لەسەر دەنگۆی ئەوەی کە ئەو فیرقەیە بۆ دەکردنی ئاوارە کوردەکانی ناومەعەسکەری کۆن هاتوە ، بەلاّم سەرحەد بۆچوونێکی پێچەوانەی هەیە و ئاماژە بەوە دەکات «دوای چەند مانگێك لەپرۆسەی ئازادی عێراق فەوجی هاوپەیمانان فەوجێکی عەرەب وەتەنیان تەشکیل کرد ،ئەوفەوجە کاری باشیان کرد و شەهیدو برینداریاندا ،دواتر فەوجەکە کرا بەلیوایەکە ودواتر کرا بەفیرقەیەك ،بەڕاستی هەڵسوکەوتی هەندێ برادەرانی ئەو فیرقەیە نابەرپرسیارانەیە بەتایبەت سەبارەت بەناوچە کوردیەکان ،ئێمە لەساڵەکانی دووهەزارو چوار و پێنج و شەش کەناخۆشترین ساڵ بوون لەڕووی ئەمنیەوە ، ڕۆژنە چەندین تەقینەوە دەکران ، ژمارە پۆلیسی ئێمە پێنج هەزار بوو ڕۆژنە دەوای ناردنی جەیشمان دەکرد ،دوامان دەکرد خەڵکمان بۆ دابمەزرێنن بە لاّم بەداخەوە هیچ گوێیان پێنەدەداین ،کەچی دوای ئەوەی بارودۆخی کەرکوك ڕووی لەباشی کرد و ژمارە پۆلیسی ئێمەش بوو بەیازدە هەزار فیرقەیەکیان نارد بۆناوچەی کەرکوك ، بەرپرسی ئەو فیرقەیە کاتی خۆی ئامیر لیوا بووە لەناوچەی دارەمان ، ئیستا ئەو فیرقەیە بەنیازە هێز بنێریتە ناوچەکانی پردێ ،شوانێ، قەرەهەنجیر کە ئەم ناوچانە ناوچەی ئارامن لەکاتیدا ئێمە پێمان ووتوون کە بچن بۆناوچەکانی داقووق تادەگاتە ناوچەی ڕەشاد و حەوێجە کەهیچ هێزی عێراقی لێنی یە و ئیرهابییەکان بەئارەزووی خۆیان کارە تیرۆرستیەکانیان ئەنجام دەدەن ، بەگشتی ئەوان مەبەستێکی سیاسیان هەیە دەیانەوێت سنوری کوردستان کۆنت ڕۆڵ بکەن ، بەداخەوە ئەو براکوردانەی لەناو فیرقەیەکەشدان هیچ ڕۆڵیکیان نی یە کەبێتەجیگەی دڵخۆشی خەڵی کەرکوك .دیارە ئەو جەیشە چەندجاریك چۆتە سەر ئاوارەکانی تۆبزاوا ،ئاوارەکانی فەیلەقی کۆن ، کە ئەو کردەوانەی ئەوان بۆت جێگەی نیگەرانی دانیشتوانی کەرکوك ، حەساسیەتێك هەیە لەنێوان ئەو جەیشەو خەڵکی کەرکوك «

سەبارەت بەبڕیاری دەرکردنی ئاوارە گەڕاوەکانی ناوشاری کەرکوك و ڕوخاندنی ئەو خانوانەی کەدوای پڕۆسەی ئازادی عێڕاق لەلایەن کوردەکانەوە دروست کراون سەرحەد دەڵێت « ئەو جەیشە کۆمەڵیك لێدوانی لەقەباری خۆیان گەورەتریان داوە و ئێمەش پێمان ووتون کەکاتی ئەو لێدوانانە نی یە ئەو خەنجەرانە بخەنەوە ناوپشتێنەکانتان بۆ کاتی تەنگانە دەری بێنن ، پێشمان ووتون کەلێان قبوڵ ناکەین چونکە ئەوان باسی فەیلەقی کۆن دەکەن کاتی خۆی ئەو شوێنە موڵکی کورد و تورکمانەکان بووە حکومەت لێی داگیر کردوون، بۆیە هەقی خۆیانە بیفرۆشن یان بیکەن بەبیناو کشتوکاڵ»

ماویەکی زۆرە کێشەی جێگیر نەبوونی پلەی ئەفسەرەکوردەکانی ناوچەی کەرکوك لەئارادایە ، تائیستاش ئەو کێشەیە وەك خۆی ماوەتەوە ،لەم بارەیەوە عەمید سەرحەد دەڵێت « حکومەتی مەرکەزی چەند مانگ جارێك نوسراوێکی ئیستفزازانە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەنێرن ،جاریك دەڵێن ئەو ئەفسەرانە بڕوانامەیان نی یە جاریك دەڵێن دەرچووی کوللیەنین ،بە لاّم ئەفسەری نەتەوەکانی تر تەنها ڕ ۆژێك لەسیلکی پۆلیس کاریان نەکردوەپلەکانیان جێگیر کردوون ، لەکاتێکدا هەموو ئەفسەرە کوردەکان دەرچووی کوللیەی قەلاچوالانن ، هەولیر و کۆلیژی سەربازین و ئەمنیەتی شاری کەرکوك لەسەر شانی ئەوان بوە «

چەند مانگێکە لەلایەن خودی مالیکی یەوە کار بۆ پێکهێنانی هێزی ئیسناد لەناوچەکێشە لەسەرەکان دەکرێت، ئەو بڕیارەش لەلایەن زۆربەی هێزە سیاسیەکانی عێراق و کوردستان ڕەتکراوەتەوە، لەمبارەیەوە بەرێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوك دەڵێت « شەخسی مالیکی خەریکی دروستکردنی هێزی ئیسنادە ،چەند سەرۆك عەشیرەتێکی کوردیش چونەتە لای مالیکی و دوای ئەوەیان کردوە کە ئەوانیش فەوجیان بدرێتێ ،سەرکردایەتی سیاسی کوردیش لەم حاڵەتە ئاگادارە ، من بەبەڵگە لامە کەلەناو یەکێك لەپارێزگاکانی باشوری بەغدا چەند کوردێك لەگەڵ مالیکی دانیشتوان بۆ پێك هێنانی هێزی ئیسناد ، ئەو کوردانە پێشتر لەسەردەمی ڕژێمی بەعس هەیە ئامرمەفرەزە بوە ،یان موستەشار بووە «

# لەپارێزگای سلێمانی توێژارن کاری جاسوسی دەکەن

# لەسلیمانی توێژەران کار بۆ دەزگای زانیاری و ئاسایش

## ڕاپۆرتی شیکاری :چنار هەوار
## توێژەری کۆمە ڵایەتی

هەردوو زانستی کۆمەڵناسی و دەروناسی زادەو بەرهەمی جیهانی مۆدێرنەن ، ڕووەکی ئەو دوو زانستە لەکۆمەڵگایەکدا گەشە دەسەنێت کەئەو کۆمەلگەیە چوبێتە ناو دنیای پێشکەوتن ، بەپێچەوانەوە تاکەکانی کۆمەڵگەی دواکەوتوو هێندەی گرنگی بەدوعاو نوشتەی شێخ و مەلا وسەیدەکان ، فالگرتنەوە دەدەن هێندە سود لەو دوو زانستە نابینن ، بەشێوەیك دەكرێت بگوترێت توێژەرانی دەروونی و كۆمە ڵایەتی لەكۆمەڵگەی دواكەتوودا بایەخێكی ئەو تۆیان پێنادرێت .

دیارە ئاشنابوونی کوردیش بەو دوو زانستە مێژوویەکی درێژی نی یە ، دەگرێتەوە بۆ کردنەوەی هەردوو بەشەکە لەزانکۆی سەلاحەددین ودواتر لەزانکۆکانی تری کوردستان ، وەرگێران و دانانی چەند کتێبێك بەزمانی کوردی ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تائیستا دەرچوانی هەردوو بواری دەروناسی و کۆمەڵناسی وەك مامۆستایانی کۆمە ڵایەتی لەلایەن کۆمەڵگاوە ناوزەند دەکرێن ، لەکاتێکدا ئەو دەرچوانە پێداویستی زۆر گرنگن بۆ کۆمەڵگاو دام ودەزگاکانی حکومی ،بەشێوەیك بتوانن تاکەکانی کۆمەڵگا سود لەڕێنمایی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەو توێژەرانە وەربگرن ، خاوەن کێشەکان لەبری پزیشکانی بواری تەندروستی سەردانی دەروناسان و کۆمەڵناسان بکەن بۆ ئەوەی لەلایەن ئەوانەوە کێشەکانیان بۆ دەست نیشان بکرێت وچارەسەری پێویستیان بۆ بخرێتەڕوو .

### دووکۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروناسان هەیە

تاهەنوکەش دوو کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروناسانی کوردستان هەیە ، یەکێکیان لەشاری هەولێرە و ئەوەی تریان لەشاری سلێمانی یە ، کۆمەڵەکەی هەولێر لەوەزارەتی دارایی نەسریەی مانگانە وەردەگرێت ، کۆمەڵەی سلێمانیش لەلایەن وەزارەتی هەرێم بۆ کارو باری دارایی نەسریەکەی خۆیان وەردەگرن ، بەڵام کۆمەڵەی سلێمانی سەرەرای ئەو بودجەیەی وەزارەت ، مانگان چەندین ملیۆن دینار بۆ ئەنجامدانی چالاکی لەمەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی یەکێتی نیشتمانی وەردەگرێت ،هەرئەمەش توانیویەتی لقی کۆمەڵەکە لەزۆربەی هە ڕەزۆری قەزاکانی وەك (هەڵەبجەی شەهید ،کۆیە ،کەلار ، رانیە ،قەلادزێ، دوکان ) بکەنەوە .

### توێژەران مراقەبەی مامۆستایان دەکەن

لەم دوایەدا لەیەن حکومەتەوە بەتایبەت وەزارەتی پەروەردەوە بڕیار درا دەرچوانی ئەو دووبەشە لەبری مامۆستایەتی بکرێنە توێژەر لەقوتابخانەو ناوەندەکانی خوێندندا ، لەجیاتی وانەوتنەوە کێشەکانی ناو ناوەندەکانی خوێندن چارەسەر بکەن ، قوتابیان و مامۆستایان سود لەو توێژەرانە ببینن ، دیارە ئەمە کارێکی زۆر پێویستە ،بەڵام ئەوەی تائیستا لەزۆر

# دەکەن و لەبەرامبەردا مانگانە موچەیان پێدەدرێت

## توێژەران کار بۆ دەزگای هەوڵگری دەکەن

زۆربەی هەرەزۆرە توێژەرانی ناوسەنتەری شاری سلێمانی کە لەشوێنە جیاجیاکان و دام ودەزگا جیاوازیەکانی حکومی وەك فەرمانبەرکاردەکەن و موچە وەردەگرن ،بە لام سە ڕەرای کاری فەرمانبەریان ئەو توێژەرانە لەلایەن کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروناسانی سلیمانی پرۆژەیەك خرایە بەردەم مەڵبەندەکانی یەکێتی نیشتمانی وئاسایشی گشتی سلێمانی بۆ ئەوەی کار بەتوێژەرەکان بکرێت و سود لەتواناکانیان وەربگیرێت ، ناوەڕۆکی پڕۆژەکەش ئەوەیەکە هەرتوێژەرێك لەگە ڕەگەکەی خۆیدا هاوکاری موختارەکان بکات بۆ ڕایی کردنی ئیش و کارەکانی هاو لاتیان لەبەرامبەر ئەوەدا لەلایەن دەزگای زانیاری و مەڵبەندەوە مانگانە بڕ ی سەدو پەنجا هەزاردیناری تر لەسەروی موچەی خۆیان پێبدرێت .

یەکێك لەو توێژەرانە ووتی» لەواقیعدا ئەو توێژەرانەی ئەو برە پارەیە لەمەڵبەند وەردەگرن لەبەرامبەر وەرگرتنی ئەو موچەیەدا پێویستە کێشەکانی نێوان هاو لاتیان و کێشەخێزانیەکان و گرفتە جۆراوجۆرەکانی تری کۆمە لایەتی چارەسەر بکەن ، بەلام ئیستا کاری ئەو توێژەرانە بۆتە ڕاپۆرت نوسین لەسەر واقیعی گەرەکەکان ، توێژەر زانیاری لەسەر ئەو ما لانە دەداتە مەڵبەند کە تازە دێنە گە ڕەکەکە لایەنی سیاسیان دیاری دەکرێ و دەبنە چاودێر بەسەر خێزانەکاندا.

ئەمە جگە لەوەی ئەوەی سەرپەرشتی توێژەرەکانی ناوگەرەکەکان دەکات توێژەرێکە یان لەئاسایش دەوام دەکات یان لە ڕێکخستنی یەکێتیدایە ، هەتا دەنگۆی ئەوە هەیە کەلەدەزگای زانیاری بێت ،چونکە ئەو زانیاریانەی لەتوێژەران دوا دەکرێن بەکەڵکی دەزگای هەولگری نەبێت بۆ هیچ شتێکی تر سودی لێنابینرێت .

سەرچاوەیەکی نزیك لەکۆمەڵەی کۆمەڵناسانی سلیمانی کەنەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت ووتی « ئەو توێژەرانە لەلایەن مەڵبەندەکانی یەکێتی یەوە سەرپەرشتی دەکرێن ، سودێکی زۆریشیان هەیە و سەرکەوتوو بوون لەکارەکانیان ،بۆیە بڕیارە لەهەموو قەزاکانی تری سەربەپارێزگای سلێمانی ئەم پڕۆژەیە بخرێتەکار «

لەبارەی پێشوازی توێژەرانی دەروونی و کۆمەلا یەتی ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی دا بەوەی کە « هەندێ لەتوێژەران کە پرسیار لەسەر ناوەڕۆکی کارەکە دەکەن ئەو کارەیە ڕەتدەکەنەوە ،بەلام بەشێکی زۆر لەتوێژەران لەبەر ئەوەی لەسەر موچەی مانگانەی خۆیانەوە موچەیەکی تر وەردەگرن لەبەرامبەر ئەو کارە ئەوە ئامادەیان تێدایە .

ناوەندی خوێندندا لەبری ئەوەی توێژەران لەقوتابخانەکاندا چارەسەری کێشەکانی ناو قوتابخانەکان بکەن ،خەریکی مراقەبەکردنی مامۆستایانن و بەئاشکرا ئەوە بەگوێی مامۆستایاندا دەدەن ، کەهەر مامۆستایەك بەدڵی ئەوان نەبێت لەسەریان دەنوسن ، دیارە لەسەر نوسین لەشێوەی ڕاپۆرت ئیشو کاری ئەو کەسانەیە کە لەدەزگا هەولگریەکان و جاسوسیەکاندا کار دەکەن ، چونکە توێژەر ئیشی ئەوە نی یە کە بەڕێوەبەری پەروەردە لەوە ئاگادار بکاتەوە ،دەست نیشانی لایەنی سیاسی و ئینتیمای مامۆستایان و فەرمانبەران بکات ، یاخود مراقەبەیان بکات بۆ ئەوەی بزانێت لەگەڵ کێدا کۆدەبنەوە و لەکێوە نزیکن ....

شوان قە ڵا دزەیی

# بزوتنەوەی ئیسلامی داوا لەیەکگرتوو وکۆمەڵ دەکات لستێکی ئیسلامی بۆهەڵبژاردنەکان دروست بکرێت



شوان قەلادزەیی وتەبێژی فەرمی بزوتنەوەی ئیسلامی و ئەندامی مەکتەب سیاسی بزوتنەوە لەدیمانەیەکی تایبەتی گۆڤاری چرکەدا قسە لەسەر بارودۆخی ئیستای بزوتنەوەی ئیسلامی و قەیرانەکانی ئیستای ناوخۆی بزوتنەوە دەکات ، تیشک دەخاتە سەر دواپێشهاتەکانی پەیوەندیدار بەحزبەکەیان ،بۆچوونی بزوتنەوە لەسەر پێک هێنانی لیستێکی ئیسلامی بۆهەڵبژاردنەکانی ئایندەدا ڕووندەکاتەوە ،باس لەبێدەنگی حزبە ئیسلامیەکان دەکات لەسەر تۆبارانە بەردەوامەکەی ناوچەی قەندیل ....

# ئەگەربزوتنەوەی ئیسلامی هەڵقو ڵاوی ئەفکاری دەرەوەی کوردستان بایە لەهەموو ڕوێکەوە لەئاستێکی باشتر و چاکتردا دەبوو وەک حزب اللەی لوبنانی

چرکە : بەردەوام کۆنگرە بۆ ڕزگار کردنی حزبە لەقەیرەنە جۆراو جۆرەکان و گەشەسەندنی ،بەڵام لەگەڵ تێپەر بوونی نزیکەی ساڵێك بەسەر کۆنگرەی بزوتنەوەی ئیسلامی دا بەلاّم گرفتەکان وەك خۆیان ماونەتەوە ،هۆی ئەمە چی یە ؟

شوان قەڵادزەیی : کۆنگرەی بزوتنەوە لەبەرواری 10-7-2008 لەسلێمانی بەسترا ،کە کۆمەلێك سلبیات و ئیجابیاتی خۆی هەبوو ، هەمیشە گۆڕانکاریەکانیش بەدڵ و ئارەزووی هەموو لایەك نابێت ،ئەوە یەکێکە لەو خەلەلانەی کە ئێمە دەیبینین ، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێك کادیری زۆر ماندوو بەدرێژایی مێژووی بزوتنەوە کاریان کردوە بەڵام لەکۆنگرەدا دەنگیان نەهێنا و نەچونەوە ناو سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسی بزوتنەوە ،لەگەڵ ئەوەشدا کۆنگرە ئیجابیاتی خۆشی هەبوە و توانیویەتی هەندێ گۆڕانکاری بکات ، هەوڵ دەدەین قەیران و کێشەکان بەشێوەیەکی زۆر حەکیمانەوە زانستیانە چارەسەر بکەین گرفتەکان بەرەو کۆتایی ببەین .

چرکە : قەیرانە سەرەکیەکانی ئیستای بزوتنەوە چین؟

شوان قەلادزەیی : قەیرانەکان بەو شێوەیە نین ،وردە وردە ئیش و کارەکان دەخەینەوە سەر سکە ،بەتایبەت گەر تەشکیلاتی مەکتەبەکان و مەڵبەندەکان تەوابێت هیچ مشکیلەمان نامێنێت .

چرکە :ئێوە وەك بزوتنەوەی ئیسلامی بەوە تاوانبار دەکرێن کەلەلایەن ئەحزاب و دەوڵەتانی دەرەوە هاوکاری دەکرێت ؟

شوان قەدزەیی : لەمێژە ئەو تۆمەتانە ئاراستەی بزوتنەوەی ئیسلامی دەکرێن ، ئەو تۆمەتانە یەکێکن لەوپلانە شەهراویانە کە دەیانەوێت پیگەی بزووتنەوە لاوازبکەن ، لەکاتێکدا بزوتنەوەی ئیسلامی حزبێکی زۆر خۆماڵیانەیە ، هەڵقو ڵاوی ناو واقیعی کوردستانە ، هاوشانبوە لەگەڵ لایەنەکانی تر بۆ بەرەوپێش بردنی قەزیەی کوردی ، وەك چۆن بزوتنەوەی ئیسلامی هەڵقو ڵا وی ناوکێشەکانی میلەتەکەی خۆیەتی ،بەو نەهجەش ئیش دەکات ،ئەگەر هە ڵاقو ڵاوی ئەفکاری دەرەوەی کوردستان بایە ،بارودۆخی ئیستای بزوتنەوە لەئاستێکی باشتر و چاکتردا دەبوو ،ئەوەی کەدەڵێن ئێمە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران یارمەتی دەدرێین یان فلانەوڵاتی تر هاوکاریمان دەکات ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نی یە ،ئەگەر شتی واهەبوایە پێگەی بزوتنەوە لەهەموو ڕوەکانەوە وەك حزب اللەی لوبنانی دەبوو ،دەبینین ئەو حزبەچەند پێگەی هەیە لەلوبنان ،سەرە ڕای حکومەت جاری واهەیە زۆربەی شتەکان لەژێردەستی ئەو حزبەدان لەلوبنان .

چرکە : دوای لیکترازانی بزوتنەوە هیچ هەنگاویك نەنراوە بۆ ئەوەی جاریکی تر ئەو لایەنانە ئاشبکرێنەوە و حزبیکیان لیدروست بکرێتەوە ؟

شوان قەلادزەیی: لیکترازانی ساڵی 2001 ماوەیەك زۆر گرژی لەنێوان لایەنەکاندا دروستکردکرد ، لە ڕاگەیاندنەکاندا لەدژی یەکتر شت دەگوترا ، بەڵام لەسەرەتای ساڵی 2008 بەتایبەت لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی لیژنەیەکی هاوکاریمان پێك هێنا ، ئەو لیژنەیە کۆمەڵێك هەنگاوی نا بۆ ڕەواندنەوەی ئەو تەم و مژانەی لەنێونماندا دروست بووبوو ،بەڵام بەداخەوە لەئەنجامی هەندێ لێدوانی نامەسئولانە لەنێوان هەردوولا کارەکان وەستان ،ئومێد دەکەین ئەو لیژنەیە دەست بەکاربێتەوە لەجیاتی ناوهێنانی یەکتر و تەشهیرکردن بەیەکتری پێویستەهاوکاری یەکتری بکەین .

چرکە زۆرجار دەگوترێت بڕیارەکانی مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی بزوتنەوە لەژێر هەیمەنەی کوڕ و کچەکانی مامۆستا علی رابەری کۆچکردوی بزوتنەوەدان ،ئەمە تاچەند نزیکە لە ڕاستی یەوە ؟

شوان قە ڵادزەیی: پێم وانی یە بەو شێوە بێت کە ئەوان هەیمەنەیان بەسەر مەکتەب سیاسی و سەرکردایەتی بزوتنەوەدا هەبێت ، ڕاستە دوو کوڕوکچێکی مامۆستا لەسەرکردایەتی و مەکتەب سیاسین ، خەڵك هەیە لەهەولێرو شوێنەکانی تر ئەندامی سەرکردایەتی یە لەبڕیارەکان بەشدارە ،ئێمە ئەنجومەنی شورامان هەیە ،کەدەبێت ئەو ئەنجومەنە بڕیار بدات و مەکتەب سیاسیش جێبەجێیان بکات ،بڕیارەکان بەکۆگشتی دەدرێن وتاکڕەوانە نین .

چرکە : ئەوکێشەیەی لەنێوان ئێوەو حزبی دیموکرات لەسەر تەسلیم کردنەوەی چەند پێشەرگەیەکی حزبی دیموکرات بەئیران لەلایەن ئێوە تاچەند هەنگاو بۆ چارەسەر کردنی نراوە ؟

شوان قەدزەیی : لەساڵی 1996 ناوە ناوە ئەو قەزیەیە لە ڕاگەیاندنەکانەوە ئیسارە دەکرێت ،ئەمەش زیاتر بۆناوز ڕاندنی کەسایەتی ناودارەکانی ناو بزوتنەوەی ئیسلامیە ،یان سەرقاڵکردنی بزوتنەوەیە بەکۆمەڵێك کێشەی لاوەکی بۆ ئەوەی نەتوانین بپرژێینە سەر کارەکانی تر ،ئێمە لەگەڵ حزبی دیموکرات لەسەرەتادا هیچ کێشەیەکمان نەبوە ،وەك بزوتنەوەی ئیسلامی داکۆکیمان لەمافی چارەنوسی کورد کردوە لەهەموو پارچەکانی تری کوردستان ، زۆرجار ڕاشکاوانە لەگەڵ کاربەدەستانی ئەو وڵاتانە باسمان کردوە کە کوردیان بەسەردا دابەش

بوە بەتایبەت ئیران کە وەڵاتێکی ئیسلامیە ، پیمان گوتون دەبێت پێش هەموو کەس مافی چەوساوان بدەن ،لە ڕۆژهە ڵاتی ناوە ڕاستیشدا میلەتێك نی یە بەقەد کورد چەوساوە بێت . بەنسبەت ئەوەش کەکاك ئەنوەر عەنەبی کە گوایە هەندێ پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی تەسلیم بەئیران کردبێت ، دورە لەڕاستیەوە و کاك ئەنوەر یەکێکە لەپێشمەرگە دێرینەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی ، لەسەرەتاوە تاوەکو ئیستا گوێڕایەڵی بووە بەڕابەرایەتی بزوتنەوە ،کاریکی نەکردوە کە پێچەوانەی ئاراستەی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی بێت . ئێمە هەوەڵیشمان داوە ئەوکێشە دروستکراوە چارەسەر بکەین لەساڵی 1997 نوسارومان داوەتە وەزارەتی داد لەسلێمانی و داوامان لەحزبی دیموکراتی ئیران کردوە کەلەهەر شوێنێك دەیانەوێت باداوا تۆمار بکەن ،ئێمە دەیسەلمێنین ئەو شتە هیچ ئەساسێکی نی یە و خەڵکانی تر لەپشت ئەو کێشەیە بوون هەتا ئەگەر بە ڕسمیش نەبێت باناوەندی سێیەم لەنێوان ئێمەو ئەواندا بێت ،ئامادەین لەوجەلساتانەدا بیسەلمێنین کە ئەو کێشەیە پەیوەندی بەبزوتنەوەی ئیسلامی یەوە نی یە .

چرکە :هەندێ جار دەنگۆی پێك هێنانی لیستی ئیسلامی باسی لێوەدەکرێت ،ئایا ئەوە پرۆژەیە ،ئێوە وەك بزوتنەوەی ئیسلامی هەبوونی لیستێکی ئیسلامی چەندە بەزەرور دەزانن ؟

شوان قەلادزەیی: بزوتنەوە یەکێکە لەولایەنانەی حەزدەکات بەشداری لەو پڕۆژانەدا بکات کەلەبەرژەوەندی تەواوەی گەلی کوردان ، لەهەڵبژاردنی ساڵی 2005دا ویستمان لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتودا هەماهەنگی بکەین بۆ پێك هێنانی لیستێکی ئیسلامی بەڵام ئەو هەوڵە سەری نەگرت ، ئێمە ئەو پێشنیارەمان کرد بە ڵام برادەران نەهاتنە پێشەوە ، ئیستاش پێمان باشە یەك دەنگی و کۆدەنگی هەبێ پەرتەوازەیی بەهەڵبژاردنەوە دیار نەبێت ،بە ڵام بۆ هەڵبژاردنی داهاتو هیچ دانوستانێکمان نەکردوە لەگەڵ کۆمەڵ و یەکگرتوو ، دەگونجێت بۆ داهاتو قسەلەسەر ئەو بابەتانە بکرێت ، پێشمان وایە دروست بوونی لیستێکی ئیسلامی بەو مانایە نایەت کە کوردستان دابەش دەکرێت بەسەر دووبەرەی ئیسلامی و غیرە ئیسلامی .



چرکە :گەر ئێوە وەك بزوتنەوەی ئیسلامی بەتەنیا بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا بکەن پێتان وایە خەڵك متمانە بەئێوە دەبەخشێت ، دەتوانن بگەنە پەرلەمان و بەشداری لەحکومەتدا بکەن ؟

شوان قە ڵادزەیی : ئێمە وەك بزوتنەوەی ئیسلامی بڕیارمان داوە بەشدار بین لەهەڵبژاردنەکانی داهاتودا ،جا ئەو بەشداریە چ بەهاوپەیمانی بێت یان بەتەنیا ، بزوتنەوە پێگەی خۆی هەیە لەکوردستاندا ، هەزار شەهیدمان هەیە ،ئێمە تاکە لایەنی ئیسلامی بووین کەلەشاخدا خەباتی نەتەوەیمان کردوە ، لەهەڵبژاردنی رابردووشدا دەنگێکی زۆرمان هێنا بە ڵام لەو شوێنانەی کەچاو دێری ئێمەی لێنەبوو دەنگی ئێمەیان سوتاندا ، بەهەرحاڵ ئیستا بزوتنەوە لەقۆناغێکی باشتر دایە ناتوانم بڵێم ئەوەندە دەنگە بەدەست دەهێنین ، بە ڵام دەنگی باشیشمان دەبێت .

چرکە : بۆچی حزبە ئیسلامیەکان هیچ هەڵویستیان لەبارەی تۆبارانە بەردەوامەکەی بناری قەندیل نی یە ، هەندێك پیان وایە بێدەنگی ئێوە گوزارشتە لە وەی کەناتانەوێت پەیوەندی نێوان حزبە ئیسلامیەکان و ئێران و تورکیا تێك بچێت ؟

شوان قە ڵادزەیی: واللەهی ئەوە راستە ،بەڵام لایەنی ئاسایشی هەریم بەندە بەدەسەڵا تی حکومەتی هەرێم و بەحکومەتی عێراق ،ئێمە لەسەر زاری بەرپرسی علاقاتی خۆمان لەتاران چەند جاریك باسمان لەو کێشەیە کردوە ، لەگەڵ قونسوڵگەی ئێران لەهەولێر باسمان لێوەکردوە ، پێمان ووتون وەك چۆن لە ڕابردوودا ئیران هەڵویستی باشی هەبوە بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان پێویستە ئیستاش هەڵویستی باشی هەبێت .

**قادر نادر بۆ چرکە**

# دەسەلاتی کوردی هیچ پرۆگرام وبەرنامەی نیەبۆ ڕەوەندی کورد

**سازدانی :چرکە**



**قادر نادر یەکێکە لەنوسەرو ڕۆشنبیرە کوردە چالاکانەی کەئیستاکە لەئەوروپا نیشتەجێ یە ، لەزۆربەی ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بەمەسەلەی نەتەوی یەوە هەیە دەنگو بڕیاری هەیە ، ئەو لەدیمانەیەکی چرکەدا قسەڵەسەر ڕەوەندی کوردی و کاریگەریەکانی کورد دەکات لەدنیای دەروە ، تیشک دەخاتە سەر جالیەی کورد لەو لۆاتانی ئەوروپا ، باس لەقەزیەی کوردی و وێنەی کورد دەکات لەو ڵاتانی دەرەوە ، ڕەخنە لەدەسەڵاتی سیاسی کوردی دەگرێت کە هیچ بەرنامەیەکیان بۆ ڕەوەندی کورد لەو ڵا تانی دەرەوە نی یە ، ئەوئەگەرە بەدور دەزانێت کە و ڵاتە پێشکەوتوەکان کار لەسەر دروست بوونی هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان بکەن ...**

**چرکە : ئەمرۆ لۆبی کوردی لەو ڵاتانی دەروە بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی لەچ ئاستێک دایە ،تاچەند کوردانی دانیشتوی ئەو و ڵاتانە وێنەیەکی جوانیان پیشانی دەرەوە داوە ؟**

قادر نادر : ناتوانین وا بە سانایی و شەو ڕۆژێك نمونەیەکی جوان نیشان بدەین چونکە لەکەلتور و پەروەردەیەکی سیاسی دواکەواتوانەهاتوینەتەناو ولاتەهەرەمەدەنیەکانی ئەوروپا . بەڵام ئەوەی لەولاتیکێ وەك سوێد دەیبینم ، دوو لایەنەیەتا ئێستا ، بۆنمونە زیاتر لە 25 کەسایەتی ناوداریی سوێدی ، لە گۆرانی بێژ ، نوسەر ، شانۆکار ، ڕۆژنامەوان کوردی هەمو بەشەکانن . بەلام لەتەك ئەمەش نمونەی نەتەوەیەکی ژن کوژ ناسراوین . یەك خال مرۆڤ دڵخۆش دەکات کە کورد لەزۆر نەتەوەی تر زوتر و زیاتر تێکەل بەکەلتوررەجوانەکانی ئەم ولاتەدەبێت یان دەتوانین بڵێن چەق نابەستێت بەکەلتورەکانی خۆی.

**چرکە : وەک دەبنین کورد گەلێک ئەندامی پەرلەمانی و ڵاتانی وەک سوید و و ڵاتانی ترن ، بۆ پارلەمانی ئەوروپاش کورد گەلێک خۆیان کاندید کردوە ؟ لەڕابردوودا ئەو ئەندام پەرلەمانانە و لەئایندەش دا چەندە کاریگەریان هەبووەو دەبێت لەسەر بەرەوپێش بردنی جالیەی کوردی لەدەروە ؟**

قادر نادر : پێم وایەلەمەهەژارین ، بەپێچەوانەوەئەوەی بەندەبزانێت پێنج ئەندام پەرلەمان لەسەرجەم ولاتەئەورپیەکان هەیە، ئیتر هەیانەبەس بە ڕەگەز کوردەیان شەری گەورەلەسەر مافەکانی کورد ناکات ، هەشیانەوەك فەلەك ناس کەشەری هەمو دوژمنانی کورد دەکات ،. ئامینەکاکەباوەش کەئەندام پەرلەمانی سوێدەئاکتیڤەبۆ داکۆکی کردن لەمەسەلەی مافی مرۆڤ ونەتەوەی کورد و ئازادی سیاسی لەکوردستان .لەدانیمارك و هۆلەندا کچی کورد هەن لەپەرلەمانەکانیان.

**چرکە : بەگشتی لای نوسەران و رۆژنامەکانی و ڵاتانی تر چۆن باسی کورد دەکرێت ؟**

قادر نادر : وەك پێویست نەمان توانیوەوێنەی خۆمانیان پێ بناسینین ، بروا ناکەم کەم رۆژنامەو ڕۆژنامەنوس هەیەنەزانێت کورد کێشەیەکی نەتەوایەتی هەیە، بەڵام ئێمە خۆمان وێنەی کۆمەلکوژیەکان ، تاوانی داگیرکەرانمان پێ نەناساندون ، دواتر لەرۆژگاری ئیمڕ ۆزۆرینەی سەرکردایەتی کورد لەگەل پێکەوەژیانی ولاتەداگیرکەرەکان و سەربەخۆیی کوردستان دانینە ، بۆیەئەو هەستەلای ئەوانیش لاوازەکەخۆت داوا و خەباتی بۆ نەکەیت ئیتر چۆن دەبیەبابەتی ڕۆژنامەکانیان. بەڵام بەپێی روداوەسیاسیەگەرماو گەرمەکانی کوردستان ئێمەش دەکەوینەناو بابەت وهەوالی میدیاکانیان.

**چرکە: دەبینین سا ڵانە بەهەزارەها گەنج لەو ڵاتانی ئەوروپاوە ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە لەکاتێکدا**

**کۆچ کردن مافێکی ئینسانی هەر مرۆڤێکە ،ئایا چ سیاسەتیک لە پشت ناردنەوەی ئەو گەنجانەدایە ؟**

قادر نادر : بەشیکی ئەوەیەدیاردەی کۆچ زۆر تەشەنەی کردوە، وەمافی پەنابەرێتی بۆ ئەو مرۆڤانەیەکەژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیان لەژێر هەرەشەدایەبەڵام ئێمەوەك نەتەوەلەدەست کێشەکانی خۆمان ڕێگای هەندەران دەگرینەبەر ، ئەمەپارە، شوێنی نوستن ...پێویستە،وەهێنانی هەندێ دیاردەی نامۆ بۆ ناوکەلتوری ژیانیان ترسی پەیدا کردوە ... سەربارەی ئەوەش هاتنەسەرکاری هێزەراسترەوەکان لەئەو ڕوپا هۆکارێکی تری دژایەتی پەناهەندەیە،چونکەبەردەوام هێزەچەپەکان هەلوێستیان پۆزەتیفترەلەگەل گەلان و بارودۆخی پەناهەندە. بەڵام دەبیت ئەوەبلێم یەکێك لەهۆکارەسەرەکیەکان دوای کارەساتی 11 ی سێپتێمبەرەوەهات . کەئەو ڕپیەکان ترسیان پەیداکردوەکەمەترسی تیرۆر بەدەستی خۆیان بیەێنەئەوروپا

**چرکە : زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە بەشێکی زۆر لەگەنجانی کورد لەریگەی هەڵخەلەتاندنەوە ئیقامەوەردەگرن ، ئایا ئەمە کاریگەری نابیت لەسەر دروست کردنی بێمتمانەیی و ڵاتان بەرامبەر بەکوردو دۆزی هەریمی کوردستان ؟**

قادر نادر : ڕۆلی خۆی هەیەبەلام زۆریش نا،چونکەئەگەر لەسەرەتا ئەو باوەرەبەهیز بوو بەلام دواتر دەزانن کەبەشی زۆریان بۆ ئەوەیانەکەمافی پەناهەندەیی وەربگرن ، بەلام ئەوەی کێشەی کوردی لەهەندەران دەدۆ ڕێنیت ، پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و ژنان ، یاسایەدواکەوتوەکان ، ئازادی سیاسی و ڕۆژنامەگەری و گەندەڵی بەرپرسانی کوردە، کەبەردەوام بەشیکمان ئەو زانیاریەنەدەگەیەنینەدەزگا جیهانیەمرۆیی و پەرلەمانتاریەکان ، چونکەبەداخەوەدەسەلاتی کوردی لەیاداشت و رەخنەبەزمانی کوردی ناترسێ و تێ ناگات !!؟

**چرکە : کام حزبی کودی چالاکێکی زۆری هەیە لەو ڵاتانی ئەوروپا ،چەندە ململانێی حزبی لەدەرەوە هەستی پیدەکرێت ؟**

قادر نادر : بەهۆی جیهانگیری و بونی ئەو هەمو کەنالەئاسمانی و مالپەرەکوردیانە ، ئێوەش وێنەیەکتان لەبەر دەستە، کەکێ چالاکە، تۆ بلێی ئەگەپارتی ویەکێتی چالاکی و خۆپیشاندانێك بکەن میدیای کوردی پڕنەکەن ، بەڵام بروا بکە نۆ سالەئەو ڕپام بەهەر نۆ سال بەهەردوکیان نۆ خۆپیشاندانیان نەکردوە. پێم وایەوەك حزب پەکەکە وەك ڕێکخراوی مەدەنیش ناوەندی چاك لەئەوروپا چالاکن .

چرکە : زۆرجار باس لەوەدەکرێت و ڵا تانی پێشکەوتو دەخوازن ئۆپۆزسیۆن لەهەریمی کوردستاندا دروست ببێت و بۆ ئەم مەبەستەش کاریان لەسەر هەندێ لەو کوردانەی لەئەوروپا دەژین کردوە ،ئەم حاڵەتە چۆنە تاچەند زەمینەسازی بۆکراوە ؟چەندە دەتوانێت کاریگەریکی پۆزەتیڤی هەبێت لەسەر داهاتوی کورد و هەریمی کوردستان ؟

قادر نادر : بروا ناکەم بەم شیوەیەبێت ، ئێستا دەنگۆی ئەوەهەیەبەریتانیا هاریکاری هەندێ ڕۆشنبیرو گرۆپی سیاسی نوێی کوردی دەکات ، ئەوەش تەنیا قسەیە، بەلام لەهەندەران بەردەوام هەمو ئەو گروپ و ناوەندەجەماوەریەکوردیانەی هەیە، پرۆژەپێشکەش دەکەن بەئاستی ئەو پرۆژەیە ئیتر ڕۆشنبیری ، هونەری ، کەلتوری ، مافی مرۆڤ ...بێت ئەوان هاریکاریت دەکەن .

**چرکە: بەبڕوای تۆ پێویستە کورد چ هەنگاوێک بهاوێت بۆ پێشخستنی جالیەی کوردی لەو ڵاتانی دەرەوە ؟**

قادر نادر : بەداخەوەرەوەندی کوردی بارودۆخی خراپە، راستەسەرەتایەوکەسێتی شێواو و زۆر ماندوە، بەڵام هەمو ئەو کارەقێزەوەنانەی باشوری کوردستان کاردانەوەی زۆر نێگەتیفی لەسەر رەوەندی کورد هەیە، هیوا و هێزی پێ نابەخشی ، بەڵام یەك خالیش هەیەئەم رەوەندەلەگەل هەست بەهەر مەترسیەکی جدی هەلوێست دەنوێنێت و نواندویەتی وەك هەرەشەکانی تورکیا 2003بۆ سەر باشور و گرتنی سەرۆکی پەکەکە 1999 ... بەداخەوەدەسەلاتی کوردی هیچ پرۆگرام وبەرنامەی نیەبۆ رەوەندی کورد، منالانی کوردی تازەپێگەیشتوو لەئەو ڕپا . بەبیرورای من حزبی کوردی پرۆگرامی سالانەی هەبێت لەناو رەوەندی کورد ، بەتایبەتی ئەو منالانەی تازەپێدەگەن ، بچینەناو ناوەندەسیاسیەئەورپیەکان لەپەرلەمان و حکومەت و ڕێکخراو ەمرۆڤ دۆستەکانیان ....

**“**

**ئەوەی کێشەی کوردی لەهەندەران دەدۆڕێنیت ، پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و ژنان ، یاسایەدواکەوتوەکان ، ئازادی سیاسی و ڕۆژنامەگەری و گەندەڵی بەرپرسانی کوردە**

**“**

# لەکاتــی زیادبوونــی ناکۆکیەکانــی نــاو یەکێتی هیــچ ئالۆزی نەکەوتۆتە ناوهێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان



**دیمانەی : هێدی ئەحمد**

جەبار یاوەر وتەبێژی فەرمی فەرماندەی گشتی هێزی پاراستنی هەرێم لەچاوپێکەوتنێکی کۆڤاری چرکەدا قسە لەسەر هێزەکانی پێشمەرگە وداهاتوی ئەو هێزەدەکات ، تیشك دەخاتەسەر ئەوەی کەلەبەرنامەدایە هێزێکی کوردستانی دروست بکرێت ،کەئەرکی ئەو هێزە پاساوانی و بەرگری کردن دەبێت لەهەرێمی کوردستان ،ئەو ئەگەری هەڵگیرسانی شەر لەنێوان پێشمەرگەو سوپای عێراق بەدور دەزانێ ، ئەوە ڕەتدەکاتەوە کەکاتی ئالۆزبوونی کێشەکانی ناو یەکێتی نیشتمانی هێزی پێشمەرگە لەئینزاردابوبێت ، باس لەیەکخستی موچەو جل وبەرگی هێزی پێشمەرگەدەکات .

## تا ئەو کاتەی ئێمە شەریک بین لەحکومەتی عێراق ، هیچ ڕووبە ڕووبونەوەیەک لەنێوان هێزیپێشمەرگەو سوپای عێراقدا نابێت

**چرکە :دەنگۆی ئەوە هەیە کەئەوبڕگەیەی باس لەدابینکردنی بودجەی هێزی پێشمەرگە دەکات لە ساڵی 2009 لابراوە ، هۆی لابردنی ئەو بڕگەیە چی یە ؟**

جەبار یاوەر : بودجەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن حکومەتی فید ڕاڵی عێراقەوە سەرف نەکراوە، ڕاستە لەساڵی 2007 و 2008 بەشێوەیەکی یاسایی جێگیر کراوە، بەڵام تاکو ئیستا یەك دینار لەحکومەتی عێراق بۆ هێزەکانی پێشمەرگە وەك نەفەقاتی سیادی وەکو بەشیك لەسیستمی بەرگی بۆهێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرف نەکراوە ،تەنها وەکو بڕگەیەکی یاسایی لەموازەنەکەدا هەبوە .

ئێمە پێش دوو مانگ هەستمان کرد لەوپرۆژە یاسایەی گە ڵاڵەکراوە ئەو بڕگەیە لادرابوو ، لەبەر ئەوەی گەرئەو بڕگەیە لابدرێت تۆزێك لە ڕووی قانونی یەوە داکۆکی کردن لەسەر بودجەی پێشمەرگە وەکو بەشێك لەنەفەقاتی سیادی و سیستەمی بەرگری نیشتمانی عێراقی توشی ئیشکالیات دەبوین ، بۆیە داوامان لەئەندام پەرلەمانەکانی کوتلەی هاوپەیمانی کرد داکۆکی لەگەرانەوەی ئەو بڕگەیە بکەن «

**چرکە : حکومەتی عیراق ئیستاکە سەرقاڵی چەک کڕینە، ئەو چەک کڕینەش میکانیزمی بەهێزکردنی جەیشی عێراقی یە، ئایا لەو چەکانەی جەیشی عێراقی دەیکڕێت پشکی هێزی پێشمەرگەی تێدایە ؟**

جەبار یاوەر : هێزی پێشمەرگە بەشێك نی یە لەدەوڵەتی فید ڕاڵ ، پێشمەرگە هێزێکی هەرێمی یە ،بەپێی دەستور ئەرکەکەی پاسەوانی کردنە لەهەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە ئەو کاتەی بودجەی بۆدیاری دەکرێت بەئاگاداری دەوڵەتی عێراق هێزی پێشمەرگە دەتوانێ چەك و تفاق بەپێی ئەوەی بۆی دیاری دەکرێت بکڕێت ، ئەوچەکەی ئیستا دەکردرێت بۆ سوپای عێراقە لەبەر ئەوەی ئەوان بودجەیان لەوەزارەتی بەرگری عێراقە . ئەوەش شتێکی ئاسای یە هەموو دەوڵەتێ سوپای هەیە، دەبێ سوپاکەی چەکی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت پاریزگاری لەو ڵاتەکەی بکات .

**چرکە : زۆرجار لەلیدوانەکاندا باس لە ڕووبە ڕوبونەوەی هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق دەکرێت لەسەر ناوچە ناکۆکیە لەسەرەکان ، ئایا هێزی پێشمەرگە هێندە مونەزەمە بتوانێت ڕووبەڕووی سوپای عێراق ببێتەوە ؟**

جەبار یاوەر : ئێمە وەك هەرێمی کوردستان بەشێکین لەحکومەتی فیدراڵی عێراق، هەم وەك وەکو سەرکردایەتی سیاسی ، هەم وەکو حکومڕانی هەرێمی کوردستان ، دیارە شەراکەی ئێمەش بەئارەزومەندانەیە ، ئیستا ئێمە شەریکن لەپەرلەمان و حکومەت، سوپاسالارەکەی حکومەتی عێراق کوردە ، بە ڕێوەبەری ئیستغباراتی کوردە، بەهەزارەها ئەفسەری تری کورد هەیە لەناو سوپای عێراقدا، تا ئەو کاتەی ئێمە شەریك بین لەحکومەتی عێراق ، پەرلەمانی عێراق و نیزامی سیاسی ، هیچ ڕووبە ڕووبونەوەیەك لەنێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراقدا نابێت .

**چرکە: زۆرجار لەلایەن ئەحزابەکان جگە لەیەکێتی و پارتی گلەیی ئەوە دەکرێت کە هێزی پێشمەرگە هێزێکی نیشتمانی کوردستانی نی یە ،بەڵکو هێزی پارتی و یەکێتی یە ، ئایا ئیش بۆ ئەوە نەکراوە پێشمەرگە ببێتەهێزێکی نیشتمانی و ئەندام و لایەنگری سەرجەم حزبە کوردستانیەکان بەشدار بن تیایدا ؟**

جەبار یاوەر : پێشتر ئینتمای سیاسی ئەو هێزانە بۆلایەنێکی سیاسی دیاری کراوبوو ،بەلام ماوەیەکە فەرەماندەیەکی هاوبەشمان پێك هێناوە بەناوی فەرماندەی گشتی هێزەکانی پاراستی هەرێم کەسەرۆکەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و جیگرەکەی جیگری سەرۆکی هەرێمە ، لیژنەی هاوبەشمان داناوە ماوەی ساڵێکە کار دەکات بۆ ئەوی هەناگاو بەهەنگاو کار بۆ ڕێکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە بکات ، ئەو کاتە ئەو هێزە دەبێتەهێزی پارێزەی هەرێم ، هێزی پاسەوانی کوردستان ، یاساکانی ئەو هێزەکامان یەکخستوە ، میزانی یەی ئەو هێزەمان بۆئەم ساڵ یەك خستوە انشاالله لەنزیکترین کاتدا هێزی پێشمەرگە هێزی یەکێتی و پارتی نامێنێت ، ئەو هێزانە دەبنە هێزی پاسەوانی هەرێمی کوردستان ، و هی هەموو هەرێمی کوردستان دەبن .

**چرکە: هەندێ جار لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەگوترێت کە پێشمەرگە لەلایەن ئەفسەرانی ئیسڕائلی مەشقیان پێدەکرێت ؟تۆ لەم بارەیەوە چ بۆچونێکت هەیە ؟**

جەبار یاوەر : ئەوە تەنها پڕوپاگەندەیەو هیچ بنەمایەکی نی یە، زۆرجار دوژمنانی کورد و هەرێمی کوردستان ئەو تۆمەتانە دەخەنە پاڵ هێزی پێشمەرگە، هێزی پێشمەرگە هیچ پێویستیەکی بەوە نی یە کە کەسێك لەشوێنێکی ترەوە بێت مەشقی پێبکات، یان فێری شێوازی شە ڕی بکات، لەبەرئەوەی هێزی پێشمەرگە بەتجروبەی خۆی ، بەخەباتی دەیان ساڵەی شاخ تەجروبەیەکی یەکجار دۆڵەمەندی هەیە ،ئەوەجگەلەوەی لەدوای ڕاپە ڕینەوە دوو ئەکادیمی سەربازی لەهەرێمی کوردستان دامەزراون لەزاخۆ و لەقەلاچوالان ، ئەوانیش دەیان خولیان کردۆتەوە، ئەفسەری شارەزایان پێگەیاندوە ،ئیستا چەندین ناوەندی مەشقی سەربازی ناوەندی خوێندنگەی سەربازی هەیە لەکوردستان کە دەتوانن مەشق بەهێزی

پێشمەرگە بکەن ، هەرکاتێك بەشێوەیەکی ڕسمی دەوڵەتی عێراق پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل دا کرد ئەوکاتە هەرێمی کوردستان بێگومان وەك بەشێکی دەوڵەتی عێراق پەیوەندی دەبێت ، بە لاّم تائیستا هیچ پەیوەندیەکی سیاسی و ئۆرگانی وسەربازی لەنێوان هەرێمی کوردستان وئیسرائیل دا نی یە .

**چرکە : بۆچی تائیستا موچەی هێزەکانی پێشمەرگە جیاوازە ، لەهەندێ شوێن موچەی پێشمەرگە کەمترە لەهەندێ شوێنی تر ، ئایا بیر لەیەکخستنی موچەی هێزی پێشمەرگە نەکراوەتەوە ؟**

جەبار یاوەر : جۆرەها موچە لەناو هێزی پێشمەرگەدا هەبوە ، بەلا م ئیستا ئێمە میزانی یەکی هاوبەشمان داناوە بۆ هێزی پێمەرگە ، چاوە ڕێدەکەین کە هەر دوو وەزارەتی پێشمەرگە یەك بخرێت ،ئەو کاتە لەزاخۆوە تامەندەلی پێشمەرگە یەك جۆرە جل و بەرگیان لەبەردا دەبێت ویەك موچەیان پێدەدرێت . بەپێی ئەو میزانی یەی دامانڕشتوە و پێشکەش بەحکومەتی هەرێمان کردوە، موچەمان یەك خستوە بۆ هەموو هێزە پێشمەرگە ، بۆ ئەوەی یەك موچە وەربگرن ،موچەکەشیان وەك سەربازی عێراقی دەبێت .

**چرکە : کاتی ئاڵۆزبوونی کێشەکانی ناویەکێتی دەنگۆی ئەوە هەبوو کە پێشمەرگەی یەکێتی لەئینزار دابووە، ئایا ئەمە ئەوە ناگەێنێت کەهێزی پێشمەرگە هێندەی ئینتمای بۆکەس و کوتلەهەیە ، هێندە ئینتمای نیشتمانی نی یە ؟**

جەبار یاوەر : نە هیچ ڕۆژێك و نەهیچ کاتێك ئالۆزی نەکەوتۆتە ناوهێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ، هەرچی وتراوە لەبارەی ئەوەی ئاڵۆزی کەوتبێتەناو هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕاستی یەوە دوربوە ، هەتا هیچ ئینزاریك ، کێشەیەك ، دەمەقاڵەیەك لەناو هێزی پێشمەرەدا نەبوە ، ئێمە وامان کردوە کەهێزی پێشمەرگەی هەموو کوردستان بێت ،لایەنگری نەبێت بۆهیچ لایەك لەکاتی ڕوودانی هەرئاڵۆزیەك .

**چرکە: دوای سەرکەوتی لیستی حدبا لە پارێزگای موسڵ دەنگۆی ئەوە هەیە کە هێزە پێشمەرگە لەو پارێزگایە دەربکرێت ؟**

جەبار یاوەر : هیچ بڕیارێکی وانی یە ، فەقەد لیستی حەدبا چەند جاریك ئوسامەنوجیفی پێشتری لێدوانی دژ بەکورد ودژ بەهێزی پێشمەرگەدا بوو ، تۆمەتی نا ڕەوای دەخستە پاڵ هێزی پێشمەرگەو حزبە سیاسیەکوردیەکان .بەلاّم بەنسبەت کشانەوەی هێزی پێشمەرگە خۆی پێشمەرگە لەناو موسڵ دا نی یە ، هێزی سەبازی عێراقی هەیە ،ئەگەر هیزی پێشمەرگە لەهەندێ ناوچەی سەر بەپاریزگای موسڵ بن ئەوە بەبڕیاری ڕسمی حکومەتی عێراق لەوێن هێزی عێراقی وهێزی فەرەڕەگەزەکان ئاگادارن .



# لاوازبوونی یەکێتی پشکۆکەی یەکگرتوو دەگەشێنێتەوە






لەڕاپۆرتەکانی رابردوو دا هیمامان بۆ ئەوە کرد کە بۆگەشەکردن و فراوانکردنی ئایدیا و بۆچوونەکانی یەکگرتوو پێویستی بەبارودۆخێکی ناسروشتی هەیە، واتە یەکگرتوو هەرگیز ناتوانێت لەبارودۆخی ئاسایدا پەرە بەئایدیاکانی خۆی بدات و بەرنامەکانی جێ بەجێ بکات ،زۆریك لەچاودێرانی یەکگرتوو پیان وایە کە هۆکاری ئەمە دەگە ڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەدایك بوونی یەکگرتوو لەدۆخێکی ئالۆزاویدا بووە، ئالۆزیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلا یەتی ....هتد بۆیە ئەگەر ئەو بارودخە سروشتیە بەشەوزەنگێکی تاریك وێنا بکەین ، ئەوە یەکگرتوو تەنها دەتوانێت لەشەوی تاریکدا کارەکانی خۆی ڕایی بکات، بەرگەی گەرمی تیشکەکانی خۆر ناگرێت .

## خۆتان نوسیتان یان پیان نوسین

فەترەیەك لەمەوبەر چوار حزبەکە (یەکگرتوو ،کۆمەڵ ،سۆسیالست ،زەحمەتکێشان ) ڕاپۆرتێکیان ئاراستەی ڕای گشتی کرد ، ئەگەرچی وەك خۆیان دەیانوت ئەمە پرۆژەی ئەو چوار حزبەیە ،بە لاَم لەنوسینێکی سەرپێی هیچی تری لێنەدەخوێنرایەوە، جگە لەسادەیەکەی کاتێك بەنوسینێك دەگوترێت پڕۆژە ئەگەر ئەو نوسینە لەئەنجامی دراسەیەکی وردو زانستیانەوەخولْقابێت ،ئەمە سەرەڕای ئەوەی بۆنی بۆچونەکانی یەکگرتووی لێدەهات، بیروڕاهەیە کە ئەمینداری گشتی یەکگرتوو ئەو پرۆژەیەی وسیبێتەوە.

ئەگەر چی نابێت ئەم هەوڵەی ئەوان بچوك



بکرێتەوە ، پیویستە بەرز بنرخێنرێت ، بە لاَم ئەم راپۆرتەی ئەوان کۆمەڵێك پرسیاری لای هاولاَتیان دروست کردوە کەئایە ئەوە بۆچونی خۆیان و بەبڕیاری خۆیان بوویان بڕیاری لایەنێکی تروەدەوڵەتانی تر بووە؟، بۆیە دەبێت وەك چۆن ئەوان لەراپۆرتەکەدا باسیان لەناعەدالەتی و گەندەڵی کردوەو راپۆرەتەکەیان بەکاریکی ئەخلاقی سیاسی زانیوە نابێت مەبەست و مەرامێکی دژ بەتەوەیان هەبێت ،دیارە داهاتوە وەلاَمی ئەوپرسیارانە دەداتەوە .

یەککگرتوو هەرسێ حزبەکە دەکات مقاش

هەمیشە یەککگرتوو گەرەکیەتی لەپەنای لایەنی تر و لەژێرپەردەی شاراوەوە ئامانجەکانی خۆی بپێکێت ، یەککگرتو وەك حزبیك توانای ڕووبەڕووبونەوەی واقیعی سیاسی نی یە ،بەڵکو لەبری هەوڵدن قوربانیدانی خۆی لایەنی تر و حزبی تر بەکاردێنێت بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ، لەم کارەشدا هەرسێ حزبەکەی کردۆتە مەقاشێك بۆ ئەوەی هەم پشکۆلەناو ئاگر دەربهێنێت و هەم دەستیشی نەسوتێت ، چونکە تائیستا دروست بوونی ئۆپۆزسیۆن لەناو کایەی سیاسیدا لەلای یەکێتی و پارتی شتێکی نەویستراوە،دەمێك بوو یەککگرتوو بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی جارێکی تر و لەفۆڕمێکی تر ئەسپی خۆی لەمەیدانی سیاسیدا تاو بدات، سود لەو بارودۆخە ببینێت کە لەدەرئەنجامی ئەم کارە بەدی دێت .

## کۆمەڵ گۆڵی حزبە ئیسلامیەکان دەکات

ئەگەر دەرکەوتن و گەشەکردنی یەککگرتوو لەچەند ساڵی ڕابردوودا جێگەی لەسەر وەستانی حزبە عەلمانیەکانی کورد بوبێت ، لەمڕۆدا چیتر یەککگرتوو جیگەی لەسەر وەستان وترس نی یە ، ئەو ترسەی کەپێشتر لەلای زۆربەی ئەحزابەکان دروست بوو بوو لەسەر یەککگرتوو ، ئیستاکە تەواو پێچەوانە بۆتەوە بۆ ئەو حزبانە ، یەککگرتوو جێگەی ترس نی یە ، بەهۆی ئەوەی لەم چەند ساڵەی دوای بەردەوام لەپاشەکشەدا بوە، نەك نەیتوانیوە گەشە بەبیروبۆچونەکانی خۆیی بدات و لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی یەوە گەشە بکات ، بەڵکو نەیتوانیوە پاریزگاری لەهێشتنەوەی ئەندامان و دۆست ولایەنگرانی بکات ، رۆژ بەڕۆژ لە ڕووی قەبارەو ژمارەوە یەککگرتوو لەکورتی دەدات ، لەبەرامبەر ئەوەدا کۆمەڵی ئیسلامی بەهۆی کارکردن و پاراستنی بنەماکانی خۆی وەك حزبێکی ئیسلامی توانیویەتی لە ڕووی ژمارەوە ڕوو لەفراوان بوون بکات، بەشێوەیەك کەزۆربەی شارەزایانی بواری حزبە ئیسلامیەکان پیان وایە کە کۆمەڵ لەماوەیەکی کەمدا توانیویەتی گۆڵ لەهەموو حزبە ئیسلامیەکانی تر بکات ،چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی دنیای دەرەوە ،بەتایبەتیش و لاَتانی دراوسێ بکات .

## ڕاگەیاندن کارانی یەککگرتوو کۆچ دەکەن

ئەگەر بەوردی سەیری ڕاگەیاندنی یەککگرتوو بکەین ، بەروونی بۆمان دەردەکەوێت ڕاگەیاندنێکی دۆگماو ئیفلیجە، لەبارێکی جەقبەستودا ماوەتەوە ، لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی دنیاو ئەمڕۆی کوردستاندا ناگونجێت ، هیچ یەکێك لە ڕاگەیاندنکارەکانی ناو یەککگرتوو نەیاتوانیوە گۆڕان لەکایەی ڕاگەیاندنی ناو یەککگرتوودا بکەن ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆنت ڕۆڵکردنی بەرپرسیاریەتەگرنگەکانی ڕاگەیاندنی حزب لەلایەن تەیاری موحافیزکارەوە ، بۆیە دەبینین ڕاگەیاندکارەکانی یەککگرتوو دوای ماوەیەکی کەم لەکارکردن ڕاگەیاندنی یەککگرتوو بەجێدەهێڵن و لەرۆژنامەوە گۆڤارو کەناڵەجیاجیاکانی تر کاردەکەن بەتایبەت ڕاگەیاندنە ئەهلیەکان و کۆمپانیای ووشەی نەوشیروان مستەفا، بەشێوەیەك ئیستاکە ڕۆژنامەی هاو لاَتی ، ئاوێنە، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ، گۆڤاری لڤین، گۆڤاری ڕێگا، ڕادیۆی نەوا.....هتد پرن لەئەندامان و لایەنگرانی پێشوی یەککگرتوو، یەککگرتوش لە ڕۆیشتنی ئەوڕاگەیاندکارانە بێدەنگەو نوقەی لێوەنایەت .

یەکێك لەوڕۆژنامەنوسانەی کەپێشتر لەڕاگەیاندنی یەککگرتوو کاری دەکرد و ئیستاکە کار بۆگۆڤاری لڤین و ڕێگا دەکات پێی وایە هۆکاری بیدەنگی یەککگرتوو لەبەرامبەر ڕۆیشتنی ئەندامانی ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە بۆدوو هۆکار ، هۆکاریی یەکەم ئەوەیە کە ئەو کۆنە یەککگرتوانە دەتوانن لەناو ئەو کەنا لاَنەدا دژایەتی حزبەبا لاَدەستەکانی هەریمی کوردستان بکەن ، شتەجۆراوجۆرەکان بوروژێنن، کەئەمەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەبەرژەوەندی یەککگرتوودایە، بەم کارە یەککگرتوو شەڕەکانی خۆی دەباتە دەرەوەی حزب بیقوبانیدان دەتوانێت ئاکامەکانی خۆی وەدیبێنێت، هۆکاری دووەم دەگڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چونی ئەو یەککگرتوانە بۆ ناو ئەو کەنا لاَنە یەککگرتوو لەبارقورسێکی ماددی زۆر ڕزگار دەکات ، چونکە یەککگرتوو لەو مەلا تەقلیدیانە دەچێت کە تەنها دەست ڕادەکێشن بۆ وەرگرتن ، قەد لەگەڵ پێدانی شت بەکەسی بەرامبەر نی یە.

## ئالۆزیەکانی یەکێتی لە بەرژەوەندی ئیسلامیەکاندایە

ئالۆزیەکانی ئەم دوایەی ناومەکتەب سیاسی یەکێنی نیشتنانی بوەجیگەی نیگەرانی بەشێکی زۆر لەحزبە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی ،بەهۆی ئەوەی ئەو ئالۆزیە دەبێتە هۆی پەکخستنی یەکێتی وبەهێز بوونی حزبە ئیسلامیەکان ، ئیسلامیەکان لەکوردستاندا دوای پارتی دەکاتە هێزی دووەم ، یەکێتی لەحزبیکی گەورەوە دەباتە خانەی بەسا لاَ چونی سیاسی .

حزبە ئیسلامیەکان بەگشتی و یەککگرتوو بەتایبەتی ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی بینی لەئاراستەکردن و زەقکردنەوەی کێشەکانی ناو یەکێتی لە ڕاگەیاندنەکاندا ، چونکە بیرمان نەچێت بەدرێژایی مێژوو لەناو یەکێتیدا فرەبیروبۆچونی هەبوە، ئەوەی ئەو بۆچونانەی کردە بۆمبێکی تەوقیت کراو کەناڵەڕاگەیاندنەکان بوون ، لەناو کەناڵە ڕاگەیاندنەکانیش کۆنە یەککگرتوەکان .

# پارتی حزبە میوانەکەی ڕانیە دەبێتە خاوەن ماڵ

## ڕانیە خەون بەپارێزگابونەوە دەبینێت

**ڕاپۆرتی شیکاری :**



کاتێك لەدەروازەی شاری ڕانیە دەچیتە ناوەوە شاریك دەبنیت كە بۆن و سیمای پاریزگای لێدێت ، شاریكی فراوان ، شاریك بەرهەم هێنەری ئازادی و خولْقاندنی حكومەتی هەرێم ، بەڵام لەهەمان كاتدا شاریك لێوان لێو لەنا ڕەزایی هاو ڵاتیان ، نا ڕەزاییەك كە هەمیشە پێشبینی دەكرێت لە ڕۆژێكی وەك پێنجی سێدا هاو ڵاتیان لەبری گێڕانی شادی ڕاپەڕینێكی تر بەرپا بكەن ، بەڵام ڕاپەڕینی ئەمجارەجیاواز لەڕاپە ڕینی پێنجی سێی ساڵی نەود ویەك دەبێت ، ئەمجارە لەبری دەركردنی دەسە ڵاتی بەعسی دكتاتۆر ، شار لەبەرپرسە گەندەڵەكان پاك دەكرێتەوە . كاتێك بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕاپۆرتە شیكاریە سەردانی شارەكەم كرد ، شارەكەم وەك بۆمبێك بینی ، بۆمبێك لەچاوە ڕوانی تەقینەوەدا لەسەر پێ وەستاوە ،چاوەڕوانی بڕیارەكانی هاو ڵاتیان دەكات ، چونكە هەموو ئەوانەی من دواندم لەم ڕاپۆرتەدا كۆك بوون لەسەر ئەوەی كە بەڵینەكانی بەرپرسان چیتر ناتوانێت خرۆشانی جەماوەر ، كلْپەی گرگرتوی دانیشتوانی ناوچەكە بكوژێنێتەوە .

## ڕانیە خەون بەپارێزگاوە دەبینێت

هەژدە ساڵ لەمەوبەر لەسەر زای كۆسرەت ڕەسوڵ یەكێتی بەڵێنی بەپاریزگابوونی بەدانیشتوانی شارەكەدا ، بەڵێنێك بەرای هاو ڵاتیان لەخەونێكی كۆتا هاتوو دەچێت ، ئەگەرچی تائیستاش ئەو بڕیارە لەزهنی هەموو هاو ڵاتیانی ناوچەدا جێگیرەو خەون بەهاتنەدی دەبینن ، بەڵام هێندە بەرامبەر بەڵێنە نەهاتوەدیەكانی بەرپرسانی یەكێتی یەوە ڕەشبینن ، كەپیان وایە ئیتر لەبری چاوەڕوانی بوونەپارێزگای رانیە پێویستە بەرپرسان بەدەركردن بدرێن ، بەتایبەت ئەو بەرپرسانەی پێنجی ئازاریان كردە پەیژەیەو بەسەریدا سەركەوتن بۆ دنیای خۆشگوزەرانی و خۆدۆڵەمەندكرنی ماڵ و منداڵ وبنەماڵە.

## ڕانیە شاری فرەكوێخایی

ئەوەی ڕانیە لەشارەكانی تری كوردستان جیادەكاتەوە ، سەرەڕای كۆمە ڵایەتی خەڵكەكە ، ئەوەیەكە تەنها یەك قایمقام ویەك براگەورەو یەك بەرپرسی نی یە ، بەرپرسێك كەبەتەنها بڕیار بدات ، بەڵكو رانیە بەدەست



فرەکویخای یەوە دەناڵێنێت ، ئەو کوێخایانەی لەماڵەکانی خۆیان ولەسەر کورسیەکانیان بڕیار دەدەن ، یان ب ڕیاری بەرپرسانی تر ڕەت دەکەنەوە ، کویخاکانی رانیە بریتین لە (قایمقام ،سەرۆکی شارەوانی ، ئاکۆ ئاغا ،بەرپرسی مەڵبەدنی یەکێتی ، دەستەی هاوکاری ،......) ئەو فرەکوێخایە وای کردوە دەیان و سەدان پرۆژەی خزمەت گوزاری لەناوسەنتەری قەزاو ناحیەو گوندەکاندا جێ بەجێ نەکرێت ، وەك پرۆژەی دوسایدی نێوان ڕانیەو سەرکەپکان کەزیاتر لەپێنج ساڵە بڕیاری لەسەر دراوە بەڵام بەهۆی ڕازی نەبوونی ئاغاکانی عەشیرەتی ئاکۆیان تائیستا جێ بەجێ نەکراوە، پرۆژی جوانکردن و سەوزکردنی شار کەلەلاین سەرۆکی شارەوانیەوەلەبەر ئەوەی لەلایەن قایمقامەوە بڕ یاری لەسەر درا لەلایەن سەرۆکی شارەوانیەوە ڕاگیرا ، دروستکردنی دووهەزار خانو و دابەشکردنی زەوی و شوقە بەسەر فەرمانبەراندا لەلایەن قایمقامەوە ، ڕاگرتنی زیاتر لەدووهەزار پارچە زەوی دابەش کراو لەچوار قورنە لەلایەن ماڵی ئاغاکانەوە .... ئەمانەو چەندین پرۆژەی تر کەلەلایەن هاو ڵاتیانەوە نیگەرانی یەکی زۆری دروست کردوە ،وای کردوە هاو ڵاتیان ڕقیان لەهەموو بەرپرسان ببێتەوە .

## ناكۆكیەكانی نێوان بەرپرسان

زۆرێك لەو نوسەرو ڕۆشنبیرانەی بۆ ئەم ڕاپۆرتە قسەیان بۆکردین ،ئاماژەیان دابەوەی کە ڕانیە کۆپی کراوی یەکێتی یە ، بەشێوەیەك وەك چۆن منافەسەکانی ناوبەرپرسانی مەکتەب سیاسی یەکێتی وای کردوە ئەو حزبە بەئاقارێکی نادیاردا هەنگاو بنێت ، بەهەمان شێوەش ناکۆکی نێوان بەرپرسان و کەسایەتی یە دیارەکانی ناو ڕانیە شارەکەی بەوێرانە هێشتۆتەوە ، زۆر بەزەقی چەندین جۆر منافەسە دەبینرێت ، وەك منافەسەی نێوان قایمقام و سەرۆکی شارەوانی ، کەچەندین جار لەلایەن قایمقامەوە سەرۆکی شارەوانی لەسەر کار لادراوە ، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئاکۆعەباس ئاغا لەپشت سەرۆکی شارەوانیەوەیە قایمقام نەیتوانیەوە کارەکەی بەئەنجام بگەێنێت ،لەلایەکی ترەوە ناکۆکێکی توند لە نێوان بەرپرسی مەڵبەندی هەشتی ڕاپە ڕینی یەکێتی و ئاکۆعەباس ئاغا دا هەیە ، ئەمەجگە لەوەی کە کوتلەکانی ناو یەکێتی دەستیان خستۆتە ناو سەرجەم دەزگاکان ئەوەی بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی بڕیاری لەسەر بدات لەلایەن جێگری یەکەمی کەسەر بەباڵی کۆسرەت ڕەسوڵە وخاوەن پێگەیەکی دیارە لەناوچەکەدا ڕەت دەکرێتەوە ....

پارتی لەمیوانەوە دەبێتە خاوەن ماڵ بەدرێژایی چەندین ساڵی ڕابردوو گەر ناوی ڕانیە بهاتایە واوێنەی شارەکە دەکرا کەتەنها یەکێتی لەناوچەکەدا هەیە ،بە ڵام زۆربەی ڕۆشنبیران کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە ئیستاکە یەکێتی لەناوچەکە تەواو لەپاشەکشەدایەو حزبەکانی تر بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان خەریکە دەست دەگرێت بەسەر شارەکەدا و بەردەوام لەناوچەکەدا جەماوەری ڕوولەزیاد بوونە . یەکێك لەنوسەرەکان پێی ووتم کە ئیستاکە سەدان دەرچووی پەیمانگاو زانکۆ و خوێندنی با ڵا پەیوەندیان کردوە بەپارتی وداوای ئەوەیان کردووە ببنەکادیری ئەو حزبە ، بە ڵام داواکەیان ڕاگیراوە بۆ دوای کۆنگری سێزدە . هەرئەو سەچاوەیە ووتی « کەچەند ساڵێك لەمەوبەر بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لەوە ڵامی بینینی ستافی لقی یازدەی پارتی ووتبوی کە پارتی میوانە لە ڕانیە و ئێمە خاوەن ماڵین ،بۆیە ناکرێت بیانکەین بەخاوەن ماڵ « زۆرێك لەرۆشنبیران گەشەکردنی حزبە سیاسیەکان بەگشتی و پارتی بەتایبەتی دەگێ ڕنەوە بۆ کەمترخەمی بەرپرسانی یەکێتی لەناوچەکە و کارایی ستافی لقی یازدە ، بەتایبەت کراوەیی (هەڵۆ ئەحمد کوردە)بەرپرسی لقی یازدە ، کە کەسێکی تێگەیشتوە توانیویەتی بەسەدان کەسی دیار لەناوچەکە بکاتە ئەندام و لایەنگری پارتی .

## پێشنیارەكانی لق ڕادەگیرێن

هەندێ لەنوێنەرانی حزبە سیاسیەکان داوا لەلقی یازدە دەکەن بۆ ئەوەی وەك نوێنەری شاری ڕانیە سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن ،دواکاری هاو ڵاتیانی ناوچەکەی پێبگەێنن ، لەو نا ڕەزایەی کەهەیە ئاگاداری بکەنەوە ، لەوەڵامدا بەرپرسیی لقی یازدە ڕەزامەندی لەسەر داواکە دەردەبڕێت پیان دەڵێت « کەمن لێرەوە بەڵێنی ئەوە دەدەم کەبڕی پازدە ملیۆن دۆلار بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەك سەرف بکرێت ،بەڵا م کاتێك مەڵبەند ئەوە دەزانێت نوێنەری خۆیان پاشەکشە پێدەکەن و سەردانەکە سەر ناگرێت . دواتر لەبەرامبەر ئەو قسەیەی بەرپرسی لقی پارتی مەڵبەندی هەشت و قایمقام لەماوەیەکی کورتدا بڕیار دەدەن وەك نوێنەری شار سەردانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بکەن ،بەڵام لەم سەردانەدا تەنها ئەو کەسانە دەبنە یاوەری نوێنەری مەڵبەندو قایمقام کە دۆستی نزیك و ئەندامی یەکێتین . یەکێك لەوکەسانەی لەم سەردانەی عمر فەتاعدا بەشدار بوو بوو پێی ڕاگەیاندین کە سەردانەکەمان هیچ ئەنجامێکی نەبوو ،سەرەڕای ئەوەی هیچی بۆ جێبەجێنەکردین ، کەوتە هە ڕەشەکردن لێمان و ووتی کەس داوای هیچ پرۆژەیەك نەکات بۆ ڕانیە چونکە زۆری بۆکراوە . دوای گە ڕانەوەیان وەفدەکە لەمەڵبەندی یەکێتی کۆبونەویەك دەکەن و بەرپرسی مەڵبەندو قایمقام هە ڕەشی ئەوە دەکات کە هەرکەسێك دەرئەنجامی ئەو سەردانەی عمر فەتاع ئاشکرا بکات سزادەدرێت . یەکێتی هەوڵی گۆ ڕینی مێژوو دەدات بەفەرمی ڕ ۆژی پێنجی سێ کە ڕۆژ سەرهەڵدانی ڕاپە ڕینی ساڵی نەوەدو یەکەلەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کراوە بە ڕۆژی ڕاپەڕین و ئەم ڕۆژە کراوە بەپشوی ڕسمی لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان ،بەڵام ئەوەی هاو ڵاتیانی رانیە لێی نیگەرانن ئەوەیە کە یەکێتی لەڕیگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیەوە چەند ساڵێکە لەهەوڵی ئەوەدایە چواری سێ بکاتە ڕۆژی ڕاپەڕین ، بەشێوەیك ئەم هەوڵەی یەکێتی بۆتە جێگەی دلگرانی ڕانیەیەکان ، وەك نا ڕەزاییەکیش ساڵی ڕابردوو ڕێگەیان نەدا هی بەرپرسێکی یەکێتی بێتە ناوشارەکە ، تەنانەت یادەکەش بەشێوەیەکی زۆر ساردو سڕ بە ڕێوەچوو .

**بيلال سليمان بۆ چركە**

# بە ماموستا كريكار ئەليم ئەگەر بنەمايەک و دەليليٚكی هەيە بو قسەكانی لەسەر كۆمەڵی ئيسلامی با بيٚمنەت بيت و بيخاتە روو

سازدانی :چركە



بيلال سليمان لەساڵی1987 پەيوەندی كردوە بە بزوتنەوەی ئيسلامی كوردستان وەک پيشمەرگەيەک هەموو پلەكانی پيشمەرگايەتيی و ريكخستنی يەک لەدوای يەک بڕيوە تا لە كونگرەی سالی 2000 بە ئەندامی سەركردايەتی بزوتنەوەی يەكبونی ئيسلامی هەڵبژيٚردراوە و ئيستاش ئەندامی سەركردايەتی كومەلی ئيسلامی و بەرپرسی پەيوەنديەكانی كومەلی ئيسلامی يە لە تاران . ئەو لەديمانەيەكی تايبەتدا قسەلەسەر واقيعی ئيستای كۆمەڵ دەكات ، وەڵامی ئەو نوسينەی مەلاكريكار دەداتەوەكە كۆمەڵی ئيسلامی بەژمارەی ئيران داناوە ، ئەوە ڕەت دەكاتەوە كەلەلايەن ئيرانەوە هاوكاری بكريٚن ، قسەلەسەر هۆكارەكانی بيٚدەنگی كۆمەڵی ئيسلامی دەكات لەمەڕتيرۆركردنی مەلا عبداللەی قەسەرێ كەچەند ساڵيٚک لەمەوبەر لەلايەن يەكيٚتی لەبازگەی تاسلوجە لەگەڵ چەند پاسەوانيٚكی شەهيد كرا

# کۆمەڵی ئیسلامی بۆ پێک هێنانی لیستێکی هەڵبژاردن لەگەڵ یەکگرتودا ڕاپرسی لەناو ئەندامانی دەکات

**چرکە: لەدیمانەیەکــی گۆڤارەکەماندا مەلا کریکار کۆمەڵی ئیســلامی بەژمــارەی ئیرانــی دەزانی ، ئێــوە وەک کۆمەڵی ئیسلامی چۆن بۆ ئەم بیرو ڕایە دە ڕوانن کە پێی وایە ئێوە دروست کراوی ئیرانن ؟**

بیلال ســلێمان : کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر بیر وباوەرو پێویســتی واقیعی ئەوکاتەی بزوتنەوەی یەکبونی ئیســلامی و دوای کونگرەی ســاڵی دوهەزار, وەك تەوژمێکی تازەو بنەمای ســەر بەخۆ ڕاگەیەنرا و بەبریاری خۆی وە لە پیناوی بەرژەوەندیەکانــی گەلەکەمان و موســلمانانی کوردســتان، وە هیچ پیویســتیەکی بە بڕیاری ئیــران و هیــچ لایەنیکی تــری دەرەکی و ناو خوێی نەبووە . بەتایبــەت ئیرانیەکان نەك هەر رازی نەبون بە ڕاگەیاندنی کۆمەلی ئیسلامی بەڵکو هەندێکیان هەرەشەشــیان لــێ ئەکردین بەبیانوی ئەوەی نابێت ئێمە لە ســنوری ئەوان حزبێــك ڕابگەیەنیــن کە هیچ پرســێك بەوان نەکراوە، بەڵام پاشــان ئیران و غەیری ئیرانیش لەگەل ئەمری واقیــع تەعامولیان کردو ئێمەش وەك هەر حزبیکی تری کوردســتان پەیوەندیمان لەگەڵیان هەیەو ئەوەش بۆ کومەلی ئیســلامی قووەتــە نەك بێهیزی وەك هەندێ کەســی وەك ماموســتا کریکار بەمەبەستی تایبەت ئەیەوێت بەشیوەی زوعف نیشــانی بدەن وە ئێمە لە سەر بنەمای ئایەتی قورئانی پیروز کە ئەفەرویت (یا أيها الناسُ إنا خلقناكم من ذكرٍ وأنثى وجعلناكم شعوبًا وقبائل لتعارفوا إن أكرمكم عند الله اتقاكم إن الله عليم خبير) حەز ئەکەین لەگەڵ هەموو لایــەك پەیوەندیەکانمان بەهێز بکەیــن وە ئێمە جگە لە جمهوری ئیســلامی لە گەڵ چەندین وڵاتی تری دونیا لە ئیســلامی و نا ئیسلامی پەیوەندیمان هەیە . ســەبارەت بە وتەکانی برای بەریزم ماموســتا کریکار بــو چەندین جارە لەو جورە قسانە دوبارەو چەندبارە ئەکاتەوە وکۆمەڵی ئیسلامیش بەشیوەیەکی ڕسمی رەتی کردۆتەوە و ئەو قسانەی ماموستا کریکاریش تەنها چەند بوختانێکە بۆ کۆمەلی ئیسلامی دروستی کردوە و هیچی تر. پەیوەندیەکانی کومەڵی ئیسلامی هەروەك ماموّســتا کریکاری بەریز ئەڵیت درێژە پێدەری ئەو پەیوەندیانەیە کە لەسەردەمی شاخدا هەیبــوە لەگەڵ کۆماری ئیســلامی ئیراندا وە شــەخێی ماموســتا کریکار ئەندامیکی بالای ئەوحیزبە بووە لــەو کاتەدا وە هیچ کاتیك نەبوە گلەیی لەو پەیوەندیانە بکات .وە من بە جەنابی ماموســتا کریــکار ئەلیم ئەگــەر بنەمایەك و دەلیلێکی هەیە بو قســەکانی بــا بێمنەت بیت و بیخاتــە روو ( قول هاتــو برهانکم این کنتم ڕادقین ) .ماموستا کریکار دەعوەت ئەکەم بو ناو کومەلی ئیسلامی و داوای لێ ئەکەم بێت لە ناو ریزەکانی کومەلی ئیســلامی بەیەکەوە خزمەت بکەین و واز لەو ناووناتورانە بێنیت کە نەخزمەت بە جەنابیان و نە بە هیچ موســلمانیك ناکات . هەبــوە نــاو ناتورەیان بــو دروســت بکریت . ئــەوەش بــەدرو ئەخەینەوەکــە لەســەر داوای ئیتلاعاتی ایران ئێمە مێهرەجان و خۆپێشاندانمان کردبیت بەڵکو خۆمان بەواجبیکی شــەرعیمان زانیوە و ئەوەش بە تەنســیق لەگەل برایانمان لە یەکگرتوی ئیسلامی و بە پشتوانی جەماوەری موســلمانی کوردســتان بوەو ئەگــەر لەوەش زیاترمان بو کرابا، بومان ئەکردن بەڵام بەداخەوە هەر ئەوەندەمان لە دەســت هــات لەو قوناغەدا.

**چرکە : یەکێک لەئەندامانی مەکتەب سیاسی ئێوە لەلایەن ئەمریــکاوە بەوە تاوانبار کراوە کە لەپشــت هەندێ کاری توندوتیــژی و کارەکانی ئەنساروئیســلامەوەیە، ئێســتاکە دڵشــاد کەلاری لەئیران نیشتەجێ یە بۆچی گەر بێ تاوانە نەی توانیوە بگە ڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان ؟**

بیلال سلێمان : ئێمە ئەوە ڕەت ئەکەینەوە کە هیچ دەلیلێك هەبێت کە کاك دلشاد گەرمیانی دەستی هەبوبێــت لەکاری توندو تیژی هاوکاری لەگەل انیاڕواسلام . کاك دلشاد هیچ کیشەیەکی لەگەل لایەنە کوردســتانیەکان دا نیە تەنها کیشەکەی ئەو لەگەڵ ئەمریکیەکانە کە چەند تومەتێکیان داوەتە پاڵ من وا نازانم هیچ دەلیلێکیشیان هەبێت هۆکاری نەگەرانەوەشی بۆ کوردستان تەنها هەر ئەوە یەو بەس . ئەمریکا لە کوردســتان و عیراق هەرچــی بیەوێت ئەنجامی ئــەدات ئێمە هیچ بڕوایەکمان بە بەڵێنەکانی ئەمریکا نییە چونکە ئێمە خۆمان تەجروبەمان لەگەڵیان هەیە لە دەعوەت کردن و پاشان دەستگیری کردنی ماموستا علی باپیر و وەفدی هاورێی لە شــارۆچکەی دوکان ئەوەش باشــترین دەلیل و بەڵگەیە کە ئەمریکا

**چرکــە: دەنگــۆی ئــەوە هەبوو کە ئــەو خۆپیشــاندانەی بۆ پشــتیوانی مســوڵمانانی غــەزە ئەنجامــدرا بەبڕیاری ئیتلاعاتــی ئیــران بوە ،ئیــران داوای لەکۆمەڵی ئیســلامی کردوە هەڵوێستی لەو شێوە بنوێنن؟**

بیلال ســلێمان : ئەیــڵ لەپشــتیوانی کردنی موســلمانانی غەزە و غەیری موســلمانیش کە ستەمیان لی بکرێت لە هەرشوێنیکی ئەم دونیایە دا پشــتیوانی لێکردن و بەتەنگەوە هاتنیانەوە بە کارێکی پێوست و شەرعی ئەزانین . ئەوانەش کە ئەم جورە قسانە ئەکەن و هەڵوێستیان نەبوە بۆیان جیگەی شــەرمەزاریە، ئەبوایە وەك هەر ئازادی خوازیکی دونیا هەڵوێســتیان ببوایە ئەگەر وەك موســلمانیش نا وەك مروڤ، ئەو هەمو قەتل و عامەی رژیمی زایونی ئیســرائیل کە بەرامبەر بــە خەلکی بــی دیفاعی غــەزە ئەنجامیاندا شــتیکی کەم نەبو . نەك ئەوانەی هەلویستیان

سڵ ناكاتەوە لە هەر كارێك كە بە مەسلەحەتی خۆی بزانیت با ئەو كارەشی پێچەوانەی هەمو بنەماكانی یاساو رێساكانی مافی مرۆڤ بیت.

**چركە: دەنگۆی ئەوە هەیە كە ئێوە لەگەڵ یەكگرتوو لیستێكی ئیسلامی بۆ هەڵبژاردنەكان پێک بێنن ، تاچەند بزوتنەوەی ئیسلامی هاوكۆكە لەگەڵ ئەو لیستە ئیسلامیەدا ؟**

بیلال سلێمان : تا ئیستا بڕیارمان لە سەر هیچ جۆرە لیستێك نەداوە بڕیاری كۆتایش لە لایەن كومەلی ئیسلامیەوە ئەگەرێتەوە بو سەركردایەتی كۆمەڵی ئیسلامی و هەموو ئەگەرەكانیش لەبەردەممان والآن هەرچی بە باشی بزانین بۆگەلەكەمان پاشان بۆكومەلی ئیسلامی ئەوە ئەكەین و دەستمان كراوەیە و هیچ بریاریكی پێشوەختیشمان نەداوە . چاوەرێی نەتیجەی ئەو راپرسیەین كە ئەنجامداراوە لە ناوخۆی كۆمەڵی ئیسلامی بو پرس و ڕاویژ بە ئەندامانمان بزانین نەتیجەكەی چی ئەبێت و زور ترین ڕای ئەندامان لەسەر چییە.

**چركە : زۆرجار كۆمەڵ بەوە تاوانبار دەكرێت كە سیاسەتێكی جێگیری نی یە ،بۆنمونە پێشتر بانگەشەی جیهادو چەک هەڵگرتنی دەكرد و رێچكەی یەكگرتوتان بە شتێكی ناشیاو دەزانی كەچی ئێستاكە ئێوە هاتونەتە سەر ئەو بڕوایەی كە یەكگرتو دەیان ساڵ پێش ئێستا لەسەری كاری دەكرد ؟**

بیلال سلێمان : ئێمە لە كۆمەڵی ئیسلامی بڕوامان بە گوڕان هەیە لە ئامرازەكاندا لە كاتیكدا ئامانج نەگوڕە، چەك هەڵگرتن بە ئامراز دەزانین بو گەیشتن بە ئامانج . ئەوكاتەش كە چەكمان هەڵگرتوە بەپیویستمان زانیوە ئێستاش ئەم حاڵەتەی ئێستامان بەباش ئەزانین بو بەجێ گەیاندنی بەرژەوەندیەكانی دین و ژینی گەلەكەمان . بۆهەرحاڵەتیكی پێویست كە ڕوو لە گەل و نیشتیمانەكەمان بكات ئێمە بەپێی داخوازیەكانی ئەو قوناغە و پێویستیەكانی هەڵسوكەوتمان دەبیت . ئێمە نەهاتوینە سەر بڕوای یەكگرتو بەڵكو پێمان وایە لەم قوناغە ئەوە پێویست ئەكات .

**چركە:بۆچی تائیستا كەیسی تیرۆركردنی مەلاعبداللەی قەسرێ لەلایەن كۆمەڵەوە بێدەنگی لێكراوە ،لەكاتێكدا دەگوترێت سەرجەم بكوژەكانی دیارن ؟**

هەر لەو نیوەندەدا سایتی دوربین كە سەر بە ملاكریكارە نوسیویەتی سالی 1998 جەنابتان لە سەیتەرەی دەربەندی رانیە كەمینتان بو دانراوەو تەقەتان لی كراوە بەلام شاردوتانەوەو باستان نەكردوە هەر وەك ئەوەی ئیستا باس لە تیروكردنی ملاعبدالله قەسری ناكەن ؟

بیلال سلێمان:ماموستا عبدالله ی قەسرێ خوای گەورە بە شەهید قبولی بكات( انشالله) ماموستای بەرزو بەرێز و خزمەتگوزاری گەلەكەی، هەروەك ڕوون و ئاشكرایە ماموستای شەهید موڵكی هەمو لایەك بوو پیاویكی سود بەخش بوو بۆ گەلەكەی، هەرچەند شەهید بوو و خوێنەكەشی كلپەی شورش و سەركەوتنێكی تربوو وە زیاتر ئاشكرا بوونی مەزڵومیەتێكی تری كۆمەڵی ئیسلامی لەكوردستان .بێدەنگی كەیسەكەیش دەگەریتەوە بو ئەوەی كیشەكە بە یۆڵح كوتای پێهنرا وە.

سەبارەت بەو كەمین و تەقە لیكردنەی كە لەسالی 1998 كەلە بەندە كراوە لە سەیتەرەی ژاراوە بوو ،نەك دەربەندی رانیە راستیەكەی بەم شیوەیە نییە كە سایتەكە باسی كردوە و ئەیەویت بە شیوەیەكی گوماناوی بیخاتەرو . ئیمە لە سالی 1998 لەگەل ماموستا كریكارو چەند برایەكی تر لە هەلەبجەوە سەردانی رانیە مانكرد كە ئەوكاتە ماوەیەكی كەم بوو مەلبەندی رانیەی بزوتنەوەی ئیسلامی پیشو دووبارە كرابویەوە دوای ئەوەی هەندی شەرو ئالوزی كەوتبوە نیوان یەكیەتی و بزوتنەوە. دوای ئەوەی گەیشتینە رانیە بەندە بو سەردانیكی تایبەتی خزمانم چوم بو قەلادزە و لەگەرانەوەمان لە سیتەرەی ژاراوە دوای ئەوەی وەستاین و پاشان پییان وتین بفەرموون برون سەیارەكەی ئیمەش جولاو كە تەنها یەك سەیارەبوینو خۆمو سەیاقو چوار( پ م ) كەوەك حیمایە لەگەلم دا بون وە بە نزیكی دە مەتریك لە بازگەكە دور كەوتبوینەوە یەكی لە پیشمەرگەكانی حیمایە هاواری كرد وتی بە سەیاقەكەمان بوەستە وا خەریكە لە دواوە بە (ئار بی جی) لیمان ئەدەن بویە منیش كە سەیری دواوەم كرد بینم كەسیك لە ناوەراستی



جادەکە وەستاوەو (ئار بی جی) یەکی لەسەر شانەو روی کردوەتە سەیارەکەی ئیمە بویە لەگەل وەستانی سەیارەکە تەقەو شەر دروست بوو پاشان ئەو کەسەی کە( ئار بی جی ) هەلگرتبو بە بریندارى دەستگیر کراو لەگەل خومان هینامان هەرچەند بازگەی دەربەندی رانیە هەوالەکەیان زانی بو وە کەمینیان دانابو بەلام هەرچون بوو لەو بازگەیەش رەت بوینو بریندارەکەمان گەیاندە مەلبەندی رانیەو لەو کاتەدا شەخێی ماموستا کریکار وە چەند بەریزی تری لیبون نزیکەی دوای یەك سەعات وەفدیکی برادەرانی یەکیەتی نیشتمانی سەردانی مەلبەندیان کردو بەئامادەبونی ماموستا کریکار و شەید مامستا عبداللە قەسری بریندارەکەمان تەسلیم کردنەوە ئەوانیش رایان گەیاند کە ئەوە کاریکی شەخێی بووەو ئەوان وەك یەکیەتی ئامادەن لەگەل چەکدارەکان ئیجرائاتی پیویست ئەنجام بدەن . دیارە تەسلیم کردنەوەکەش هەر بەو نیەتە بوو کە کێشەکە گەورە تر نەبێت و نەبێتە هۆکار بۆ دروست بونی شەرێکی نەخوازراو . پاشان لیژنەیەکی هاوبەشی بو دروست کرا بە سەر پەرشتی شەخێی جەنابی مام جلال وە دەرکەوت کە ئەو مەسەلەیە شتیکی بەر نامە بۆ داریژراوی یەکیەتی نەبوە بەڵکو شتێکی شەخێی بوو لە لایەن چەکدارەکانی بازگەکەوە . دواتر کیشەکە چارەسە کراو کوتای پی هات. بەلام سەیر ئەوەیە دوای یانزە سال بۆچی سایتی دوربینی سەر بە ماموستا کریکار ئەم مەسەلەیە جارێکی تر ئەوروژینیت و ئەبیت ئامانجی چی بیت لو باسە إ إ.

**چرکە: بەبڕوای تۆ کۆمەڵی ئیسلامی ئیستاکە لەچ پێگەیەکی سیاسیدایە ؟**

بیلال سلێمان : دوای ئەوەی کومەلی ئیسلامی توانیویەتی تارادەیەکی باش ئامانجی خۆی بۆ گەلی کوردستان و دەرەوەی کوردستان رون بکاتەوە و ستراتیژیەتی کاری خۆی رابگەیەنیت کۆمەل پیشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوەو من خوم گەش بینم ئاسوی کومەلی ئیسلامی رون ئەبینم وا ئەزانم لە ئایندەیەکی نزیك دا پێگەی سیاسی و جەماوەری لەوەش زیاتر بەرەو پێش و بە هیز تر دەبیت و ئەتوانێت خزمەتی زیاتر بە گەلی کوردستان بکات . دیارە بۆ ئەوەش پێویستە تاك تاکی ئەندامانی کۆمەلی ئیسلامی زیاتر لەخۆبوردو ماندو نەناس بن بۆ خزمەتی گەل و ولات لە هەمو لایەنەکانی سیاسی و خزمەت گوزاری و کومەلایەتی و ......چونکە کارەکەیان هەم بۆ دونیاو خزمەتی خەلکەو لە دوا روژیش چاوەرێن خوای گەورە پاداشتیان بداتەوە .

**چرکە: هەندێ خەڵکی عەلمانی گومان لەسەربەخۆی ئابوری کۆمەڵ هەیە پیان وایە بەو بڕە بودجەیەی کەلەحکومەت وەریدەگرن ناتوانرێت کەناڵێکی ئاسمانی و ئەو چالاکیانەی کۆمەڵی پێ ئەنجامبدرێت ، ئایا کۆمەڵی ئیسلامی هیچ سەرچاوەیەکی مادی لە کۆماری ئیسلامی ئیران ،یاخود لەشوێنی تر هەیە ؟**

بیلال سلێمان : سەرچاوەی سەرەرەکی دارای کومەلی ئیسلامی ئەو برە بوجەیەیە کە لە هەردو وەزارەتی مالی حکومەتی هەریم وەری ئەگریت , جێی خویەتی سوپا سو دەست خوشی لەو بەریزانە بکەم لە جەماوەری موسلمانی گەلەکەمان کە بەشیوەیەکی باش هاوکاری مالی پیشکەش بە کومەلی ئیسلامی ئەکەن لە ئیستاو لە رابوردودا بە مەبەستی بەرەو پیش بردنی کارەکانی . لە هەمان کاتدا پیویستە بزانریت کە ئەندامکانی کومەلی ئیسلامی بە شیوەیەکی زور متوازیعانە ژیان ئەگوزەرێنن بە نمونە گەر سەیر بکەین ئەندامانی کارگیری مەلبەندی کۆمەلی ئیسلامی بوجەی معاشی مانگانەیان لە بەینی دووسەد تا سآسەد هە زار دینارە ئەندامانی ناوچەی ریکخستن خوبەخشانەو بی پارە کار ئەکەن بەلکە یارمەتیو پارەش بو حیزب کوئەکەنەوە کە ئەوەش ئەوە ئەگەیە نێت ئەندامانی کومەل ئیش بو پارە ناکەن بە ڵکو کار ئەکەن بۆ ئەوەی خزمەت بکەن ئامانجیان بەدەست هینانی پارەو سەرمایە نیە و زور جار پارەو سارمایەی خۆشیان ئەخەنە خزمەتی ئیشو کاری بانگەوازی خودایی . سەبارەت بە کەناڵی ئاسمانی پەیام دیارە کۆمەلی ئیسلامی چەند ساڵە بەهیوا بوە بتوانی کەناڵیکی ئاسمانی بنیات بنێت بو ئەوەی دەنگو رەنگی خەڵکی موسلمانی کوردستان بگەیەنێتە دەرەوەی کوردستان بۆ ئەوەش ماوەیەکی باش کاری بو کردوە بە تایبەت لەروی مادیەوە هەوڵی داوە هەندی ئیمکانیەتی مالی کۆبکاتەوە و پاشەکەوتی بکات سەرچاوەی سەرەکی مالیش تەنها ئەندامانی کۆمەلی ئیسلامیەو سوپاسی جەنابی مام جلال تالەبانی و کاك نێچیروان بارزانی ئەکەین کە هاوکاریان کردوین وبەڵێنی پێ داوین کە بەردەوام کۆمەك بەم کەناڵەی پەیام بکات . وە ناشی شارینەوە هەرکەسیك ئامادەبیت هاوکاریمان بکات لە موسلمانو ناموسلمان تاکی خەلك ( شەخێ ) بیت یا دەولەت مادام شەرتی لەسەر مان نەبێت بەسوپاسەوە لێی وەر ئەگرین جا ئەو برە هاوکارییە کەم بیت یان زیاد پارە بیت یا کەلو پەل ئەو کەسە هاوکایمان ئەکات گەر حەزیکرد ناویشی ئاشکرا ئەکەین و ئەیدەین بە میدیاکان بەلام گەر حەز نەکات باسی بکەین ئەوە ئەمانەتەو ناوی نابەین .بەنسبەت کوماری ئیسلامی ایران ئیمە هیچ سەرچاوەکی مالیمان لای ئەوان و هیچ و لا تیکی تریش نیە .

**داوا لە ماموستا کریکار ئەکەم بیت لە ناو ریزەکانی کومەلی ئیسلامی بەیەکەوە خزمەت بکەین.**

**ئاڵا تاڵەبانی بۆ چرکە**

# دژیایەتی کردنی مالیکی لەبەرژەوەندی کورد نی یە



سازدانی :چرکە

ئاڵاتاڵەبانی یەکێکە لەو ژنە دەگمەنانەی کە زۆر بەوریای یەوە لەکایەی سیاسیدا کار دەکات ، سیاسیەکی بەئاگاو چالاك ، ئەوئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانە لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان ، لەدیمانیەکی تایبەتدا بیروبۆچونەکانی خۆی لەسەر بارودۆخی پەرلەمان دەخاتە ڕوو، باس لەو هۆکارانە دەکات کە وا لەپەرلەمان دەکات نەتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت بکات ، تیشك دەخاتە سەر هۆکارەکانی دروست بوونی کێشەکانی نێوان هەرێم وبەغدا ، لەگەڵ ئەوەی پێی وایە مالیکی بەراستەوخۆو نارەستەوخۆ پێشێلی دەستور دەکات بەلاّم دژایەتی کردنی مالیکی بەبەرژەوەندی کورد نابینێت ، باس لەوە دەکات کە هەندێ لایەن دوای ئەوەیان کردوە مالیکی لەسەر سەرفکردنی بودجە بۆ دروستکردنی هێزەکانی ئیسنادو بانگەشەکردنی پرۆسەی هەلبژاردن بۆ حزبەکەی بانگ بکرێتە پەلەمان ...

ئەو لەبارەی هۆکاری بێتوانانی پارلەمان لەئەرکی لێپرسینەوە کردن لەگەڵ وەزارەتەکان و دام و دەزگاکاندا دەڵێت « پەرلەمانی عێراق پەرلەمانێکی دیموکراتی یە ، چونکە لەکۆمەڵێك تەیاری جیاواز پێك هاتووە، بەردەوام ئەو کوتلانە توشی کێشە دەبن لەنێو خۆیاندا لەسەر بابەتەکان، دواتر ئیتفاقیاتی لەسەر دەکرێت ، ئەوە دەلیلی دیموکراتیەتی پەرلەمانە ، بەلاّم لەمەسەلەی کاری ڕەقابە بەسەر دام و دەزگا و وەزارەتەکاندا جۆرێك لەشەلەلی بەخۆەوە بینیوە ، زۆرجار لیژنە تایبەتیەکانی ناوپەرلەمان دەیانەوێت بانهێشتی وەزرێك بکەن و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەن، ئەمە دەکرێتە پڕۆژەیەك و دیکۆمێنتی لەسەر کۆدەکرێتەوە، بەلاّم کە دەگاتە ئەوەی جێ بەجێ بکرێت پرۆژەکە لەپەرلەماندا توشی شەلەل دەبێت ،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو وەزیرانەی بانگهێشت دەکرێنە پەرلەمان سەر بەتەیارێکن، ئەو تەیارە نوێنەریان هەیە لەناو پەرلەماندا، نوێنەری ئەو تەیارانە لەناو پەرلەماندا دەبنە ڕێگر بۆ ئەوەی لێپرسینەوە لەگەڵ وەزریەکەدا بکرێت، ئەمەش بەشێکە لەگەندەڵی و ناعەدالەتی ، بەشێکە

# لەنێوان هەرێم وبەغدا کێشەی تێنەگەیشتن جیاواز تەفسیری دەستور دەکەن

لەکاری نادیموکراسیانە ،چونکە پەرلەمان دەنگی میلەتە نابێ لایەنگری حکومەت بکات ،ئەمە جگە لەوەی زۆرجار نامە دەنێرین بۆ دەزگاکانی حکومەت بۆ ئەوەی زانیاری و ڕوونکردنەوە بدەن لەسەر بابەتێك بە لام جوابمان نادەنەوە « مالیکی بەهەموو شێوەیەك کار لەسەر ئەوە دەکات حکومەتێکی ناوەند بەهێز دروست بکات، زۆریك لەشارەزایانی دەستور ئەم کارەی مالیکی بەکارێکی نادەستوری ناودەبەن، لەم باریەوە ئەو ئەندام پەرلەمانە دەڵێت «بەهێزکردنی ناوەند پێچەوانەی دەستورە، دژ بەکۆمەڵێك ماددەی دەستوری یە بەتایبەت دژ بەیاسای پارێزگاکانە ، بۆیە لەم حاڵەتەدا پەرلەمان دەتوانێت لێپێچینەوە بکات، بەڵام گەڕانەوەی عێراق بۆ مەرکەزیەت کاریگەری نابێت لەسەر پەرلەمان « لەگەڵ ئەوەی زۆربەی لایەنەکانی ناو پەرلەمان کۆکن لەسەر ئەوەی کە مالیکی لەزۆر حاڵەتدا سەرپێچی دەستوری کردوە ، بە لام تائیستا پەرلەمان نەیتوانیوە لێپێچنەوەی لەگەڵدا بکات ئالا تاڵەبانی بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت «بەتائکید تائیستا بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ مالیکی پێشێلی دەستوری کردوە ، باسیش کراوە لەپەرلەمان، چەندبلاوکراوەیەك و بەیانێك لەسەر مەجالیسی ئیسناد لەلایەن لیژنەی یاسایی دەرکراوە لەسەر ئەوەی کە ئەو مەجالیسە نایاسایی یە، بە لام ئەو هێزەی کەدەیەوێت مالیکی و غەیر مالیکی بانگ بکات بۆ پەرلەمان هێزێکی تر هەیە فەشەل بەپڕۆژەی بانگ کردنەکە دێنن، ئیستا باس لەو دەکرێت کە مالیکی پێش هەڵبژاردن پاریەکی زۆری سەرف کردوە بۆ بانگەشەکردنی هەڵبژاردن و مەجالیسی ئیسناد و عەشایرەکان ، بە لام هەندێ تەیار ڕێگرن لەبەردەم ئەوکارە، ئەوتەیارانە ڕێگری لەوە دەکەن کەپەرلەمان سەرۆکێکی بەهێزی وەك ئەیاد سامە ڕایی هەبێت، کەپیاوێکی بەهێزی سونەیە، چونکە دەزانن کەبوو بەسەرۆکی پەرلەمان کۆمەڵێك لاپە ڕە هەڵدەداتەوە، کۆمەڵێك حساب دەکات لەسەر مەسەلەی سەرفکردنی بودجە، بۆیە ئەوان پیان خۆشە پەرلەمان سەرۆکێکی بێهێزی هەبێت و توانای لێپێچنەوەی لەحکومەت نەبێت « ئالا تاڵەبانی لەوە لامی ئەوەی ئایا بانگهێشت کردنی مالیکی بۆتە پرۆژەیەك لەیەن پەرلەمان ووتی «تائیستا مشکیلەی بودجە یەکلای نەکراوەتەوە و دەنگی لەسەر نەدراوە ،بە لام هەندێ لایەن پێشنیاری ئەوەیان کردوە کە زەرورە مالیکی بپرسرێتەوە لەسەر چۆنیەتی سەرفکردنی ئەو پارانەی کەسەرفیان دەکات « تائیستا کۆمەڵێك کێشە لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵد بەهەڵپەسیردراوی ماونەتەوە، بەشێك لەبیرو ڕاکان پیان وایە چارەسەر نەبونی ئەوکێشان دەگەڕێتەوە بۆناکارایی نوێنەرانی کورد لەپەرلەمان و حکومەتی بەغدا، هەندێکی تر ڕایان وایە حکومەتی هەرێم بەرپرسەلەم کارە، بەڵام ئالا تاڵەبانی بۆچوونێکی تری هەیەو دەڵێت «ئەم کێشانە دەگە ڕێنەوە بۆ تێنەگەیشتنی دەستور لەنێوان هەردوولا ،سەرەڕای ئەوەی یەکەم جارە لەعێراقدا خەڵك دەستور دەنوسێتەوە و پیادەی دەکات، تائیستا حکومەت مەرکەزی بووە، لەکاتێکدا بەپێی یاسای پارێزگاکان هەر پارێزگایەك وەك نیمچە هەرێمێك وایە، ئیستا باس لەوە دەکرێت کە هەندێ وەزارەت

هەڵبوەشێنرێنەوە چونکە سەلاحیاتی ئەو وەزارەتانە بەیاســا دراوە بەپارێزگاکان، ئیستا مناقەشەی ئەوە دەکرێت کــە بودجەی پارێـــزگاکان دیاری بکرێـــت ،وەکو هەرێم هەموو پارێزگاکان بودجەی خۆیان هەبێت ، نەگــە ڕێنەوە بۆ وەزارەتەکان . بەڵام تائیســـتاش تێنەگەیشـــتن هەیە لەنێوان هەردوولا ،هەریەك بەجۆرێك تەفســـیری دەستور دەکات ، هۆکارێکی تـــر دەگە ڕێتەوە بۆ ئەوەی کــە دەگونجێت بەرنامەی کەم کردنەوەی دەســـە ڵاتی کورد لەهەرێمی کوردستان هەبێت ، هەندێ جاریش بەڕوونی لەلیدوانەکاندا هەستی پێدەکرێت . بۆیــە دەبێــت ئێمــە وەك هەرێمی کوردســـتان گوتارەکانمـــان یەك بخەین ، دەبێت لێدوانەکانمان دژی واقیعی حاڵێك نەبنەکە قەرارمان لەسەر داوا، دەستور دەسە ڵاتی هەرێم و بەغدای دیاری کردوە ، پێویستە هەردوولا پەیوەست بن بەدەستورەوە « سەبارەت بەڕیکەوتنی چەند تەیاریك بۆ لابردنی مالیکی و وەرگرتنەوەی متامانە سەرۆك وەزیران لەمالیکـــی لە ڕێگەی پەرلەمانـــەوە ئەو ئەندام پەرلەمانـــە دەڵێت «هیـــچ پرۆژەیەك نی یە بۆ وەرگرتنـــەوەی متمانە لەمالیکـــی ،ئێمە تائکید لەســـەر زیاد کردنـــی پەیوەندیەکانمان دەکەینەوە ،هەوڵی پتەو کردنی پەیوەنـــدی زیاتر دەدەین « لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق پشـــتگیری تەواوی مانـــەوەی مالیکی دەکات، لەکاتێکدا مالیکی بەئاشکرا دژایەتی کورد دەکات و ڕێگرە لەبەردەم هاتنەدی بەرژەوەندیەکانی کورد، ئالا تالەبانی لەسەر پشتگیری لیستی هاوپەیمانی بۆ مالیکی دەڵێت «دژیایەتی کردنی مالیکی لەو کاتەدا لەبەرژەوەندی کورد نی یە،چارەسەرکردنی کێشـــەکان لە ڕێگەی دوژمنایەتی یەوە نابێت ، نابێت ئێمە دژایەتی حکومەتێك بکەین کە خۆمان بەشێکی گرنگین لێی، ڕاســـتە سەرۆك وەزیران مالیکـــی یە بەڵام جیگرەکـــەی و وەزیری دەرەوە کوردن، بەپێچەوانـــەوە دەبێت ئێمە لەیەکتر نزیك بینەوە بۆ ئـــەوەی بزانین خەلەلەکان لەکوێدان بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکان بکەین، چونکە خەلکێك هەیە کە حەز دەکات زیاتر ئەو کێشانە قوڵببنەوە « گەلێـــك جار بـــاس لەوە دەکرێـــت ئەگەر کورد مەبەســـتی بێت دەتوانێت مالیکی لەپۆستەکەی دوربخاتـــەوە ،بەڵام ئالا تالەبانـــی بۆچوونێکی پێچەوانەی هەیەو دەڵێت «لیســـتی هاوپەیمانی کوردستان بەتەنیا ناتونێت مالیکی لاببات، بۆ ئەم کارە دەبێ لەگەڵ لایەنەکانی تر ڕێك بکەوین « لەســـەر ئاینـــدەی زیادبوون یان کـــەم بوونەوەی دەســـە ڵاتی هەرێمی کوردستان ناوبراو هیما بۆ ئەوە دەکات «دەســـە ڵاتی هەرێم بەپێی دەستور دیاری کراوە ماددەی تایبەت بەدەســـەڵاتی هەرێم لەدەســـتوردا هەیە، بۆیە هەتا دەستکاری دەستور نەکرێت  دەسە ڵاتی هەرێم وەك خۆی دەمێنێەوە، دەستکاریکردنی دەســـتوریش کاریکی ئاسان نی یە، هەندێ لایەن چەند ساڵە دەیانەوێت دەستور هەموار بکرێت ســـەرکوتوو نەبوون، ئەگەر هەوار کردنی دەســـتوریش سەر بگرێت پێم وانی یە کەم کردنەوەی دەسە ڵاتی هەرێم سەربگرێت ، چونکە کە دەســـتور هەوار کرا دەبێ بخرێتە راپرســـی یـــەوە، بەلای کەمەوەکەســـێ پارێـــزگا دەنگی لەسەر نەدا هەمواردنەکە سقوت دەکات، هەندێ لایەنی دژی کورد گەیشـــتونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەســـتوریان پـــێ هەموار ناکرێـــت چونکە تەنها پاریزگاکانی هەولێر و ســـلیمانی و دەهۆك دەتوانن ئەو هەوڵانە پەك بخەن، بۆیە دەیانەوێت بەشێوەی تر فشار بخەنە سەر دەسەڵاتی کورد «

## لەدەستورهەیە هەریەک هەردوولا بەجۆرێکی

# ژنی سەرکردەناتوانێت لەناو سیاسەت و کۆمەڵێک حزبی پیاوسالار دەوری سەرکردەی هەبێت




سازدانی : هاوکار عبدالله

**هۆزان محمود یەکیکە لەناسراوترین فیمینستە کوردەکان نەک لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەرئاستی وڵاتانی ئەوروپا، ئەو لەگەڵ ئەوەی ساڵانێکە لەئەوروپا ژیان دەگوزەرێنێت، بەلام هەمیشە ئاگاداری بارودۆخی ئافرەتانی کوردستانە، داکۆکیکاری سەرسەختی ئافرەتانە، ئەو لەدیمانەیەکی تایبەتدا باس لەبارودۆخی ژنی کورد دەکات لەتاراوگە، تیشک دەخاتە سەر بەشداری سیاسیی ئافرەتانی کورد لەئەوروپا، باس لەو ئاریشانە دەکات کە ڕووبەڕووی ژنی کوردەبنەوە لەوڵاتانی ئەوروپادا.**

### بەشداری سیاسی ژن کورد لەئەوروپا

لەوە لامی جیاوازی بەشداری سیاسی ژن لەکوردستان و ئەوروپا دەڵێت « لەلای من ژیان کردن لەجوگرافیایەکی دیاریکراودا هیچ کاریگاریێکی نی یەلەسەر دە ورونەخشی ژنان لەبواری سیاسیدا. ئەوەی کەزۆر گرنگەبارودۆخی کۆمەڵگایەلە ڕووی کراوەیی وکاریگەریی ڕەوەندەسیاسیەکانی ناوی لەپەیوەند بەماف و ئازادیەکانی ژنان و دە ورو نەخشی ئەوان لەسیاسەتدا. ژن لەکوردستان ڕۆژانەئەنفال دەکرێن، بێحورمەتی کردن بەژن و بەکەم عەقڵ ناساندنی ژن بەشێکەلەپەروەردەو فەرهەنگی ئەم کۆمەڵگایە و ڕۆژانەبەرهەمدەهینرێتەوە. دیارەکولتوری خێڵەکی وبەها دارڕزاوەدژ بەژنەکان ئەوەندەزاڵن کەنەك ئەوەی ژنان لە بواری سیاسیدا بەدی ناکرێن بەڵکو تەنانەت ژیان و مەرگیشیان بەدەست پیاوە.

لەکۆمەڵگەی کوردستاندا ئەوەپیاوە«سەروەری ماڵ» و بڕیاردەرەلەهەڵسوکەوتی ژن لەهەموو بوارەکاندا، سەرەڕای ئەوەی کەژنانی کوردستان وەکو کۆیلەیەك کەبەپێگەی کۆیلەبوونی خۆی ڕازی نیەهەمیشەلەهەوڵدان بۆ ڕزگار بوون و ئەبینین کەلەسادەترین دەرفەت سوود وەردەگرن بۆ ئەوەی بەشێوازی جیاواز جێگای خۆیان بکەنەوەلەکۆمەڵگایەکدا کەسەرتاپای بەهاکانی دژەژنن. ئەوەش لەبیر نەکەین کەپیاوانێکی یەکسانیخوازیش هەن لەم بوارەدا هاوکارو هاوخەباتمانن ئەوانیش لەگەڵ ئێمەلەهەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەم زوڵم وزۆرەی کەلەسەر ژن هەیە، ئەمەش بۆخۆی جێگای دڵخۆشی یە. ئەو داکۆکیکارەی ژنان لەبارەی ئەو وێنەیەی کورد پیشانی ئەوروپای داوە ووتی «ژنانی ئەورپی بەهۆی کۆمەڵێك شۆرشی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوەلەچەند سەدەی ڕابردوودا وەبە هەوڵ و خەباتی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان خۆیان توانیویانە کۆمەڵێك گۆڕانکاری گەورەلە مافەمەدەنی و یاساییەکاندا بەدەست بهێنن. لەمەودایەکی باشدا دەستی دین و یاساکا دینیەکان لەکاروباری دەوڵەتی و قەزایی کورت کراواتەوە، کۆمەڵگەی ئەورپی وەکو کوردستان و وڵاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نی یەکەتا ئێستاش حکومەت بەفەتوای مەلا و ڕیش سپی ئاوایی و دەفتەری کۆمەڵایەتی و سوڵحی عەشایەری بڕواتەپێش. هەربۆیەش لەم جۆرەکۆمەڵگایانەدا کەبەجۆرێك لەم نەهامەتیانەی من باسم کردننەجاتیان بووە و جۆرێك لەمەدەنیەت بوونی هەیەو بەمپێیەش ژنان دەورو نەخش و جێگایەکی باڵاترو ئینسانیتریان هەیە. بەڵام هێشتا ئەمەبەمانای ئەوەنیەکەژنان لەئەوروپا تەواو یەکسانن و گرفتێکیان نیەلەفۆرمی یەکسانیدا، نا ژنان لێرەش هێشتا گرفتیان زۆرەو سەرمایەداریی تا ئێستاش لەپرۆسەی کەڵەکەی سەرمایەی خۆیدا سوودێکی گەورەلەژنبوونی ژن وەردەگرێت. ئاشکرایەکەهەژاریی، جیاوازیی لەکرێ و دەستڕاگەشتن بەکارو نایەکسانی کۆمەڵایەتی لێرەش یەکەم کەس یەخەبەژنان دەگرێت. بەڵام سەرەرای ئەمانەهێشتا ناکرێت بارودۆخی ژنان لێرەبەراورد بکرێت بەو هەموو بێمافی و بێحورمەتییەی کە دژ بەژنانی لای خۆمان ئەنجام دەدرێت، لەمەشیاندا سوپاس بۆ بزوتنەوەی یەکسانیخوازی و سۆسیالیستی کۆمەڵگەدەگەڕێتەوە.

**بۆ ئەوەی ژیانی ژنان لەهەموو بوارێکدا باشتر بکەین پێویستەئەوسیستەمەی ئێستا لەکوردستاندا حاکمەهەڵوەشێنینەوەو لەجێگایدا سیستمێکی ئینسانی، یەکسانیخوازی و سۆسیالیستی دامەزرێنین**

### یەکسانی یەجەندەریەکان لەئەوروپا

هەیشە ئەوەی پرسیارە لای تاکەکانی کورد ئەوەیە کە ئەوروپا توانیویەتی جۆریك لەیەکسانی جێندەری بۆ ژنانی کوردبەدیبێنێت ، ببێتەسەرەتایەك بۆزیاد بوونی بەشداری سیاسی ژن لەم بارەیەوە هۆزان دەڵێت « لەچاو ئە وژمارەزۆرەی خەڵکی کورد کەلەدەوەرەی وڵات دەژین ژمارەیەکی زۆر کەم لەژنان لەسیاسەت و ئەحزابی سیاسیدا هەن. ئەمەش چەندین هۆکاری خۆی هەیە، بەشێکی ئەوەیەکەئەحزابی کوردی بەشێوەیەکی گشتی جێگای ژنانی تیا نابێتەوەو هاندەر نین بۆ بەشداری سیاسیانەی ژنان، وەئەگەریش هەبن ئەوا دەبێت ملکەچی پیاوان و بڕیاری «پیاوانەی» ناو ئەو حیزبانەبن. بوونی ئەم ژنانەو نەبوونیان تەنانەت لەمەرکەزی بڕیاری ئەم حزبانەدا تاڵەدەزوویەك پەیوەندی بەهاتنەمەیدانی ژنانەوەنیەبۆ مەیدانی سیاسی وئەمانە ناتوانن ببنەنمونەی ئەکتیڤیستێکی سیاسی بۆ ژنانی کۆمەڵگە. لەئەورووپاش ژمارەیەکی زۆر کەم لەژنانی کورد لەمەیدانی سیاسیداو لەپاڵ هەندێك ئەحزابی ئەم وڵاتانەدا هەڵسوڕاون، ئەمانەش بەپەنجەی دەست دەژمیردرێن. لەلایەکی تروەوەلەم چەند ساڵەی ڕابردوودابەشێوەیەکی گشتی کۆچکردوانی کورد بۆ هەندەران بەگشتی پیاوو بوون. ئەوەش لەیاد نەکەین کەکۆمیونیتی کوردی لەتاراوگەیەکێکەلەو کۆمیونیتیانەی کەلەدەرەوەی وڵات زۆر پابەندن بەداب و نەریتی ئیسلامییەوە، ئەمەش وایکردوەکەئازادی هەڵسوڕانی کچان و ژنانی لەناو خانەوادەکانیاندا زۆر کەم کراوەتەوەو لەسەر سادەترین هەڵسوکەوتی ئاسایی کچەکانیان دەکوژن یان دوچاری توندوتیژیان دەکەنەوە. کچی کورد بەشێوەیەکی گشتی وەهەتا ئەوانەش کەلێرەلەدایك بوون و گەورەبوون زۆر چاوترسێن کراون و هیچ جۆرەئازادییەکیان نیە. یەك هۆکاری تریش بەگشتی ئەوەیەکەخەباتکردن بۆ

مافەکانی ژنان و بەشـــداری کردن لەسیاسەتدا لای ئێمەلەلایـــەن خودی ژنان خۆیانەوەهێشـــتا پەدیدەیەکی زۆر نا ئاشنایەبۆ زۆربەمان. تەنانەت لەحزبەکوردیەکانیشـــدا ئەگەر یەك دووانێك ژن هەبـــن ئەبینیت ژن و کچ و کەســـانی نزیکی بەناو ڕابەرانی حیزب ئەبنەدەم ڕاست و پۆستی باڵا وەرگرتن بەبێ هیچ خۆماندووکردنێك وەیان توانایییەکـــی سیاســـی. لەسیســـتمی ئەحزابی کوردیدا زۆرتـــر فەرهەنگی خێڵ زاڵەبەســـەر چالاکیەسیاســـیەکان و دەورونەخشی ئینسانەکان لەیـــەك چالاکـــی کۆمەڵایەتیدا وەتائێســـتاش مەســـەلەکۆمەڵایەتیەکان لەوانەش مەسەلەکانی تایبەت بەیەکسانیخوازی ژنان و پیاوان، مەدەنیەت و بیناکردنی کۆمەڵگـــەی مۆدێرن و ڕێزگرتن لەماف وئازادیە فەردی و ئینسانیەکان لەئەلف و بێی فەرهەنگی سیاسی ئەحزابی کوردیدا نیە!

**ئەوروپاو بەرهەم هێنانی ژنی سەرکردە**

لەگەڵ ئەوەی ساڵانێکەژنانی کورد لەئەوروپان، ئیســـتاکە دەتوانیـــن بلێیـــن نەوەیەکـــی کورد لەئەوروپا پەروەردەبووە، بەڵام تا ئێســـتا ئەوروپا نەبۆتەهۆی ئەوەی چەند ژنێکی ســـەرکردەی کورد دروســـت بکات، هۆزان هۆکاری دروســـت نەبوونی ژنی ســـەرکردە لەئەورپـــا دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند هۆکاریـــك و دەڵێت « دیارەژیان کردن لەئەوروپا جیاوازی زۆرەلەگەڵ شـــوێنێکی وەکو کوردستان، بەڵام مەسەلەکە هەربەتەنهاژیانکردن نیەلەجوگرافیایەکـــی جیـــاوازدا. ئـــەم مەســـەلەیەپەیوەندی زۆری هەیەبەمێنتالیتی و تێڕوانینـــی ئەحزاب و هەروەهـــا خەڵکێك کەلەم باکگراوندەوەهاتوون کەپێ یان وایەژن هەرئەبێت بە«مەوعیزەی» پیاوان هەڵسوکەوت بکەن. ئاخر خەڵکێك کەتەواوی ژیانی بەو بەهایانە گەورەبووبێ کەسەرتاپای دژی ژن بێت چۆن هەروا بەئاسانی لەو مێنتالیتیە ڕزگاریان ئەبێت؟ ئەوەتا ئەحزابی قەومی کـــوردی چەندیـــن ساڵەناشـــرینترین نموونەئەدەن بەدەستەوەلەسیاســـەت کردن و نەك ژن جێگایەکـــی نیەلەنـــاو ئەوحیزبانەدا، بەڵکو سەرتاپای هەڵسوڕانی سیاسی و بڕیارەکانیشیان دژ بەژنـــە. نەك تەنها ژنـــان بەڵکوو پیاوانی ناو کۆمەڵگاکەشـــمان لەو جۆرەحیزبانەنە فرەتیان پەیداکردوە. ژنی سەرکردەناتوانێت لەناو سیاسەت و کۆمەڵێك حزبی پیاوســـالار دەوری سەرکردەی هەبێت. من دڵنیام ئەو ژنانەشی کەتا ئێستا لەناو هەندێك حیزبدا هەن ئەگەر بێت و ملکەچ نەبن ئەوا دەورانێکی زۆر سەخت دەبەنەسەر لەسیاسەتکردندا.

**زیادکردنی بەشداری سیاسی ئافرەت**

هۆزان محمود لەبارەی ڕێگەکانی بەشداری سیاسی ژنی کورد بەم شێوەیەڕای خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت «من نازانم ئەگەر ڕێژەی بەشداری ژنانیش لەم پەرلەمانەی ئێســـتادا ببەینەسەر چەندەلەحاڵی ژنانی کوردســـتان ئەگۆڕێت؟ ئاخر پەرلەمانێك کەنوێنەرایەتـــی چینـــی ( بۆرژوا-خێڵەکـــی ) کوردستان ئەکات و زۆرتر عەقڵیەتی پیاوسالاری و خێڵەکی زاڵەبەسەریدا ژن ئەتوانێت چ دەورێکی هەبێـــت جگەلە«ژمارە« یەك کەبەدنیای دەرەوە ڕابگەیەنن کەئێمەلەپەرلەمانەکەماندا ئەمەندەژن هەیە؟ خۆ جمهوری ئیســـلامی ئێرانیش ئەڵێت ئێمەلەهەموو کەس زیاتر مافی ژنمان لەلا گرنگەو ئەوانیش ژنیان زۆرەلەمەجلیسی ئیسلامیدا بەڵام ژنانی کۆمەڵـــگاش لەژێر حیجابی ئیجباری و بەردەباران کردن و شـــەلاق لێـــدان و چەند ژنەو زەواجی سیغەو شەریعەتی ئیسلامداو کۆمەڵێك بی حورمەتی تر هیچیان بەنسیب نابێت. ئەوەی گرنگەسیســـتمی حوکمڕانیـــەو ناوەرۆکی ئەو شێوەیەیەلەدەسەڵاتداری کەدیاری ئەکات ئایا ژنان دەتوانن دەوری خۆیان ببێت لەدەســـەڵاتداریدا؟. دڵنیابەتا لەژێر سایەی سیستمی سەرمایەداریدا بژین ژنان بەشـــیان لەوەباشـــتر نابێت، ئەکرێت کۆمەڵێـــك ڕیفـــۆرم بکرێت لێرەو لـــەوێ بەڵام کێشەئەسڵیەکان، نایەکســـانی و چەوساندنەوەی ژنان و خەڵکی بەگشـــتی سیمای موشتەرەکی سیستەمی سەرمایەداریەلەسەرتاسەری جیهاندا. هەڵبـــەت ئاســـتی ئـــەم هەمـــوو نەهامەتیانە لەشوێنێکەوەبۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەیە.بەو ئەندازەیەی خەڵك خەبات بکەن و هۆشـــیار بن بەمافەکانی خۆیـــان وڕێکخراوانەخەبات بکەن


**لەئەوروپائازادی هەڵسو ڕانی کچان و ژنانی لەناو خانەوادەکانیاندا زۆر کەم کراوەتەوەو لەسەر سادەترین هەڵسوکەوتی ئاسایی کچەکانیان دەکوژن یان دوچاری توندوتیژیان دەکەنەوە. کچی کورد بەشێوەیەکی گشتی زۆر چاوترسێن کراون و هیچ جۆرەئازادییەکیان نیە**

بەو ئەندازەیەش حاڵ و گوزەرانی خەڵك باشترە. بۆ ئەوەی ژیانی ژنان لەهەموو بوارێکدا باشتر بکەین نەك هەر لەبواری بەشداری سیاسی پێویستەهەموو سیستمی خێڵکەی و دینی و دواکەوتوانەی ئێستا کەلەکوردستاندا حاکمەهەڵوەشێنینەوەو لەجێگایدا سیستمێکی ئینسانی، یەکسانیخوازی و سۆسیالیستی دامەزرێنین کەدەتوانێت جوابدەرەوەبێت بەم گرفتانە.

**فەرامۆشکردنی کاری سیاسی لەلای ڕێکخراوەکان**

هەمیشە ڕێکخراوەکانی ژنان لەکوردستان کاریان لەسەر مەسەلەکۆمەڵایەتیەکان کردووە، لەکاتێکدا چاودێرانی سیاسی پیان وایە بەشێکی زۆر لەنەهامەتیەکانی ژنی کورد پەیوەندیدارەبەنەبوونی ژن لەهەرەمی دەسەڵاتدا، بە ڵام هۆزان رایەکی تری هەیەو دەڵێت «ڕێکخراوەکانی ژنان لەکوردستان زۆرێکیان پاشکۆی ئەحزابی ناو دەسەڵاتن و ئەجێندای دواکەوتووی ئەوان لەناو ژنان دا ڕەواج پێ ئەدەن. وەئەوەشی کەگرفتی ژنان دەگێڕیتەوەبۆ نەبوونی خودی ژن لەهەرەمی دەسەڵاتدا بەداخەوەمن وای نابینیم! نەهامەتی و چەوسانەوەی ژنان و کوشتارو بێحورمەتی کردن بەژن بەبەشێك لەسیاسەت و دەسەڵاتدارێتی خێڵەکی دەبینم لەکوردستان. بەلای منەوەگرنگەژنان لەهەموو جێگاکانی بڕیاردا ندا هەبن، بەڵام دیسان لەدەوڵەتێك و دام و دەزگایەکدا کەئازادی ژن پێشێل ئەکات ئەوا ژنانی ناو ئەو دەوڵەتەش ناتوانن دورێکی پۆزتیڤیان هەبێت. ژنان لەکوردستان کاتێك لەنەهامەتی یەکانیان ڕزگاریان دەبێت کەپەیبەرن بەو هەموو چەوسانەوەیەو خۆیان بەشێوەیەکی سیاسی ڕێکخراو بکەن. چونکەگرفتی ژنان تەنها گرفتی کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکو سیاسیشەو پێویستی بەکاردانەوەو گوتاری سیاسی هەیەلەلایەن ژنان خۆیانەوە.

هێنانەژێر پرسیاری هەموو بەها ئیسلامی ، خێڵەکی، پیاوسالاری وەداب و نەریتەدواکەوتوەکان یەکێکەلە ڕێگا چارەکان، تائەوکاتەی ژنان یەخەی دەسەڵات و یاسا و عەقڵیەتی خێڵەکی نەگرن و تێکی نەشکێنن ئەوا بەسەختی ئەبینم کەژنان بتوانن بەماف و ئازادی یەفەردی و سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانیان بگەن. خەباتێکی چاونەترسانەو شکاندنی تابۆکان و نەوەستان تابەدەست هێنانی مافی یەکسان و ئازادی موتڵەق تەنها ڕێگەچارەی ڕزگاری ژنانەلەکۆیلەیەتی.



**پەرلەمانی کوردستان زۆرتر عەقڵیەتی پیاوسالاری و خێڵەکی زاڵەبەسەریدا، ژن ئەتوانێت چ دەورێکی هەبێت جگەلەژمارەیەک کەبەدنیای دەرەوە ڕابگەیەنن کەئێمەلەپەرلەمانەکەماندا ئەمەندەژن هەیە**

# دانوساندنەکانی ئێران و ئەمریکای سەردەمی ئۆباما

**ئا : نیگار بارزانی**



لە ژێر پێستی سیاسەتەکانی ئەمریکا هەندی رووداو و گۆران هەست پێدەکرێت کە شیکردنەوەی دروست لەم رووداوانە، رێخوشکەرە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی ئالۆزی سیاسەتەکانی نۆی ئەم وڵاتە بە تایبەتی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتەکانی نێودەولەتی. ئەگەر ئەم گریمانەیە قەبوول بکەین کە هەڵبژاردنی ئۆباما بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، بەرهەمی پێشکەوتنی رەوتە هەڵقولاوەکەی گۆرانکاریەکانی قوناغ بە قوناغی بوارەکانی کۆمەلایەتی_ سیاسی کۆمەڵگای ئەمریکایە، دروشمی «گۆران»ی ئۆباماش هاوکات هەڵقولاوی ئەم هەستەیە کەوا گۆران پێویستە لە سەرجەم سیاسەتەکانی ناوخۆیی و دەرەکی ئەمریکا رووبدات. گەورە قەیرانەکانی بەردەم ئەمریکا لە ئاستەکانی ناوخۆیی و نێودەولەتی، پێویستی بە دووبارە دارشتنی سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە دووپات دەکاتەوە کە ئەم چەندە هاوکار دەبیت بۆ پێشاندانی وێنەیەکی نۆی لە ئەمریکا لە ئاستی نێودەولەتیدا. لە ناوخۆدا، قەیرانی دارایی و ئابۆری لە دوای قەیرانی چوارسالەی، سالەکانی (1929 تا 1933) کە زۆر هاوشێوەی قەیرانی ئێستایە، ئابۆری ئەمریکا خستووتە تەنگەژە و مەترسیەکی گەورە. پانتایی و بازنەی ئەم قەیرانە کە روژ لە دوای روژ لە بەرزبوندایە ئەوەندە فراوانە کە وای کردووە

«سنای» ئەمریکا بە تێکرای دیموکراتەکان و کۆمارییەکان لەسەر پێشنیاری (800) ملیارد دولاری ئۆباما بۆ ناردنی ئەو حەجمە پارەیە ناو ئابۆری ئەمریکا، رێکەوتنێکی گروپی و فەراحزبی ئەنجام بدەن. لە ئاستی نێودەولەتیدا ناوچەکانی ناکوکی لەسەر لە نێو سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا بەردەوام هێز و تواناکانی ئەمریکییەکان دابەزاندووە. ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست گرنگترین ناوچەیە کە زۆرترین هێز و توانای سیاسەتمەدارەکانی دەرەوەی ئەمریکا بۆ لای خۆی راکێشاوە. ئەمریکییەکان زۆر لە مێژە، ئەم ناوچەیە لە چوارچێوەی ناوچەکانی ژئوپۆلیتیکی و دابینکەری بەرژەوەندیەکانی ئاسایشی و نەتەوەیی خۆیان داناوە و بە درێژایی مێژوو، پلانیان بۆ دارێشتووە کە لە بەشێکیان سەرکەوتنێکی نسبی بەدەست هێناوە و لە بەشەکانی تریش جێگە لە شکست و تێچونێکی زۆر، کەیسەکان هەروا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. لەسەردەمی سیستەمی دوجەمسەری، قەیرانەکانی ئەمریکا لە ناوچە زۆر کەمتر بوو. دوو زلهێزی ئەمریکا و یەکێتی سوڤیەت لە ناوچە، جورێك هاوسەنگی هێز دروستکردبوو کە هەر دوو جەمسەر هەولیان بۆ پاراستنی بارودۆخەکە دەدا. بەڵام دوای رۆخانی سیستەمە دوو جەمسەری و کوتایی هاتن بە شەری سارد، بەرە بەرە هێزەکان لە نێو وڵاتانی ناوچە سەریان هەڵدا. ئێران یەکێکە لە هێزەکانی ناوچە کە قوناغەکانی بەهێزبوونی لەگەل سەرکەوتنی شورشی ئیسلامی دەست پێکرد و دوای شەری سارد و بە تایبەتی لە (20) سالی رابردوودا لەگەل گۆرانکاریەکانی ژئۆپۆلیتیکی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، بە رێژەیەکی زۆر بەهێزتر بوو.هەرچەندە بەشەکی گەورەی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا بە درێژایی (30) سال سەرقالی کونترول کردن و پەراوێزخستنی ئێران بووە بەڵام سەرەرای ئەو سیاسەتانە ئێران توانیوە هێز و دەسەڵاتی خۆی لە بوارەکانی جوراوجور گەشە پێبدات. سەرجەمی هەلۆمەرجەکان بە تایبەتی قەیرانەکانی بەردەم دەولەتی ئەمریکا لە ئاستەکانی ناوخۆیی و نێودەولەتی، ئەو وڵاتەی ناچار کردووە کە هەنگاو لەو رێگایە بێنێت کە بە مەبەستی چارەسەری هەندی لە گرفتەکان لەگەل ئێران دانوساندن بکات. کە ئەم چەندە ئاماژە بەوە دەدات کەوا ئەمریکا بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو، گۆران لە ئیستراتیژیەکانی خۆی دروست بکات نەك لە تاکتییکەکان و لە دوای سی سال پچرانی پەیوەندی نێوان ئەمریکا و ئێران، سەرۆك کۆماری ئەمریکا باس لە دانوساندی راستەوخۆ، لەسەر بنەمای رێزگرتنی دوولایەنە لەگەل ئێران بکات و لە بەرامبەردا ئێران هەول دەدات بۆ وەلامدانەوە و رووبەروبونەوە لەگەل هەڵویستەکانی نۆی ئەمریکا و گونجاو لەگەل هەلۆمەرجەکانی نۆی نێودەولەتی، پارێزراوتر هەڵسووکەوت بکات. نسکۆهێنانی جورج بوش لە بەشێك لە سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچە، زەمینە بۆ سەرکەوتنی ئێران فەراهەم کرد و رۆل و کاریگەری ئێران بە رادەیەکی زۆر بەرز کردەوە و ئەم کاریگەریە لە لایەن خودی سوکاندارانی ئەمریکا نکۆڵی لی ناکرێت. هەردوو لە ئەمریکا و ئێران دوای سالەکانی نەبوونی پەیوەندی دیپلوماتیك، هەولی خویان خستووتە گەر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنیان لە سیستەمی بریاردان و سیاسەتگوزاری یەکتر و دواتر هەلسەنگاندنی ئەگەرەکانی دانوساندن و دروستکردنی پەیوەندی لەسەر بابەتەکانی «کەلان و نەتەوەیی» خۆیان و کونترول و بەرێوەبردنی لوژیکی ئەم هاوکێشەیە تا ئەو خالە کە دەتوانن بۆ دەستپێك لەسەر خالە هاوبەشەکان رێك بکەوون. زۆربەی چاودێرانی نێودەولەتی ئەم هەلە رەخساوە بە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ئێران و ئەمریکا لە قەلەم دەدەن لە بۆ چارەسەری ناکوکییەکان. وەك دیارە، گفتوگوکانی نێوان ئێران و ئەمریکا و دروستبوونی پەیوەندی لەم بارودۆخە نۆیەدا پێویستی بە تێپەربوون لە قوناغەکانی ئالۆزی تێکنەگەیشتن لە یەکترە و ئەمەش زەمینەخوشکەرە بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەسەر بنچینەی تێگەشتنی قول لە سیاسەت و دیپلوماسی یەکتر لە ئاستی نێودەولەتیدا بەڵام ئەمە وا بە ئاسانی رێك ناکەوێت کە پێویستی بە سازدانی چەندین دانوساندنی ناراستەوخۆیە چونکە خالە ناکوکییەکان زۆر ریشەیی و مێژووین.لە کوتایشدا، ئاستی سەرکەوتنی هەریەك لەو دوولایەنە لە پێشڤەبردنی دانوساندنەکان، گرێدراوە بە ئاستی توانایی و شارەزایی ئەو کەسانەی کە ئەرکی دانوساندنیان پیێ دەسپاردرێت کە بە دڵنیایی ئیستا هەردوو دەولەت سەرقاڵی ئەم چەندەن کە زۆر بە ووردی لێکولینەوە و توێژینەوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەسان بکەن. بەڵام ئەوەی بە نیسبەت ئێمەی کورد گرنگ و جێگەی بایەخ پێدانە، لێکولینەوە لەسەر ئەمەی ئاخو ئاسایی بوونی ئەو پەیوەندیانە لە بەرژەوەندی گەلی کوردە یان نە؟ ئەگەر یەکێك لەو مەرجانەی ئێران ئاراستەی ئەمریکا دەکات بۆ دەستبەرداربوون لە گەشەپێدانی بەرنامەکانی ناوەکی خۆی، رێگەگرتن بیت لەوەی کە نابیت کوردستان ببیتە خاوەن کیانێکی سەربەخۆ، لە وەڵامی ئەم داواکاریە، ئەمریکا چ هەڵوێستێك دەبیت و ئێمەی کورد لە کۆی ئەو هاوکێشەیە خۆمان دەبینینیەوە.

# بارودۆخی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٨دا




لەراپۆرتــی پرۆگرامی میدیای ئازاد ســەر بە ئەنســتتیوتی کوردســتان بۆ مافەکانی مرۆڤ رەوشــی رۆژنامەنووســی لە هەرێمی کوردستان لەماوەی ســاڵی 2008 داپیشان دەدات ، لەم ڕاپۆرتەدا بەوردی ئاماژە بەواقیعی ڕۆژنامەنوسانی کوردســتان کراوە ، تیشــك خراوەتەســەر ئەو پێشــێلكاریانەی کەلــەو ســاڵەدا ڕووبــەڕووی ڕۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستان بۆتەوە ،لەبەر گرنگی ڕاپۆرتەکە بەپێویســتمان زانی بەکورتی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە بۆ خوێنەران بخەینە ڕوو . لەســەرەتای ڕاپۆرتەکــەدا ئاماژە بــەوە کراوە کە «رەوشــی ئازادای رادەربریــن و مافەکانی رۆژنامەنووســان یەکێکــە لەگرنگتریــن کەناڵەکانی چاودێری رەوشــی مافەکانی مرۆڤ و هەڵســەنگاندنی، ئــەو رۆژنامەنووســانەی مافەکانیان پێشــێلکراوە و پێشێلکاریەکانیشیان لێــرەدا تۆمار کراوە هەم لەدەزگای حیزبیەکان و هەم لەدەزگا ســەربەخۆ و ئەهلیەکان کاردەکەن. لەم تۆمارکردنەشدا ســەرچاوەی پێشلێکردنەکە هەر لایەنێك بێت و ئەو لایەنەش کە پێشــێلکاری دژ کراوە هەرکەســێك بێت و هەڵگری هەر بیرو بــاوەر و ئینتمایەکــی سیاســی و ئایدیۆلۆژی بوبێــت بەلامانەوە گرنگ نەبوە و تەنها پێوەرێك




کەلای ئێمە بەکارهاتوە پیشەی رۆژنامەنووسی و پەیوەست بوونی پێشێلکاریەکە بەپیشەکەیەوە بووە.

ئێمە لە پرۆگرامی میدیای ئازاد لە ئەنستتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ بەتوندی ئیدانەی ئەو پێشێلکاریانە دەکەین و داواکارین کە سنورێك بۆ دەستدرێژیکردن بۆ سەر رۆژنامەنووسان دابنرێت لەهەرێمی کوردستان . لەهەمانکاتدا داواکارین کە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان زانیاری و پێشێلکاریەکانی ناو ئەم راپۆرتە بەهەند وەربگرێت . بەڵکو بەپێویستی دەزانین کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدواچوون بۆ ئەم پێشێلکاریانە بکەن چونکە پاراستنی ماف و ئازادی رۆژنامەنووسان لەئەستۆی ئەواندایە .

هەروەها ئاماژەبەوە دراوەکە« لەماوەی سالّی 2008 دا رەوشی رۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە رووی چۆنایەتی و چەندایەتیەوە لەبەرەو پێشچوونی بەردەوامدا بوو بەڵام لەهەمانکاتیشدا چەندەها پێشێلکاری جۆراوجۆری بەخۆوە بینی .یەکێك لەدەستکەوتە گرنگەکان قبوڵکردنی ( یاسای کاری رۆژنامەنوسی ) بوو بەشێوەیەك کە تارڕادەیەکی گونجاو هاوکۆکە لەگەڵ ستاندەرە جیهانیەکانی ماف و ئازادیەکانی رۆژنامەنووسان . کە دوای فشارێ کی زۆی رۆژنامەنوسان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان پەرلەمانی کوردستان لەبەرواى 22/9/2008 پرۆژەیاسا کەی بەهەموارکراوی پەسەند کرد ، ئەو پرۆژە یاسایە بۆ یەکەم جار لەبەراواری 11/12/2007 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا , بێ لەبەرچاو گرتنی ماف و ئازادیەکانی رۆژنامەنووسان ، ئەم پەسەند کردنە بووە هۆی نارِەزای لەلایەن بەشێکی زۆر لە رۆژنامونووس و دەزگاکانی راگەیاندن و رێکخراوە ناوخۆیی و نێو دەوڵەتیەکان . دواجار لەژێر ئەو فشارە زۆرەدا یاسایەکە بەشێوەی ئێستا هەموار کرا و پەسندکرا.

هەر لەماوەی سالّی 2008 دا لەهەرێمی کوردستان چەندەها رۆژنامە و گۆڤار و سایت و رادیۆ هاتنە کایەوە سەرەرای ئەوەی چەندەها کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و ئاسمانی دەستیان بەکارکرد ....

بەڵام ئەمانە رێگرنەبوون لەپێشێلکاری و بەڵکو لە دەڤەرە جیاجیاکانی هەرێم چەندەها پێشێلکاری دژ بەرۆژنامەنووسان ئەنجامدرا هەر لە کوشتن و گرتن و دەرکردن و تۆقاندنەوە تادەگاتە لێدان و لێستاندنی کەل و پەلەکاری کار و سوکایەتیپێکردن .

ئەم راپۆتە دابەش کراوە بۆحەوت بەش کەئێمەلیرەدا هەوڵدەدەین زۆر بەکورتی هیمابۆ بەشەجیاجیاکانی راپۆرتەبکەین

یەکەم : کوشتن و تیرۆرکردن : لەم بەشەدا ئاماژە بەوەدراوە کە لەماوەی سالّی 2008دا پێنج رۆژنامەنوس لەهەریەك لەپاریزگای سلیمانی وهەلێرو دەهۆك وکەرکوك کوژراون.

دووەم : لێدان و زامدارکردن : بەپێی ئەو زانیاریانەی لە راپۆرتەکەدا هاتوە لەماوەیسالّی رابردوودا سێ رۆژنامەنوس لەلایەن چەند سەرچاوەیەکەوە لێیان دراوە ،یاخود زامدار کراون .

سێهەم :خۆکوشتن لەم بەشەدا هیما بۆ خۆکوشتنی سێ رۆژنامەنوس کراوە کەدوو لەو رۆژنامەنوسانە لەپاریزگای سلێمانی بوون و لەرِەگەزی مێن ، رۆژنامەنوسەکەی تر دانیشتوی شاری هەولێربووەکوربوە

چوارەم:هە رەشەلێکردن و سوکایەتی کردن بە رۆژنامەنوسان : ئەم بەشە درێژترین بەشی راپۆرتەکە پێك دەهێنێت ، تیایدا ئاماژەبەوەدراوە کە سی رۆژنامەنوس بەشێوەی جۆراو جۆر هەرِەشەیان لیکراوە ، یاخود لەلایەن کەسانی جیاجیا بەایبەتیش بەرپرسان سوکایەتیان پێکراوە .

پێنجەم : سکاڵا لەسەر تۆمار کردن و راپێچکردن بەرەو دادگاکان : ئەم بەشەش تەرخان کراوە بۆ ئەو رۆژنامەنوسانەی کەبەهۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری لەکەناڵە جیاجیاکانی میدیا سکاڵایان لەسەر تۆمار کراوە ، یاخود بەم هۆیەوە راپێچی دادگاکراون ، کەکۆی ئەو کەسانەی سکاڵایان لەسەر تۆمار کراوە، یاخود دادگایی کراون ژمارەیان سێزدە رۆژنامەنوسە .

شەشەم : دەستگیرکردن و زیندانی کردن: ئەم بەشەش تایبەتە بە ئەو رۆژنامەنوسانەی کە دەستگیر کراون بەهۆی کاری رۆژنامەنوسی یەوە ، یان زیندانی کراون ، کەکۆی ژماریان هەژدە رۆژنامەنوسە .

بەشی حەوتەم تەرخان کراوە بەرووداوی دەرکردنی رۆژنامەنوسان بەهۆی بڵاوکردنەوەی بابەتی رۆژنامەنوسی ، کەژمارەی رۆژنامەنوسە لەسەر کار دەکراوەکان سێ رۆژنامەنوسە ، کەزیاتر ئەو رۆژنامەنوسانەبوون کە لەکەناڵە حزبیەکاندا ئیشان کردوە .

# لەناو توێژی لاوان کێ نیازیەتی خۆی بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان کاندید بکات؟



سابیر حسێن

بێگومان بەهای تەبەنی کردنی ئەم بڕیارە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و دواتر لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە سەرووی ئەو کارو هەنگاوە پۆزەتیڤانەوە دێ کە هەنگاویان بۆ هاوێژراوە......هاوکات بە دیوەکەی تری چەسپاندنی مافی خۆ پاڵاوتنی گەنجان لە تەمەنی (25) ساڵیەوە ئاماژەیەکی ئاشکرایە بە نوێبوونەوەی هەیکەلی پەرلەمان کە پێشتریش حکومەت ئەم تەجروبەی بە سەرکەوتوویی بە ڕێ خست و پڕوپاگەندەی بۆ گەنج بوونەوەی حکومەت کرد......مەبەست لە وروژاندنی ئەم خاڵەش فەرامۆشکردنی ڕۆڵی عەگیدانەی ئەندامانی تری پەرلەمان نیە بەقەد ئەوەی لەبارکردنی کەشی پراکتیکیە بۆ هزری نوێ گەنجان......دواتر هەردەبێ بگە ڕێتەوە سەر ئەزموونی دەوڵەمەندی خودان تەمەندارەکان و ڕێنمایی لەوان وەربگرین و بە ڕێزەوە گوێڕرایەلیان بکەین.....کەواتە لەم ستایش کردنەی تەبەنی کردنی بڕیارەکە مەبەستمان فەرزکردنی چەمکی (ململانێی نەوەکان) نیە....گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەمە سیناتۆرەکانی ئەمریکا تا ئێستا خاوەن بڕیاری ستراتیژی و هەڵسوڕێنەری سیاسەتی ئەمریکایان لە ئەستۆدایە.....هەروەها سەربازە دێرینەکان بەر لەهەر جموجۆڵێکی سەربازی لە ئەمریکا ڕاوێژیان لەگەڵ دەکرێ و تێڕوانین و بۆچوونەکانیان بە هەند وەردەگیرێت......کەواتە پێویستە ئەم میتۆدە لە جۆری مامەڵەکردن لەلای ئێمەشدا مایەی هەڵوەستە لەسەرکردن بێت و بە هەند وەربگیرێت.....ئێستا قسەمان لەسەر ئەوەیە کە کێ شایەنی ئەوەیە لە پێکهاتەی نوێی پەرلەمانی کوردستاندا خۆی کاندید بکات..... بێگومان بەر لەهەر شتێك دەبێ سوود لە (ڕاست و هەڵەکانی) ئەزموونی پێش خۆمان وەربگرین و ئەوەش لە ئەولەویەتی کارەکانی خۆمان دابنێین کە پەرلەمانی بەواتای دەنگی خەڵکی ڕەشۆك و دەوڵەمەند و بەرز و نەوی و.......

دواتر ئەو سیحرەش لەسەر خۆمان بەتاڵ بکەینەوە کە پەرلەمان پۆستێکی تەشریفیە چونکە تەعامول کردن بەم عەقلیەتی تەشریفیە بەردەوام ئاستەنگ و تەگەرە دەخاتە بەردەم ئەکتیڤیەتی پەرلەمان و پەرلەمانێکی خەمسارد و تەمبەڵی لێ دروست دەبێت بە جۆرێك ڕەخنەکانی پێشووتری سەر پەرلەمان لەسەر پێکهاتەی پەرلەمانی نوێش دووبارە بێتەوە......ئەمەش لە خۆیدا ئەرکی سەرەکی حیزبەکانە بە تایبەتی ئەوانەی خودان پێگەی جەماوەری بەهێزن پێویستە لەسەریان ئەگەر بەجیدی خەمخۆری سەرسەختی حکومەت و پەرلەمانن و بۆ هێنانەدی ئاوات و هیوای سەدان هەزار شەهید و ئەنفال تێدەکۆشن و بەرژەوەندی گشتی لەبەر چاو دەگرن..... دەبێت لەکاتی کاندید کردنی پاڵێوراوەکانیان خۆیان لەمەحسوبیەت و عەشیرەت گەری و بنەماڵە پەرستی خاترو ختور بە دوور بگرن و ئەکتیڤترین و وشیارترین کەس لە ئەندامانیان هەڵبژێرن ئەو گەنجانە دیاری بکەن کە بە فیعلی توانای گەیاندنی ئەو پەیامە پیرۆزەن و خودان سەلیقە و هزر و فیکری سیاسی و دبلۆماتین و عەقل و چاو کراوە و دنیا دیدەن.......پێویستە ئەو گەنجانەی بۆ وەرگرتنی ئەم پۆستە تەرخان دەکرێن جیاواز بن لە هاوشێوەکانی خۆیان و خودان بڕوانامەی بەرز و ناودەنگ و بەهای بەرزی مۆرالیان تێدابێت.....هەرهیچ نەبێ شارەزایەکی باشیان لە زمانی (کوردی و تورکی و عەرەبی) هەبێ کە هەرسێ نەتەوەیی سەرەکی پێکهاتەی عێراقین......هاوکات مامەڵەیەکی چاکیان لەگەڵ زمانی سەردەم (کۆمپیوتەر + ئینتەرنێت) دا هەبێت و خودان باکگراوندێکی ڕۆشنبیری گشتی بن و لەناو جەرگەی کۆمەڵگا و ئێش و ئازار و موعاناتەکانی

کۆمەڵگای کوردی هەڵقولاٌبن تاوەکو بە ئاسانی (ئەنتی ڤایرۆس) بۆ میکرۆب و نەخۆشیەکان دیاری بکەن و چارەسەری گونجاو و خێرای بۆ بدۆزنەوە......بێگومان ئەگەر ئەم زەمینە سازیە نەکرێتە مەرج و هەروا هەرەمەکیانە کاندیدەکان دیاری بکرێ....ئەوکات پێشبینیەکان پێچەوانە هەڵدەگە ڕێتەوە و پەرلەمانێکی نەخۆش و ئیفلیجی لێ دەردەچێ.....بۆیە ئەرکێکی نەتەوەییە کە هەموومان لە ڕاست خۆمانەوە هاوکاربین لەگەڵ دەسەڵات بۆ هەڵبژاردن و کاندید کردنی ئەو گەنجانەی کە بە فیعلی شایەنی وەرگرتنی ئەو پۆستن...... لە کۆتایشدا نابێ ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش فەرامۆش بکەین کە داینەمۆی بەرهەم هێنانی ئەو گەنجانەن و جولێنەری چەسپاندنی ئەو بڕیارەشن کە ئەمڕۆ هەموومان بە چاوی ئومێدەوە تەماشای دەکەین

- * - * - * - * - * - * - * - * - *